





سیاسەت

"دەرنەکەوتنم لەراگەیاندن زیانێکی زۆری پێگەیاندم" 8



کۆمەڵایەتی

"دادگاکان بە یاسای سەردەمی بەعس کار دەکەن" 24



وەرزش

"مارتا" هەر لە پێشەوەیە 43



تەندروستی

حەبی دژە سکپڕی (مەنع) 46



کەلتوور

لە یادی دەنگێکی دڵکێش دا 61



**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**راوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ رەشید

**راوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**راوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**نوسینگەکان**

**کەرکووک:** سەماح سەمەد

**سلێمانی:** ئازیز مەحمود

**دهۆک:** هەڵز عەلی

دابەشکردن: خانەی سەهەند

**بەڕێوەبەری کارگێری**

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

**Designed by** - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com


www.netewe.com




2010
January 1. 2010







# پیاوانی ئێران دەتوانن لە ١٠ حاڵەتدا ژنی دووهەم بهێنن



پەرلەمانی ئێران، پڕۆژەیاسایەکی پەسەند کردووە کە لە ١٠ حاڵەتدا ڕێگە بە پیاو دەدات بۆ جاری دووهەم ژن بهێنن.

بە پێی هەواڵێک سایتی "ئیسنای ئێران، "ئەمین حوسێن ڕەحیمی" گوتەبێژی لێژنەی دادوەری و مافی پەرلەمانی ئێران لەمبارەیەوە گوتوویەتی: "بە پێی ماددەی٢٣ی پڕۆژە یاسای پشتیوانی کردن لە خانەوادە، ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەم، بەجێ نەگەیاندنی ئەرکەکانی هاوسەری، بەگوێ نەکردنی ئافرەت بە پیاوەکە و ئەگەر بێت و ژن تووشی شێتی یان نەخۆشییەکی سەخت ببێت، چەند حاڵەتێکن کە پیاو دەتوانێت جارێکی تر هاوسەرگیری بکات."

ئەمین حوسێن، هەروەها گوتی: ئەگەر بێت و ئافرەتێک تاوانێک ئەنجام بدات و سزایەکەی بگاتە ساڵێک، پیاو دەتوانێت داوای ئەوە بکات کە دووبارە ژن بێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر سزای ماددی بەسەر ئافرەتەکەدا بسەپێت و ئافرەتەکە نەتوانێت ئەم بڕە پارەیە بدات و بە هۆی ساڵێک بچێتە زیندانەوە، دیسان ئەم یاسایە پیاوەکە دەگرێتەوە." گوتەبێژی لێژنەی دادوەری و مافی پەرلەمانی ئێران زیاتر ڕوونی کردەووە بە پێی بڕگەی ٧ی ماددەی ٢٣ی پڕۆژە یاسای پشتیوانیکردن لە خانەوادە، ئەگەر ئافرەت ڕەفتاری خراپی هەبێت بە شێوەیەک کە درێژەدان بە ژیان لەگەڵی ئەستەم بێت، پیاوەکە دەتوانێت داوای ژنی دووهەم بکات.

ڕەحیمی گوتی: بە پێی بڕگەی٨ی ئەم ماددەیە، ئەگەر ئافرەت زیاتر لە ٦ مانگ ماڵ بەجێ بهێڵێت، پیاو دەتوانێت ژنی دووهەم بێنێت.

ئەو دەڵێت: بە پێی بڕگەی٩ی مادەی٢٣، منداڵ نەبوونی ژن، یەکێک لە حاڵەتەکانە." محەممەد ئەمین ڕەحیمی گوتی: جێ هێشتنی ماڵەوە لە لایەن ئافرەت، جیاوازە و ڕۆیشتنی ژن بۆ ماڵی باوکی یان خزمەکانی ئەم یاسایە ناگرێتەوە، بەڵکو بە مەرجێک پیاو دەتوانێت داوای هاوسەرگیریی دووبارە بکات کە ژنەکەی دیار نەبێت.

# ٢٨ قەوارەی سیاسی لە کەرکووک بەشداری هەڵبژاردن دەکەن




٢٨ قەوارەی سیاسی لە کەرکوک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن تۆمارکردوە و تائێستاش کۆمسیۆن رەزامەندی لەسەر لیستی کاندیدەکان دەرنەبڕیوە.

نوسینگەی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرای کرد کە ٢٨ قەوارەی سیاسی لە پارێزگای کەرکووک ناویان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق تۆمارکردوە کە لە نێویاندا دوو قەوارەیان بە تەنیا بەشدارییان کردوە. هەروەها ئەونووسینگەیە ئاشکرای کرد کە بەگوێرەی ئامارەکانی بەردەستیان ژمارەی دەنگدەرانی پارێزگای کەرکووک ٧٦٤ هەزار و ١٧٩ کەسە.

# لە سلێمانی ١٩ هەزار منداڵ لەدایکبوونە



ژمارەی لەدایکبون لەنێو شاری سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ گەیشتە ١٤١١٥ منداڵ و رێژەی لەدایکبونیش لە هەمان ساڵدا بەبەراورد لەگەڵ ١٠ ساڵی رابردوو زۆرترین ژمارەی تۆمار کرد .

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی نەخۆشخانەی منداڵبونی شاری سلێمانی، ژمارەی لەدایکبون لەساڵی ٢٠٠٩دا بەرزترین ئاستی تۆمارکردوە، ئەویش بە لە دایکبونی ١٤١١٥ منداڵ کە ٧١٤٩ یان کوڕ و ٦٩٦٥ منالّیان کچە، بەگشتیش لەسنوری پارێزگای سلێمانی بە شارۆچکەو شارەدێیەکانەوە ١٩٩٣١ منداڵ لەدایکبون و بە تێکڕاش لە رۆژێکدا ٢٨ منداڵ لە ناو شاری سلێمانی لە دایکبون.

# ٥ قەوارەی سیاسی هەرێم بەشداری هەڵبژاردنەکان دەین

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق، بڕیاریدا٣٥ هەزار چاودێر دابمەزرێنێت.

سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان "عەلی قادر" ئەوەدەخاتەڕوو کە بە مەبەستی چاودێریکردنی هەڵبژاردن، نزیکەی ١٠٠ هەزار کەس داواکارییان پێشکەش کردبوو، بەڵام ئێمە تەنیا پێویستمان بە ٣٥ هەزار کەس هەیە. لەمبارەیەوە سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان "فەرەج حەیدەری" رایگەیاند کە ٥ قەوارەی سیاسی لە هەڵبژاردن نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن. لەوانە لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە هەر یەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەرۆکایەتی دەکات و چەند لایەنێکی سیاسی دیکە لەم هاوپەیمانیەدا بەشدارن، هەروەها یەکگرتووی ئیسلامی،کۆمەڵی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامی، لیستی گۆڕان ناویان تۆمار کردووە.

# ٥٩ هەزار کەس لە پارێزگای هەولێر لەدەنگدانی تایبەتدا بەشدار دەبن

بەرپرسی ئۆفیسیی پارێزگای هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق،ڕۆژی شەممە،ڕایگەیاند لە سنوری پارێزگاکەدا ٥٩هەزار دەنگدەر لەکارمەندانی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو نەخۆشو بەندکراوەکان لەڕۆژی دەنگدانی تایبەتدا دەنگ دەدەن. هەندرێن محەمەد ڕاگەیاند کە لەسنوری پارێزگای هەولێر ٥٩هەزار کەس لە کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگەو بەندکراوانو نەخۆش، لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت لە ٥٦ بنکەی دەنگداندا دەنگ دەدەن. گوتیشی بە پێی ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنی باڵا دوو ڕۆژ بەر لە وادەی هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ پەرلەمانی عێراق پرۆسەی دەنگدانی تایبەت بە کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە دەستنیشان کراوە. بڕیاروایە لە ڕۆژی حەوتی ئاداری داهاتوودا پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەسەرتاسەری عێراقدا بەڕێوەبچێت.

# حکوومەتی ئێران هەڕەشە لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکات

دەسەڵاتدارانی ئێران سەرکردەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆنیان بەوە تۆمەتبار کرد کە پەیوەندییان لەگەڵ دوژمنانی ئێراندا هەیە و هەروەها هۆشداری ئەوەشیاندا کە بەبێ بەزەیی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەگەر ڕێڕەوی خۆیان نەگۆڕن. وەزارەتی هەواڵگری ئێران ڕایگەیاند کە دەسەڵاتداران لە هیچ خۆپیشاندەرێک خۆش نابن و داواشی لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن کرد کە بە پەلە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دوژمنانی بیانی ببچڕن، ئەگەر نا، بە شێوەیەک توند و بێ ڕەحم ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

# خوێناویترین ساڵ بۆ ڕۆژنامەوانان



یەکێتیی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان لە "بروکسل" ڕایگەیاند، لە ساڵی٢٠٠٩، کوژرانی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، ٢٦٪ زیادی کردووە.

یەکێتیی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان ئاشکرای کرد کە لەساڵی ٢٠٠٩، ١١٣ڕۆژنامەوان بە ئەنقەست کوژراون و ٢٤ ڕۆژنامەوانیش لە کاتی ئامادە کردنی هەواڵ بە هۆی هەندێک ڕووداوی جیاجیا، گیانیان لەدەست داوە. "جیم پامێلا" سەرۆکی ئەم یەکێتییە گوتی: ڕێژەی کوژراوانی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی٢٠٠٩، سەرسوڕهێنەرە. یەکێتیی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان هەروەها ڕاگەیاند: "٣١کەس لە فیلیپین کوژران. ١٣ڕۆژنامەوانیش لە مەکسیک. ٣کەس لە سومال. ٧ڕۆژنامەوان لە پاکستان و ٦ڕۆژنامەوانیش لە کاتی ئامادە کردنی هەواڵ لە ڕوسیا گیانی خۆیان لەدەست داوە.

# خانمانی یەکەمی رۆژهەڵاتی ناڤین

# لە هاوسەری ئەحمەدینەژادەوە بـ



شاژنە رانیا



ئەعزەم ئەلسادات فەراحی

نێودەوڵەتی

ساڵانێکی زۆرە گۆڕەپانی سیاسی تەنیا بەجیهانێکی پیاوانە دانــراوەو ژنـان، مافی ئەوەیان نەبووە کە چەند هەنگاوێکیش لێی نزیک ببنەوە. بەشداری ژن لەوتووێژی سیاسی پیاواندا زۆرکەمە. بەڵام ئەوانەی کە مێژوویان خوێندووەتەوە بەباشی ئاگادارن کە لەگەڵ ئەوەی ژنان مافی نزیکبوونەوەیان بەجیهانی سیاسی نەبووە، بـەڵام ژنانێکیش هەبوون کە بە روونی دەتوانرێت شوێنپێیان لەبڕیارە هەستیار و مێژووییەکاندا بدۆزرێتەوە.

بۆ نموونە، بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە خۆشەویستەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی لەسووتاندنی ”کۆشکی جەمشید“ دا هاندەری سەرەکی بووە. یان ماری ئەنتوانت، شاژنی بەناوبانگی فەرەنسی کە کاریگەرییەکی نەرێنی فراوانی لەسەر لیوسی چواردەهەم کردووە. مێژوونووسان ئەنتوانت، بەیەکێک لەهۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا دەزانن. جیهانی ئەمڕۆی سیاسەت لانیکەم لەبواری ئامادەبوونی ژنان لەم گۆڕەپانە پیاوانەیەدا لەگەڵ سەدەو ساڵانی دیکە جیاوازییەکی فراوانی بەخۆیەوە بینیوە. میشێل ئۆباما، لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیدا، لەچەندین بواردا بەجێی ئەو قسەی دەکردو لەکۆتاییشدا وەک یەکەم خانمی رەشپێستی ئەمریکا پێینایە نێو کۆشکی سپییەوە.

شاژنە دایانا، هاوسەری پێشووی شای بەریتانیا چارلز، سیمایەکی نێونەتەوەیی بەخۆیەوە دەبینێت، بەرادەیەک خۆشەویست بوو کە بۆنەی بەخاکسپاردنەکەی بووە پڕبینەرترین پرۆگرامی تەلەفزیۆنەکان و شێوازی مردنەکەی هەموو جیهانی هەژاند. لەم نێوانەشدا ئەو پرسیارە دروستدەبێت کە ئایا خانمانی یەکەمی وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان و بەتایبەتیش رۆژهەڵاتی ناڤین لەکوێی جیهانی سیاسەتدا وەستـاون؟ ئـەم بەشەی جیهان هەمیشە شوێنی هەواڵ و رووداو بووەو ئێستاش زیاتر لەرابردوو سەرنجی وڵاتانی دیکە بەلای خۆیدا رادەکێشێت.

www.nefewe.com




# ـــــۆ شاژنی ئوردن



وێنەیەک لەشاژنە دایانا لەساڵی١٩٩٥. دایانا یەکێک لەئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی بەریتانیا بوو.

ئێستا باس لەژنانێک دەکەین کە لەپشتی پیاوەکانیانەوە وەستاون و لەهەندێک رووداودا نەبێت کەمتر باسیان لێوە دەکرێت. خانمانی یەکەمی رۆژهەڵاتی هەندێکیان وەها بوون کە بەتەواوەتی کەوتوونەتە ژێر سێبەری هاوسەرەکانیانەوەو هەندێکیشیان وەها سەربەخۆ بوونە کە سیمایان بۆ وڵاتانی تر لەپیاوەکانیان ناسراوترە.



(٢) هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

هێرۆ ئیبراهیم خانمێکی سادەو ئازادە،تەمەنی ٦١ ساڵە، نزیکەی ٢٩ ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری ئێستای عێراق هاوسەرگیری کردووەو تائێستا زیاتر ویستوویەتی لەژێر سێبەری هاوسەرەکەیدا بمێنێتەوە. هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، تەنیا جارێک بووەتە مانشێتی راگەیاندنەکانی جیهان. ئەویش بۆ مانگی مەی ٢٠٠٨ دەگەڕێتەوە. کاتێک کە لەرێگای بەغدا ویستیان تیرۆری بکەن. ئەوکات هاوسەری سەرۆککۆماری عێراق، بەنیازی بەشداری مەراسیمێکی فەرهەنگی لەبەغدا بوو کە بۆمبێک لەنزیک ئۆتۆمبیلەکەیەوە تەقییەوە. لەم رووداوەدا هیچ زیانێکی پێنەگەیشت، بەڵام چوار پاسەوانی بریندار بوون. تاڵەبانی، لەرێگای باوکی هێرۆ وە ناسیویەتی.



ئامینە ئەردۆغان

ناوی ئامینە لەتورکیا ناوێکی نامۆ نییەو ژنێکی زۆر هەن کە دایک و باوکانیان لەدەستپێکی لەدایکبوونیانەوە ناوی دایکی پێغەمبەری ئیسلامیان بۆ هەڵبژاردوون. بەڵام تورکیا ساڵانێک بوو کە ئامینەیەکی وەک ئامینە ئەردۆغانی بەخۆیەوە نەبینیبوو. ئامینە تەمەنی ٥٤ ساڵە. لەساڵی ١٩٧٨، لەگەڵ رەجەب تەیب ئەردۆغان هاوسەرگیری کردووە لەچک بەسەرە. ئەوەش لەوڵاتێکدا کە مێژووەکەی ناوی کەسێکی وەک ئاتاتورکی تۆمار کردووەو هەمیشەش پرسی حیجاب کێشەیەکی گەنگەشەهەڵگر بووە. ئامینە ئەردۆغان، جگە لەنیشتیمانەکەی خۆی لە زۆر وڵاتدا پێشوازی لێ دەکرێت. لەچک پۆشینی هاوسەری ئەردۆغان بۆ سەرۆککۆماری سیکۆلاری پێشووی تورکیا ئەحمەد نەجدەت سەزەر، بەرادەیەک پەسەند نەبوو کە ئامینەی بۆ هیچ ئاهەنگ و بۆنەیەک بانگهێشت نەکرد. بەدەستبەکاربوونی عەبدوڵڵا گول، وەک سەرۆککۆماری تورکیا کێشەی لەچکی ئامینەش چارەسەر بووە، چونکە خیرالنسای هاوسەری گولیش لەچک دەپۆشێت.



ئەسما ئەسەد

کاتێک کە بەشار ئەسەد، بووە سەرۆککۆماری سوریا، هاوسەرەکەی بەپانتۆڵێکی جینس و

www.netewe.com

تیشێرتەوە سەردانێکی سوریای کرد. ئەم ژنە ٣٣ ساڵەو لەدایکبووی لەندەنە. باوکی ئەسما، یەکێک لەپسپۆڕە بەناوبانگەکانی بواری نەشتەرگەری دڵە لەسوریا. ئەسما، دەرچووی بواری زانستی کۆمپیوتەر و ئەدەبی فەرەنسییە لەیەکێک لەزانکۆکانی بەریتانیا. خۆشەویستی بۆ بەشار، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ژنە خوێندەوار و جوانەی عەرەب بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی دایک و باوکی. ئەسما لەساڵی٢٠٠١دا یەکەمین رێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لەوڵاتەکەی دامەزراند.



شاژنە رانیا

بێگومان دەتوانین رانیا ئەلیاسین، وەک یەکەمین ئەستێرەی ژنانی رۆژهەڵاتی ناڤین دابنێین. ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش کە متمانەی بەخۆی هەیە، خوێندەوار و شارەزا لەزمانی ئینگلیزی کە تائێستا چەندینجار وەک میوانی تایبەت لەتیڤییە بەناوبانگەکانی ئەمریکا وەک "ئۆپەرا ڤینفری"، بەشداری کردووە. رانیا، لەرۆژی ٣١ ئۆگوستی ساڵی ١٩٧٠دا لەکوێت و لەخێزانێکی خوێندەوارو بەرەچەڵەک فەلەستینی لەدایک بووە. دەرچووی بواری بازرگانی زانکۆی ئەمریکییە لەقاهیرە. رانیا، لەتەمەنی ٢٣ ساڵیدا لەبۆنەی شامی دا لەگەڵ پادشا عەبدوڵڵا پادشای ئێستای ئوردون ئاشنا بوو کە ئەم یەکتر ناسینەیان لەدواییدا بەهاوسەرگیری گەیشتە لوتکە. رانیا، جگە لەوێبسایتێکی تاکەکەسی، لەسایتی یۆتوبدا خاوەنی لاپەڕەیەکەو تائێستا لەچەندین چالاکی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتیدا بەشداری کردووە. هەوڵدانەکانی شاژنی ئوردون بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنی عەرەب بووەتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن"موسوڵمانە توندڕەوەکانەوە" دژایەتی بکرێت.



وەفا سلێمان

کاتێک کە وەفا سلێمان، لەساڵی ١٩٧٣ لەگەڵ میشێل سلێمان، یەکتریان ناسی بەهیچ شێوەیەک لەو بڕوایەدا نەبوو کە رۆژێک لەرۆژان شوێنی خانمی یەکەمی لوبنان بگرێتەوە. چونکە لەوکاتەدا میشێل سلێمان تازە زانکۆی سەربازی تەواو کردبوو. ئەم ژنە ٥٧ ساڵەو هەر لەدەستپێکەوە هەوڵی سەربەخۆیی خۆیداوەو لەگەڵ تەواوبوونی خوێندنەکەی لەبواری کاروباری پەروەردەیی لەوەزارەتی پەروەردەی لوبنان دەستی بەکار کردووە. پاش بەرزبوونەوەی پلەی هاوسەرەکەی بۆ سەرۆکایەتی سوپای ئەو وڵاتە وازی لەکارەکانی هێناوە. بەڵام پلەی بەرزی میشێل سلێمان، نەبووە هۆی ئەوەی کە هاوسەرەکەی خۆی خانەنشین بکات. وەفا سلێمان کە خۆی دایکی ٣ منداڵە، دەستی بەچالاکی کۆمەڵایەتی لەبواری مافی منداڵ و ژن کرد.



ئامینە عەباس

هاوسەری سەرکردە فەلەستینییەکان، تەنیا لەسێبەری پیاوەکانیاندا جووڵاونەتەوە. ئەو ژنانە بەدەگمەن لەناو کۆمەڵگادا دەبینرێن و ئەو چەندجارەش کە دەبینرێن چەند هەنگاو لەپاش مێردەکانیانەوە هەنگاو هەڵدەگرن. ئامینە عەباس، هاوسەری مەحمود عەباس، سەرۆکی دامەزراوەی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین لەم ژنانەیە. ئەو بەتەواوەتی نموونەیەکی پێچەوانەی هاوسەری یاسر عەرەفاتە. هاوسەری عەرەفات لەبەر گرنگیدان بەژیانێکی لوکس و سەفەرە دەرەکییەکان سیمایەکی ناسراو بوو بۆ میدیا بیانییەکان. ئامینە عەباس، ژنێکە کە وردەکاری زیاتری لەبارەوە نازانرێت. لەکاتی دەستبەکاربوونی مەحمود عەباسەوە تەنیا چەند وێنە لەهاوسەرەکەی بڵاوبووەتەوە کە لەوێنەکاندا ژنێکی لەچک پۆشە. ئامینە، هەرگیز لەسەردانە دەرەکییەکاندا هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا نەکردووە. دوایین دەرکەوتنی ئامینە بۆ مانگی نۆڤەمبەری ساڵی رابردوو دەگەڕێتەوە کە خانمانی یەکەمی وڵاتانی عەرەبی لەئەبوزەبی کۆبوونەوە، تا بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژن وتووێژ بکەن. لەژیاننامەی مەحمود عەباسدا هاتووە کە ئەو ٣ منداڵی هەیەو منداڵە گەورەکەی چەند ساڵ لەمەوپێش بەهۆی کێشەی دڵەوە گیانی لەدەستداوە.



ئەعزەم ئەلسادات فەراحی

دەستەواژەی خانمی یەکەم، لەزمانی سیاسی ئێراندا باو نییە. پاش شۆڕشی ئیسلامی، هاوسەرانی بەرپرسان، ژنانێک بوون کە هەمیشە وەستانیان لەسێبەری پیاوەکانیاندا بەباش زانیوەو هیچکامیان چالاکییەکی جیدیان لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا نەبووە. وێنەگەلێکی زۆر کەمیان

www.netewe.com

لێ بڵاو بووەتەوەو زانیارییەکی ڕێکوپێک لەسەر ژیانیشیان دەستناکەوێت. ئەعزەم ئەلسادات فەراحی، هاوسەری مەحمود ئەحمەدینەژادە کە تائێستا تەنیا دووجار لەگەڵ مێردەکەیدا چووەتە دەرەوەو سەردانی تورکیاو وڵاتی ئەفریقی کوموری کردووە. خانمی فەراحی، تائێستا یەکجار لەبەرامبەر ڕووداوە سیاسییەکاندا کاردانەوەی نیشان داوەو ئەویش بۆ ئەو نامەیە دەگەڕێتەوە کە ساڵی ڕابردوو بۆ سۆزان موبارەک، هاوسەری سەرۆککۆماری میسری نووسیوە. لەو نامەیەدا کە ئەعزەم، سەبارەت بەڕووداوەکانی غەزە نووسیبووی هاتبوو:"خانمی بەڕێز سۆزان موبارەک، هاوسەری سەرۆککۆماری میسر، لەرەوشێکدا کە هەمیشە هاوسەرانی سەرۆککۆمارەکان کاروباری خێرخوازی دەکەن و لەگەڵ خەڵکانی هەژارو بێنەوا هاوسۆز دەبن، چۆنە لەم کارەساتە گەورەیەدا کە هەموو نەتەوەکان خرۆشاون، بەڵام هەندێک لایەن بێدەنگیان هەڵبژاردووە؟ تۆ دەزانێت کە دەرفەتی خزمەت بەگەل و بەتایبەتیش هەژاران دیاری و نەسیبێکی خوداوەندییەو ئەگەریش ئەو دەرفەتە لەکیس بچێت، غەزەبی خودا لەدوای خۆی دێنێت".



زەینەت کەرزای

خانمی یەکەمی ئەفغانستان، ژنێکی خوێندەوارە کە لەساڵی ١٩٩٩، لەگەڵ حامید کەرزای سەرۆککۆماری ئەم وڵاتەدا هاوسەرگیری کردووە. زینەت، لەدایکبووی شاری قەندەهارەو دەرچووی کولێژی پزیشکی ژنانی زانکۆی کابولە. زینەت چەندین ساڵ لەنەخۆشخانەیەکی پاکستاندا کاری کردووە، بەڵام پاش هاوسەرگیری وازی لەکاروباری دەرەوەی ماڵ هێناوە. خانمی کەرزای لەساڵی ٢٠٠٤ و لەکاتی سەرۆکایەتی محەممەد خاتەمی، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێراندا سەردانێکی ئێرانی کردو چاوی بەهاوسەری خاتەمی کەوت و ساڵێکی دواتریش پێشوازی لەزوهرە سادقی هاوسەری خاتەمی کرد. ئەو چاوپێکەوتنە یەکێک لەو دەگمەن چاوپێکەوتنانە بوو و دەتوانین بڵێین، بۆ یەکەمینجار وێنەی زینەت لەراگەیاندنەکاندا بڵاوبووەوە. کەرزای و هاوسەرەکەی ١٦ ساڵ جیاوازی تەمەنیان هەیەو لەساڵی٢٠٠٧دا بوونە خاوەنی یەکەمین منداڵ. کوڕەکەیان ناوی میروسە. میروس ناوی یەکێک لەپادشا پێشووەکانی ئەفغانستانە.



سۆزان موبارەک

دەتوانین هاوسەری سەرۆککۆماری میسر، بەیەکێک لەو ژنانە دابنێین کە چالاکییە خێرخوازییەکانی لەسەرەوەی هەموو کارەکانیەوە داناوە. لیستی ئەو دامەزراوانەی کە لەلایەن سۆزان موبارەکەوە بەڕێوەدەچێت، یان ئەوەی کە تێیاندا بەشدارە درێژە. بۆ ئەم ژنە بەتەمەنە بەشداربوون لەپرۆگرامێکی منداڵاندا هاوڕێ لەگەڵ لارا بۆش، خانمی یەکەمی سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکاو بەبۆنەی هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوە شتێکی ئاساییە. سۆزان، لەساڵی ١٩٤١، لەدایکێکی سستەری وڵزی و باوکێکی پزیشکی میسری لەدایکبووەو لەزانکۆی ئەمریکایی قاهیرەدا زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی تەواو کردووە. دوو کوڕی هەیە کە تەنیا ئەوان بەناوی دایکە بانگی ناکەن، بەڵکو میدیاکانی میسریش بەناوی دایکە سۆزان، بانگی دەکەن.



سارا ناتانیاهو

سارا ناتانیاهو، لەگەڵ ئەوەدا کە خانمی یەکەمی ئیسرائیلە، بەڵام هاوسەرەکەی زۆرجاران پێی باشە کە لەئاهەنگ و بۆنە فەرمییەکاندا بەشداری پێ نەکات. خزمەتکار و ئەو کەسانەی کە لەماڵەکەیدا کار دەکەن باسی دیمەنی دەمەقاڵێ و ئیرەیی ژنانەو بچووککردنەوەی ژێردەستەکانی دەکەن لەلایەن ساراوە. سارا تەمەنی ٥١ ساڵە. لەخولی یەکەمی دەستبەکاربوونی ناتانیاهودا، بۆ میدیاکانی ئەو وڵاتە ڕوونبووەوە کە ناتوانرێت سارا، بخرێتە ڕیزی ئەو ژنانەوە کە بڕوا و متمانەیەکی زۆریان بەخۆیان هەیە. دەتوانین بڵێین، بنیامین ناتانیاهو، لەتەواوی هەڵمەتە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا بەتەنیا چووە ناو خەڵکەوە. لەکاتی سەردانی ناتانیاهو بۆ واشنتۆن، ڕاوێژکارانی سیاسی سارا، هەوڵێکی زۆریاندا چاوی بە میشێل ئۆباما بکەوێت، بەڵام خانمی ئۆباما، بەشداری مەراسیمێکی باڵەی لەبینینی سارا، پێ گرنگتر بوو، بۆیە نەیبینی. لەکاتی دەستپێکردنی خولی دووهەمی سەرۆککۆماری ناتانیاهو، سارا هەوڵی داوە ئەمجارەیان دیمەنێکیتر لەخۆی پیشان بدات. سارا، ئێستا هەوڵەکانی خۆی زیاتر لەهەموو شتێک لەسەر کارەکەی واتە"دەروونناسی منداڵ لەبەڕێوەبردنی شاری ئورشەلیم"دا چڕ کردووەتەوە.

www.newewe.com

## ”دەرنەکەوتنم لەراگەیاندن زیانێکی زۆری پێگەیاندم“

## نازەنین محەممەد وسوو بۆ وارڤین:

# هەر پۆستێکم بدەنێ وەریدەگرم

هەولێر

وەزیری شارەوانی کابینەی ٥ـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نازەنین محەممەد وسوو، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ وارڤیندا باسی ئەوە دەکات کە لەماوەی کارکردنیدا لەکابینەی پێشوو وەک وەزیرێکی ژن هیچ دەرفەتێکی نوێنەرایەتی حکوومەتی بۆ دەرەوەی وڵات پێنەدراوەو لەلیژنە سیاسی و یاساییەکانی، حکوومەتیشدا هیچ کاتێک بەشداری پێنەکراوە.

**وارڤین:** تۆ یەکێک لەو وەزیرانە بووی کە کەمتر لەراگەیاندنەکان دەردەکەوتی و لەوبارەیەوە گلەییشت لێ دەکرا. هۆکارەکەی چی بوو؟

**نازەنین:** لەراستیدا دەرنەکەوتنم لەراگەیاندن زیانێکی زۆری پێگەیاندم. پێویستە کەسی بەرپرس چالاکییەکانی لەراگەیاندن باس بکات. هۆکاری دەرنەکەوتنیشم تەنیا سەرقاڵی بووە. کارەکەم هەموو کاتمی گرتبوو. زۆرجاریش بڕیارمدەدا کە کات بۆ راگەیاندن دابنێم، بەڵام بەهۆی سروشت و سەختی کارەکەمەوە نەمتوانی.

**وارڤین:** لەکاتی کارکردندا جیاوازی لەنێوان تۆ و وەزیرێکی پیاودا دەکرا. هیچ گرفتت بۆ دروستبووە بەهۆی ئەوەی کە ژنی؟

**نازەنین:** لەوانەیە ئەزموونی من لەگەڵ هی ژنێکی تر جیاوازبێت. هەروەها سروشتی کاری وەزارەتەکەی منیش جیاواز بووبێت. رۆژێک لەرۆژان، هەستم بەوە نەکردووە کە لەبەرئەوەی ژنم گرفتم بۆ دروست بووبێت. یاخود ئەوانەی خوارەوە فەرمانی منیان جێبەجێ نەکردبێت. بەڵێ پۆستوەرگرتن بۆ ژن سەختە. بەڵام ئەو ژنەی دەگاتە پلەی وەزیر، جیاوازییەکانی نێوان خۆی و پیاوی نەهێشتووەو ئەو قۆناغانەی بڕیوە. تائێستاش پیاو هەیە، لای سەختە ئافرەت پۆست وەربگرێت. من بە ئەمانەتەوە دەڵێم، دەساڵ بەر لەئێستاش لەماوەی کارکردنمدا هەستم بەجیاوازی نەکردووەو شتێک نەکراوە کە لەبەرئەوەی ژنم پێی بریندار بووبم.

**وارڤین:** تۆ دەڵێی جیاوازی لەنێوان وەزیری ژن و پیاودا نەکراوە، بەڵام وەزیرە ژنەکان، لەلیژنەی بڕیاردانی سیاسی، یاسایی و داراییدا، بەشداریان پێنەکراوە. ئەی ئەوە جیاوازی نییە؟

**نازەنین:** ئەگەر لیژنە بۆ بڕیاردانی سیاسی یان یاسایی هەبووبێت، ئەوا من بەشداریم پێنەکراوەو پێموانییە، وەزیرەژنەکانی تریش بەشدارییان پێکرابێت. بەڵام هەر کاتێک لیژنەیەک پەیوەندی



نازەنین محەممەد وسوو

www.netewe.com

بەکاری وەزارەتەکەی من بووبێت بانگکراوم و لەو لێژنانەدا ئامادەبووم. ڕەنگە ئەوەش جیاوازی بێت. ئێمە هیچ کاتێک بەنوێنەری حکومەت لەکاتی سەردان بۆ دەرەوەی وڵات هەڵنەبژێردراوین و ئەو دەرفەتە، تەنیا بەپیاوەکان دراوە.

وارڤین: دوای پێکهاتنی کابینەی شەش و نەمانی ئێوە لەپۆستی وەزیری شارەوانی، پێشنیاری هیچ کارێکت بۆ هاتووە؟

نازەنین: تائێستا پێشنیاری هیچ کارێکم بۆ نەهاتووە. من پێویستم بەپشووە لەماوەی ئەو پشووەدا پلان بۆ کاری داهاتووم دادەنێم.

وارڤین: ئەگەر لەداهاتوودا پێشنیازی پرۆژەیەکت لەبواری ژناندا بۆ بێت قبوڵی دەکەی؟

نازەنین: بۆ نا، من حەزم لەخزمەتکردنە. ئەگەر خزمەتکردن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ڕەگەزەکەی خۆم بێت باشترە.

وارڤین: نازەنین، چۆن پێناسە دەکەی. حەزی لە چ خواردنێکە؟

نازەنین: مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیم، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم کردووەتە قوربانی کار. لەگەڵ ئـەوەشـدا نەمهێشتووە پەیوەندیم بپچڕێ، ناچاربووم، لەجیاتی سەردان بەتەلەفۆن لەگەڵ دەوروبەردا بم. حەزی لەخواردنی کوردەوارییەو خواردنی ئەورووپی ناخۆم. زۆر حەزم لەکفتەی سلێمانی و دۆڵمەی هەولێرە.

وارڤین: دەتوانین بڵێین لەبەر ئەوەی وەزیرێکی باشبووی هاوکات دایکێکی باشیش بووی. تاچەند توانیوتە کات بۆ منداڵەکانت تەرخان بکەی؟

نازەنین: زۆرجار منداڵەکانم و هاوسەرەکەشم گلەیی ئەوەیان لێکردووم کەزۆر سەرقاڵی کارم. جار هەبووە ماوەی دوو ڕۆژ نەمبینیوون. بەڵام لەهەمانکاتیشدا، تێگەیشتوون و هاوکارییان کردووم. دایکایەتیش ئەرکێکی گەورەو پیرۆزە. پێموایە، توانیومە دایکێکی باش بم. هیوادارم لەمەودوا ئەوەیان بۆ قەرەبوو بکەمەوە.

وارڤین: سەختترین گرفت لەماوەی کارکردنتدا چی بوو؟

نازەنین: سەختترین گرفت، نەبوون یان لاوازی سیستەمی کارکردن بوو. ئەوەش زۆر ماندووی کردم. کە سیستەم نەبوو کار بۆ کەسێک دەکرێ و بۆ ئەویتر ناکرێت. پێویستە ئاماژە بەوەبکەم، ئێمە لەقۆناغێکی هەستیاردا بەرپرسیارێتیمان وەرگـــرت. ئـاسـایـش سـەقـامـگـیـر نـەبـوو. دەبابەکانی "حکومەتی بەعس" چەند کیلۆمەترێک لەئێمەوە دوور بوو. شەڕی ناوخۆ لەسەر شێوازی کارکردن کاریگەربوو. ئێمە وڵاتێکین لەهەموو ڕوویەکەوە نوێین و تازە بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێین. من ئاسوودەم کە توانیومە، بناغەیەک بۆ سیستەمی بەدەزگاییکردن لەوەزارەتی شارەوانیدا بنێم، هیوادارم لەداهاتووشدا ئەو سیستەمە جێگیر بێت.

وارڤین: لەوەزارەتی شارەوانی پۆستە باڵاکان چۆن دابەشکرابوو، بۆ نموونە بەڕێوەبەری گشتی بە ژن درابوو؟

نازەنین: لـەوەزارەتـی شـارەوانـی، راوێـژکـارو بەڕێوەبەری گشتی ژن هەن. بەڵام ژمارەیان کەمەو وەکو پێویست نەبوون. کاری زۆرم بۆ کردوو، هانی ژنم داوە هەوڵی گەیشتن بەپۆست و شوێنی بڕیار بدەن. هەمیشە ئامۆژگاریم بۆ ژنان ئەوەبووە کە هیچ کاتێک پیاوێک خۆی نایەت مافت بداتێ و پێویستە خۆت هەوڵبدەی. هەمیشە کێبرکێت لەگەڵ پیاودا با بە کار بێت. جار هەبووە ئافرەت گوتویەتی، منداڵ و مێردم هەیە با کاتژمێرێک زووتر بڕۆمەوە، پێمگوتووە، پێداویستییەکانت بۆ جێبەجێدەکەم، بارودۆخی ماڵت باش بکە، بەڵام داوا مەکە لەو پیاوەی هاوکارتە زووتر بڕۆیتەوە، چونکە لەوانەیە سبەی دەرفەتێک هەبێت پیاوەکە پێتبڵێ، تۆ کاتژمێرێک بەر لەمن ڕۆیشتوویتەوەو مافی منە پۆست وەربگرم. ئەوکات بەڵێ مافی پیاوەکە دەبێت.

وارڤین: زۆرجار دەگوترێت بۆ ئەوەی ژنێک بگاتە پۆستێک پێویستی بەشەڕە. تۆ ئەو قۆناغانەت چۆن بڕیوە؟

نازەنین: ئەو شەڕەی تۆ باسی دەکەی بەهێمنی دەکرێت. پێویستە بەر لەهەر کەسێک ئەو شەڕە لەگەڵ خودی خۆتدا بکەی. ئەوە جۆرێک لەخۆئامادەکردنیشی پێدەگوترێت. هەموو گۆڕەپانێک کەسی خۆی هەیە. ئـەو شەڕە بەکاری زۆرو جدییەت و دڵسۆزی دەکرێت. دیسان جەخت لەسەر وردبینی ژن لەکارکردندا دەکەمەوە. چونکە لای من دڵسۆزی و جدییەت پرەنسیپی سەرەکی کارکردنن. بەکار دەتوانی ڕووبەڕووی ڕکابەرەکانت ببیتەوە. پۆستوەرگرتن گرنگ نییە. سەرکەوتن گرنگە.

وارڤـیـن: تاچەند لـەئـەدای کارکردنی خۆت ڕازیت؟

نـازەنـیـن: نـامـەوێ هەڵسەنگاندن بـۆ خۆم بکەم. پێویستە خەڵک و سەرووی من کە ئەو باوەڕیان بەمنداوە، هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانم بکەن. بەڵام لەماوەی ١٠ ساڵ وەرگرتنی پۆستی وەزیری و پۆستەکانی تریشدا رۆژێک لەڕۆژان هەستم نەکردووە سەرکەوتوو نەبووبم. من خۆم بەنوێنەری خەڵک دەزانم، چونکە پەرلەمان وەزیر هەڵدەبژێرێت و پەرلەمانیش نوێنەری خەڵکە، بۆیە دەبێت متمانەی خەڵک لەدەستنەدەی.

وارڤین: ئەگەر پێشنیاری پۆستێکی حیزبیت بۆ هات ئامادەییت هەیە وەری بگری؟

نازەنین: بەڵێ، هەر پۆستێکم پێبدرێت وەریدەگرم و وەک رابردوو بەدڵسۆزی کار دەکەم. هەموو پۆستێکیش بۆ خزمەتکردن بەکاردەهێنم.

وارڤین: لەناو وەزارەتـی شارەوانی گەندەڵی هەبوو؟

نازەنین: کەس ناتوانێ بڵێ گەندەڵی نییە. چەندینجار ئەو پرسیارە ڕووبـەڕووی جەنابی سـەرۆکـوەزیـران (مـەبـەسـت بەڕێز نێچیرڤان بارزانییە) کراوەتەوەو بە ئەرێ وەڵامی داوەتەوە. ڕەنگە نەتوانی هەڵسەنگاندنی گەندەڵی بۆ هەموو ئەو خەڵکە بکەی کە لەناو حکومەتدا کار دەکات. بەڵام من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە لەناو وەزارەتەکەی خۆمدا، کارم بۆ نەهێشتنی گەندەڵی کر

دووە. لەکابینەی ٥، کاری زۆر بۆ نەهێشتنی گەندەڵی کرا. هەوڵدرا بەشێوەیەکی بنەڕەتی ستراتیژییەتێک بـۆ نەهێشتنی گەندەڵی دابنرێت.

وارڤین: چۆن ژیانی هاوسەریت پێکهێنا؟

نازەنین: هاوسەرەکەم، کـوڕی پورمە. ئەوە هۆکاری نزیکبوونەوەمان بوو دەتوانم بڵێم تارادەیەک هاوسەرگیرییەکی تەقلیدی بوو. بەڵام خاڵی هاوبەشمان هەیەو بەر لەبڕیاردانمان بۆ هاوسەرگیری، لەسەر هەندی خاڵ ڕێککەوتین. یەکێک لەمەرجەکانم بەردەوامیم بوو لەکارکردن. چونکە من کـارەکـەم خـۆشـدەوێت. ئـەو، ئەندازیاری کشتووکاڵییە. دووکچ و کوڕێکمان هەیە.

بەهرە حەمەڕەش

## پڕۆفایل

ساڵی١٩٥٩ لە هەولێر لەدایکبووە.

١٩٨٠ کۆلیژی ئەندازیاری لەزانکۆی سلێمانی تەواو کردووە.

١٩٩٩ تا ٢٠٠٩، وەزیری شارەوانی بووە.

www.netewe.com

# پارتە سیاسییەکان هۆکارن

# سێبەری پیاو ژنی سەرکردەی شاردووەتەوە

دهۆک

لەرۆژگاری هاوچەرخدا، سەرەڕای نەبوونی هیچ بەربەستێکی یاسایی و دەستووری بۆ بەشدایکردنی ژنان لەبڕیاری سیاسی و بوونیان بەسەرکردە، بەڵام بەگشتی ڕێژەی ژنانی سەرکردە لە کوردستان و عێراق زۆر کەمن.

چالاکوانانی بواری ژنان هۆکاری دەرنەکەوتنی ژنـان لەدەسەڵاتی بڕیارداندا بۆ بایەخنەدانی پارتەسیاسیەکان بەپێگەی ژن دەگەڕێننەوە، هاوکات پەرلەمانتارێکیش دەڵێت کە تا ئابووری ژن بەدەست پیاوەوە بێت، ژنان ناتوانن ڕۆڵی سەرکردە بگێڕن.

ژنی کورد، شانبەشانی پیاو لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا کار دەکات و وێڕای هەموو ئەو ئاستەنگە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بۆی دروست دەکرێت، هەندێکجاریش لەپیاو“ڕەگەزە رکابەرەکەی زیرەکتر“ە. لەمێژووی کوردستاندا چەندین ئافرەتی سەرکردەو قارەمان هەبوونەو لەئێستایشدا ژنی سـەرکـردە، ڕۆڵـی بـەرچـاو لەگۆرانکارییەکانی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. بەپێی یەکێک لەپێناسە زانستییەکان سەرکردە، بە کەسێک دەگوترێت کە بەشێوەیەکی گشتی توانای کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەبێت و بەئاراستەی بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا توانای گۆڕانکاری هەبێت. لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتی، بریتییە لەکاریگەریی دانـان لەسەر مرۆڤەکان و هاندان و ڕێنوێنیکردنیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان لەنوێخوازی و بیرکردنەوەی نـوێ و هەبوونی پەیوەندییەکی تایبەت لەگەڵ خەڵکدا و هەروەها گرنگتر لەهەموویان بەدەستهێنانی متمانەی گەل. یەکێک لەتایبەتەمەندییەکانی ژنی سەرکردە ئەوەیە کە حەز بە پێشڤەچوون و هاریکاری دەکـات و پەیوەندی و دیداری زۆر دەکات. هەروەها کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی ژن، دەبێت و داوای ڕاپەڕاندنی ئەرک لەهەموو کەسێک دەکات.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەمێژووی هاوچەرخ و نوێ لەزانکۆی دهۆک د. سەلاح هرۆری دەڵێت:“کۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی مێژوو ڕێزێکی تایبەتی



چیمەن ڕەشید

لەژنان گرتووەو ژن، ئەندامێکی سەرەکی بنەماڵە بـووەو ئـەوەش لـەزۆربـەی ڕەهەندەکانی ژیاندا ڕەنگی داوەتـەوە“. ئەو پسپۆرەی مێژوو، باس لەوەدەکات کە ژن لەنێو عەشیرەتەکانی کورد، ڕۆڵـی سەرکردەیان بینیووەو هاوکاتیش دەڵێ کە چەندین گەڕۆکی بیانیش لەنووسینەکانیاندا ئاماژەیان بەوەکردووە کە ژنی کورد لەنەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئازاترن. سەلاح هروری، بـاس لـەوەدەکـات کە لەمێژووی کـورد دا ژن، سەرکردایەتی میرنشینێکی کـردووە و بووەتە میر.“خانمی خانزادمان هەیە کە میری دەڤەری سۆران بووە. هەروەها کەسانێکی وەک ”قەرەخان“ هەیە کە ژنێک بووەو لەشەڕی ڕووس و عوسمانیدا سەرکردایەتی هێزی سەربازی کردووە“. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان زەکیە سەید سالْح، هەبوونی هۆکارگەلێک لـەبـەردەم دروستبوونی ئافرەتی سـەرکـردە لـەئـەمڕۆدا دەخـاتـەروو، و زۆربـەی هۆکارەکانیش بە هۆکاری ”سیاسی“ وەسفدەکات. بەرای زەکیە، پێویستە“لەکەشێکی دیموکراتیدا دەرفەتی یەکسان بۆ ژن و پیاو بڕەخسێنرێت کە وەک یەک خۆیان پێبگەیەنن و ئەوانەی کە توانایەکی تایبەتیان هەیە ببنە ژنی سەرکردە“.

www.netewe.com

ئەندامێکی دیکەی پەرلەمانی کوردستان شیلان سندی، باروددۆخی سیاسی گەلی کورد بەیەکێک لە لەمپەرەکانی بەردەم دروستبوونی ژنی سەرکردە دەزانێت و ڕوونیدەکاتەوە کە لەسەردەمی سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی کورد دا، خەمی پیاوان ئەوە بووە کە ببنە پێشمەرگەو ڕوو لەچیاکان بکەن، کاری ژنیش ئەوە بووە خاوەندارێتی خێزان و منداڵەکانی بکات، بۆیە پیاو زیاتر لەنێو سیاسەت و حزبدا جێیگرتووە ئەوەش وایکردووە کە پیاو زیاتر ئەزموونی سیاسی هەبێت.

لەلایەکیترەوە زەکیە، بواری ئابووری بەفاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتنی ژن دەزانێت و ئامارێکی داهاتی ئابووری ژنان لەجیهاندا دەخاتەروو.“ ٧٥٪ی داهاتی ژن لەلایەن پیاوەوە دابیندەکرێت. ئەگەر ژن لەبواری ئابوورییەوە وەها بە پیاوەوە پەیوەست بێت، ناتوانێ خۆی سەربەخۆ بکات و سەرکردەشی لێ دروست نابێت“.

بەڕای پسپۆڕی بواری زانستە دەروونییەکان لەزانکۆی دهۆک د. هادی، ئەگەر ژنێک بیەوێت ببێتە سەرکردە، دەبێ بزانێت چەندە متمانەی بەخۆیەتی و چەندە ئیرادەی هەیە، چونکە متمانەبەخۆبون پرەنسیپێکی گرنگی سەرکەوتنی مرۆڤە. لەلایەکی دیکەوە“دیوە ئایینی و لێکدانەوەی هەڵە بۆ ئایینش، یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانەیە کە دەڵێت سیاسەت کاری پیاوانە نەک ژنان“. بەڵام شیلان سندی، ڕۆڵی نەرێنی پارتە سیاسییەکانیش دەخاتەروو“پارتەکان لەوەدا ڕێگرن کە ژنانی چالاک و بەئەزموون و بێلایەن لەناوەندەکانی بڕیار نزیک ببنەوە“. بۆیە پێویستە دەزگا حزبی و حکوومییەکان لەیەکتر جیاببنەوەو ژنیش لەڕێگەی چالاکبوون و خۆسەلماندنەوە خۆی بگەیەنێتە ناوەندەکانی بڕیار. شیلان سندی، بەپێویستی دەزانێت کە خولی تایبەت بۆ پەروەردەکردنی ژنانی سەرکردە بکرێتەوە. ئەو دەڵێت:“ناکرێت بڵێین، ژنی سەرکردەمان نییە، بەڵکو هەمانەو ئێستا بەشێکیان لەپەرلەمان و شوێنەکانی دیکە کار دەکەن، بەڵام ئەو ڕێژەیە کەمەو پێویستە هەوڵ بۆ زیادکردنی ڕێژەیان بدرێت“.

لەپرسیاری ئەوەی کە ئایا لەتەمەنی درێژی دەسەڵاتی سیاسی حزبەکان لەکوردستاندا ژنی سەرکردە بوونی هەبووە، چیمەن ڕەشید، کارگێڕی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی کە ژنی سەرکردەمان هەبووەو ئێستاش هەمانە، بەڵام بایەخیان پێنادرێت،“کەمی ڕێژەی ژنان لەحکوومەت و ناوەندەکانی بڕیار، گوناهی ژنان نییە، بەڵکو هۆکارەکە ئەو پارت و ڕێکخراوانەن کە تا چ رادەیەک ڕێگەیان بەژنان داوە کە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەتایبەت بەژنانی خاوەن بڕوانامەو تێگەیشتوو“. چیمەن، نەبوونی ژن لەمەکتەبی سیاسی حزبەکاندا وەک ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم پێشکەوتنی ژن دادەنێت. بۆیە بەباشی دەزانێت کە پارتە سیاسییەکان ژنان لەپۆستەباڵاکانیاندا جێبکەنەوە. ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان بامەڕنی، یەکێک لەکێشەکانی ژنی کورد بەزاڵبوونی دابوونەریت و کاریگەری ئایین لەسەر ژیانی دەزانێت و بەبڕوای ئەو، ژنی کورد دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە کە خۆی لەشوێنی بەرپرسیارێتیدا ببینێتەوە. هەرچەندە ئێستا تارادەیەک بوار بۆ ئەوە ڕەخساوە کە تواناکانی خۆی باشتر بخاتە بەرچاو و هەنگاو بەئاڕاستەی پێشکەوتندا هەڵبگرێت. بەڕای بامەڕنی، کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی باوکسالارییەو ئایینی ئیسلام بەسەریدا زاڵە، ئەوەش“ڕێگەی بەژن نەداوە، تواناییەکانی خۆی دەربخات و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. بامەڕنی ئاماژە بەوەدەکات کە کاتێک ژن چوو خوێندی و توانی بەرپرسیارێتی بەدەستبێنێت و توانی شانبەشانی پیاوان لەدامەزراندنی ماڵی خۆی و منداڵەکانیدا بەشدار بێت، ئەوکات پیاویش دەبێ ڕێزی لێ بگرێت و کۆمەڵگاش پشتیوانی لێ بکات. “ئێستا ڕێگە بۆ ژن کراوەتەوەو و پێویستە خۆی لەهەموو بوارەکاندا تاقی بکاتەوە“. توێژەری کۆمەڵایەتی عەبدولڕەحمان عەبدولجەبار، کەمی ژنی سەرکردەی بۆ دوو هۆکاری سەرەکی گەڕاندەوە، یەکەمیان خێزان و دووەمیش بۆ کۆمەڵگا،“چونکە ئەگەر خێزان ڕێگە بەژن بدات بێگومان دەتوانێت هەنگاوی پێشکەوتوو هەڵبگرێت. لەلایەکی دیکەوە زۆرجاریش ژن، خۆی سنووری بۆ خۆی داناوەو کۆمەڵگاشی کردووەتە بیانوو“. بەڕای ئەو توێژەرە پێویستە ژنان بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی خۆیان بشکێنن و لەو دەرفەتانەی کە ئێستا لەکۆمەڵگای کوردستاندا بۆیان ڕەخساوە کەڵکوەربگرن.



عەبدولڕەحمان بامەڕنی



هەڵز عەلی

www.netewe.com



Photo هێمن

## بازارەکانی کوردستان پڕن لە سیمکارتی ساختە

# بەرپرسێکی کۆڕەک تیلیکۆم بازارمان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت

هەولێر

هەندێ لەلایەنە پەیوەندیدارەکان هۆکاری سەرهەڵدانی بەشێکی زۆری کێشە کۆمەڵایەتیەکان بۆ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و ئەو سیمکارتانە دەگەڕێننەوە کە لە بازاردا بەهەرەمەکی دەفرۆشرێن و خاوەنەکانیان دیارنییە.هاوکات بەرپرسێکی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆمیش دەڵێت " بازارمان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت"

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق تەکنۆلۆژیای مۆبایل، بە بەرفراوانی لە هەرێمی کوردستان سەری هەڵداو بەشی هەرەزۆری هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان، بوونە بەکاربەری مۆبایل. ئێستا لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان، ٩ هێڵی سیمکارتی مۆبایل، کڕین و فرۆشتنی پێدەکرێت. بەهۆی فرۆشتنی هەرەمەکی سیمکارت لە نێو بازارەکانی هەرێمدا زۆرێک لە هاووڵاتیان بوونەتە خاوەن سیمکارتێک کە بەناوی خۆیانەوە نییە. بەوهۆیەوەشەوە هەندێ لە کێشەکۆمەڵایەتیەکانی وەک هەڕەشەکردن و بێزارکردنی هاووڵاتییان، ڕوویداوە. هەرچەندە بەپێی یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن هەوڵێک بۆسنووردارکردنی ئەو کێشانە درا، بەڵام هاووڵاتییان، ئاماژە بەوەدەکەن کە تا ئێستا بەهۆی مۆبایلەوە ڕووداوی جۆراوجۆر، دەبینرێن. بەپێی ڕاپرسییەکی دەزگای وارڤین کە لە ژمارەی ٦ـی گۆڤاری وارڤین بڵاوکراوەتەوە، تێیدا هاتووە کە ١٩٪ـی ژنانی هەرێمی کوردستان تەحەڕوشیان بەرێگەی مۆبایل، پێکراوە.

لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، پرۆژە یاسای سزادانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندنیان پەسەندکرا. ئەم یاسایە لە ٨ ماددە پێکهاتووە، گرنگترین بەشی لەماددەی یەکەمدایە کە تێیدا هاتووە: هەر کەسێ تەلەفۆنی خانەیی، دەزگاکانی گەیاندنی بە تەل یان بێ تەل، ئەنتەرنێت، پۆستی ئەلیکترۆنی بۆ خراپەکاری بەکاربهێنێ، دەچێتە واری سزادانی ئەویاسایەوە. هەروەها بەکارهێنانی ئامێری گەیاندن بە هەڕەشە، تەشەرو جوێن، بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی گفتوگۆ، نامەی کورت دژ بە ئاکاری گشتی، یان وێنە گرتنی بێ مۆڵەتی کەسەکە شتێک کە شەرەف بزرێنێ، بڵاوکردنەوەی زانیاری نهێنی بە ڕاست، یان درۆ دەربارەی ژیانی تایبەتی و خێزان تاکە تاکەی خەڵک کە لە هەر ڕێگایەکەوە بە دەستی هێنابێت بڵاوبکرێتەوە و ببێتە مایەی





خراپەکاری و زیانیان پێ بگەیەنێت. ئەوکەسە بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک سزا دەدرێت کە لە ساڵێک کەمتر نەبێت و لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت. یان بە بژاردنێک کە لە ١ ملیۆن دیناری عێراقی (بریمەر) کەمتر نەبێت و لە ٥ ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێت. سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان، شێروان حەیدەری، بێئاگایی خۆی لەوە دەخاتەڕوو کە ئەو یاسایە تا چەند هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکان بووبێت " ئێمە نازانین ئەو یاسایە تا چ ئاستێک باشبووە، چونکە هیچ زانیاری و داتایەکمان لەبەر دەست نییە". لەبارەی ئەو ماددەی کە تایبەتە بە کۆمپانیاکان شێروان حەیدەری، دەڵێت" ئێمە کاتمان بۆ کۆمپانیاکان دیاریکردووە کە ئەو هاووڵاتییانەی سیمکارتیان بەناو نییە ئاگادار بکرێنەوەو لە ماوەیەکی دیاریکراودا سیمکارتەکان بەناو بکرێن. ئەگەر ئەو هەنگاوە نەنرا ئەوا دەبێت ئەو سیمکارتانە رابگیردرێن".

### کوڕێک بێزاری کردوووم

کچە قوتابییەکی زانکۆ، بێزاری خۆی بەدەست کوڕێکەوە دەردەبڕێت کە بە مۆبایل، بەردەوام پەیوەندی پـێـوەدەکـات و داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێدەکات. هەر بەو هۆیەشەوە تا ئێستا دووسیمکارتی گۆڕیوە. بەڵام ئەو ناتوانێت سکاڵای لەسەر تۆماربکات، چونکە " خێزانەکەم داخراون و ناتوانم باسی ئەو کێشەیە لەگەڵ ماڵدا بکەم". دڵسۆز، نـاوی خـوازراوی ئەو کچەیەو پێیوایە، سانسۆر لەسەر بەکارهێنانی مۆبایل نییە، بۆیە هەندێ کەس سیمکارتێکی بێخاوەن لەبازاڕ دەکرێت و کە کەس نازانێت لەسەر ناوی کێیەو بەمەبەستی خراپ بەکاری دەهێنێت. گووتیشی کە ئێستا مەترسی لە بەکاربهێنانی مۆبایل هەیەو بەهۆی ئەو کوڕەوە مۆبایلەکەی داخستووە. ژاڵە، کچێکی ترە کە بە مۆبایل بێزار دەکرێت، بۆیە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کردووە، بەڵام ناتوانێت خۆی بچێتە بنکەی پۆلیس " لەبەر ماڵەوە ناتوانم بڕۆمە بنکەی پۆلیس ئەگەر ئەوان بزانن کێشەکەم گەورەتر دەبێت". ژاڵە دەڵێت، بەردەوام لە دڵەراوکێدام و ئەو کوڕە داوای پەیوەندیم لێدەکات و قسەم پێدەڵێت.

لە نێو بازاڕی باتەی هەولێر، شوێنێکی تایبەت بەسیمکارت فرۆشتن هەیەو بە بازاڕی "سیمکارت فرۆشەکان" بەناوبانگە. ژمارەیەکی زۆر دەستگێڕ، واتە سیمکارت فرۆش، بەبێ بوونی هیچ لێکۆڵینەوە و بەڵگەی تایبەتی کەسەکان، سیمکارت دەفرۆشن. کوڕێکی گەنم ڕەنگی باڵا مامناوەندی، دوو هاندی مۆبایلی بەدەستەوەبوو. دەستی بۆ گیرفانی بردو چەندین سیمکارتێکی دەرهێناو نەیشاردەوە کە هەر سیمکارتەو بۆ کەسێک و کارێک بەکاردەهێنێ. لەگەڵ ئەوەی ئەو کوڕە تەمەنی نەگەیشتووەتە ١٩ سـاڵ، بـەڵام وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات ماوەی چوارساڵە، کاری دەستگێڕی فرۆشتنی سیمکارت دەکات. بە گوتەی ئەو کوڕە کە ناوی عەلی بوو، ئەو کارەی دەیکات، "خێری زۆری تێدایەو قازانجی باش دەکات". ئاماژەبەوەشدەکات کە کارەکەی "سەر بەکێشە"یەو زۆرجار کەسێک دێت سیمکارتێک دەکڕێت پاش کەمێک پەشیمان دەبێتەوە و داوای پارەکەی دەکاتەوە. بەڵام لای ئەوان "گرەنتی بۆ فرۆشتنی سیمکارت نییە". ئەو، ئاماژەی بە تەمەنی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە سیمکارتانە دەکردن کە زۆربەیان " گەنجن".

www.netewe.com




**بازاڕی مۆبایل فرۆشانی هەولێر**

## سیمکارتی فەلمان هەیە

فرۆشیارێکی سیمکارت، چەندین سیمکارتێکی لە دەستدابوو. کاری کڕین و فرۆشتنی سیمکارت دەکات. پەنجە بۆ هەندێ سیمکارت درێژ دەکات و دەڵێت ئەوانە"سیمکارتی فەلن، واتە ئەو جۆرە سیمکارتانە ئەوانەن کە بەکارهێنراون و دووبارە فرۆشراونەتەوە، ئێمە نازانیین هی کێیە؟ یان چی کارێکیان پێکراوە، قازانجی هەریەک لەوانە ٣ هەزارە. ئەمەیان زیاتر بۆ کاری خراپە. جۆرەکەیتریشی کەپسەو نرخەکەی ٢٥ هەزارە. نەیشاردەوە کە خۆی درک بە خراپی کارەکەی دەکات، بەڵام بە نیگەرانییەوە گووتی " بێکاری وای لێکردووم، ئەم کارە بکەم، ئەگینا دەزانم کە زۆر خراپە و چەندین کێشە دروست دەکات".

ناوەکان وەهمین

سیمکارت فرۆشێک، جۆری هێنانی سیمکارت بۆ فرۆشیارەکان ئاشکرادەکات و دەڵێت " وەکیلەکانمان، نزیکەی ٣٠٠ سیم کارت بە ئێمە دەدەن. ئەم سیمکارتانەش بە ناوی وەهمین، واتە بۆ ئەم جۆرە فرۆشتنە بە کۆ دەهێنرێن، دەتوانی بە ١٠ دۆلار بەناوی خۆتیان بکەی. ئەمجۆرانەش فەلن، نرخیان ٢٥ یان ٣٠ دۆلارە". رەسوڵ، سیمکارت فرۆشێکی ترە لە " بازاڕی سیمکارت فرۆشەکان" ماوەی ساڵێکە کاری کڕین و فرۆشتنی سیمکارت دەکات. ئەویش وەک هاوڕێکەی ئاماژەی بەکڕینی سیمکارتەکان لە " وەکیلەکانیان" کرد " ئێمە بە ١١ ١١ دیناری بریمەر دەیانکڕین و بە ١٢هەزار دینار دەیانفرۆشینەوە، فۆرمیان لەگەڵە بەڵام ناوەکانیان وەهمین" بۆ کەمکردنەوەی ئەو کێشانەی کە بەهۆی مۆبایلەوە ڕوودەدەن رەسوڵ، گووتی " پێویستە کۆمپانیا چارەسەری ئەو کێشەیە بکات، چونکە ئەوان دەیدەن بە وەکیلەکان، وەکیلەکانیش بە کۆ دەیدەن بە ئێمە، راستە ئەوانەی کەپسن و فۆرمیان لەگەڵە، بەڵام ناوو فۆرمەکان وەهمین".

## چارەسەر لای کۆمپانیایە

لەناو ئەو بازاڕەدا پۆلیسی ڕێکاری هەیە. ئەوان ڕۆژانە دووتا سێجار ڕێکارییان بۆ بازاڕی سیمکارت فرۆشەکان هەیە. پۆلیسێک کە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا بوو گووتی " لەو ناوچەو شوێنانەی ئەو کارەی تیا دەکرێ کێشەی زۆر هەیە، سیمکارت بە شێوەی نایاسایی دەفرۆشرێن "زۆرجار کێشە دروستبووە و خەڵکمان دەستگیرکردووە". سەبارەت بەچارەسەری ئەو کێشەیە، ئەو پۆلیسە بە پێویستی دەزانێ کۆمپانیا چاو بەکارەکانیدا بخشێنێتەوە، چونکە کاتێک پۆلیس پرسیاریان لێدەکات کە ئەو سیمکارتانەیان لەکوێ هێناوە؟ دەڵێن " وەکیلەکانمان بۆیان هێناوین. بێگومان وەکیلیش مامەڵەی لەگەڵ کۆمپانیایە، بۆیە پێویستە ئەو کۆمپانیانە بەشێوەیەکی یاسایی هەوڵی فرۆشتنی سیمکارتەکانی بدات".

## وەکیلەکان بەرپرسیارن

بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆڕەک تیلیکۆم تۆفیق شێخانی، باس لەوەدەکات کە ئەوان بەر لە دەرچوونی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن، نەیانتوانیووە هەموو ڕێوشوێنێک بگرنە بەر. هەروەها بۆچوونی وابوو کە ئەرکی حکوومەتە هەندێ ڕێوشوێنی یاسایی بۆ نەهێشتنی کێشەو گرفتەکانی هاوڵاتییان بگرێتەبەر.چونکە ئێمە

www.netewe.com




**بازاڕی مۆبایل فرۆشانی لە هەولێر**

لە هەر ئۆفیسێکی کۆمپانیای کۆڕەک  راوێژکاری یاساییمان هەیە و زۆربەی کێشەکان، بەرلەوەی بچێتە دادگا، لەو رێگەیەوە چارەسەریان دەکەین ". لە بارەی سیمکارتی فەل و ئەو سیمکارتانەی لە بازاڕەکاندا بە کۆ دەفرۆشرێن، شێخانی، دەڵێت " ئێمە وەکیلمان بۆ فرۆشتنی سیمکارت هەیە. یەک سیمکارتی بێناو لای ئێمە پێیانناندرێت و فۆرمی بەشداربووی لەگەڵدایە. ئێمە وەکیلمان هەیەو ئەوان بەرپرسن لە بوونی هەرکێشەیەک، چونکە ئەوان وەکیلی ئێمەن". شێخانی، باسی لەوەکرد کە کۆڕەک تیلیکۆم هاندانی خەڵکی داوە تا سیمکارت بەناوی خۆیانەوە بکەن، بەڵام نایشارێتەوە کە " بازاریان پێ کۆنترۆڵ ناکرێت". زۆرجار هاووڵاتیان بە پەیوەندی بێژمارە "رقم خاص" بێزار دەکرێن و رووبەرووی قسەی ناڕێک و هەڕەشە دەکرێنەوە، لەوبارەیەوە  تۆفیق شێخانی، رەتی دەکاتەوە کە ئەو ژمارانە هی کۆمپانیای کۆڕەک بن " ئەم جۆرە ژمارانە هی کۆمپانیای ترن و ئێمە ئەم جۆرە خزمەتگوزاریانەمان نییە.

## ئێمە بەرپرسیارنین

کۆمپانیای دەلتا، یەکێکە لە کۆمپانیاکانی کوردستان کە لە بواری گەیاندندا کاردەکات. ئەو کۆمپانیایە لە زۆربەی شارو شاروچکەیەکی عێراق و هەرێمی کوردستان بارەگایان هەیە. بەڕێوەبەری کۆمپانیای دەلتا و بریکاری کۆڕەک تیلیکۆم، ئامانج فەرەج عەبدوڵڵا، لەبارەی فرۆشتنی سیمکارت بەرێگای نایاسایی و نەبوونی سانسۆر لەسەر فرۆشتن، رەتیدەکاتەوە کە ئەوان، تەنیا یەک سیمکارتیشیان بەبێ "بەڵگەی تــەواو" خستبێتە بـــازاڕەوە " رێکەوتنامەیەک لەنێوان ئێمەو وەکیلەکانماندا هەیە کە  بەشێوەیەکی یاسایی ئەو فۆرمانە پڕبکەنەوە و لێپێچینەوە  لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە لە رێنماییەکانمان لا دەدەن". لەبارەی مەرجەکانی ئەوان بۆ فرۆشتنی سیمکارت، ئەو بەڕێوەبەرە، ناوی بەشداربوو و وێنەو کۆپی ناسنامەی باری کەسێتی و نرخی ١٠دۆلار، بەمەرجی فرۆشتنی هەر سیمکارتێک باس دەکات. نایشارێتەوە کە هەندێ سیمکارت دەستی تر دەکـات، بـەڵام خۆیان لێ بەرپرسیار نازانێت " ئێمە بە شێوەیەکی یاسایی سیمکارت دابەشی وەکیلەکانمان دەکەین. ئەوانەی بەشێوەی نایاساین خەڵکی ئێمە نین و پەیوەندییان بەئێمەوە نییە". ئەو بەرپرسەی کۆمپانیای دەلتا، ئاماژەبەوەدەکات کە  بەپێی گرێبەستی نێوان ئەوان و کۆڕەک تیلیکۆم هەر کەس بۆی هەیە، تا شەش سیمکارتی بەناوبێت" لەگەڵ ئەوەشدا دەزانن کە هەندێ کەس هەیە بەمەبەستی خراپ بەکاریدەهێنێت.  لەبارەی تەمەنی بەکاربەرەوە ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت " نابێ کەسی بەکاربەر لە١٨ ساڵ کەمتر بێت. لەبارەی ئەو سیمکارتە فەلانەش کە لە ناو بازاڕدا هەن،  ئێمە ناتوانین کۆنترۆڵیان بکەین و پێویستە خەڵک خۆیان هاوکاربن". بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، عەمید عبدولخالق، ئاماژەی بە بڕیارێکی نوێی حکوومەت بۆ چارەسەری کێشەکانی مۆبایل دەکات و دەڵێت "بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ، لیژنەیەک لە پۆلیس و نوێنەری کۆڕەک، ئاسایش، پێکهات و تێیدا  ئەوەخرایەڕوو کە دەبێت هەموو کەسێک سیمکارتەکەی بەناوی خۆیەوە بێت. چونکە بۆ هـەر حاڵەتێک ئەگەر تاوانێک بە مۆبایل کرا، تابزانرێت یەکەم فایل بەناوی کێیە و لەو رێگەیەوە لێپێچینەوە بکرێت". بەڕێوەبەری پۆلیس، خاڵێکی تری کاری ئەولیژنەیە بۆ چارەسەری کێشەی مۆبایل  رادەگەیەنێت کە تا بەراییەکانی بەشداربوو نەگاتە کۆمپانیا کۆڕەک، ئـەوا نابێت هیچ سیمکارتێک کاربکات. بەرای بەڕێوەبەری پۆلیس، پێویستە کۆمپانیای کۆڕەک، بەپێدانی زانیاری تەواو  لەکاتی پێویستدا هاوکاری تەواوی دەزگاکانی ئەمنی بکات.

ریپۆرت ئاڤان فارس جاف



www.netewe.com

# بەندکراوانی هەولێر داوای بینینی ژنەکانیان دەکەن

هەولێر

سەروەری یاسا و سزادانی تاوانباران، ئەرکی حکوومەتی هەرێمە، بەمەرجێک ڕەچاوی باردۆخی خێزان و ژیانی خودی گرتووەکان بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ بکرێت. بۆ ئەوەی بەندیخانەکان ببنە شوێنی چاکسازی و وا لەتاوانبار بکرێت کە جارێکیتر بیر لەتاوان نەکاتەوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر کەسێک بێ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو مەرجانە سزادرا، ئەوا لەوانەیە منداڵی ئەو کەسانەی کە بەندکراون بەهۆی ناڵەباری باروردۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە دووچاری هەمان هەڵەی باوکیان بن. لەگرتووخانەکانی هەرێمی کوردستانیشدا تائێستا ڕەچاوی دروستکردنی شوێنێکی تایبەت بۆ بینینی ژن و مێرد نەکراوەو ئەوەیش وایکردووە کە هاوسەر و کەسووکاری بەندکراو، نیگەران بن.

بەپێی ئەو ئامارەی کە لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە دەست گۆڤاری وارڤین کەوتووە، ٢٨٤ کەس لەگرتووخانەی ناوەندی هەولێردا، دەستگیرکراون و ئەوەی لەو گرتووخانەیەش بەبۆچوونی چاودێران دەبینرێت ڕەچاوی تەواوی مافی گرتووەکانی تێدا نەکراوە. هەروەها لەو گرتووخانەیەدا شوێنی تایبەت بۆ بینینی هاوسەرەکان نییە.



بەندکراوێک

## بۆ تێرکردنی سکی منداڵەکانم بوومە خزمەتکاری ماڵان

لەکۆمەڵگای کوردستاندا، وێڕای ئەوەی مافەسروشتییەکان بۆ ژن و پیاو، جیاوازن و ژن، لەهەندێ مافی سەرەتایی بێبەشکراوە، لەزۆر حاڵەتیشدا بەجۆرەها شێوە ژن، باجی هەڵەی پیاو دەدات. زۆرجار ڕوویداوە کە کوڕێک، کەسێکی کوشتووەو خوشکەکەی لەبریتی خوێن، دراوە. یان پیاوێک دەستدرێژی کردووەتە سەر ژنێک و لەئاکامدا ژنەکە تاوانبار کراوە. یا ژن هەبووە، مێردەکەی بەهۆی تاوانێکەوە دەستگیرکراوەو ماوەی چەندین ساڵ، لەچاوەڕوانی دابووە تا ئازاد بکرێت، بەڵام کاتێک ئازادبووە ژنەکەی تەڵاقداوە. هاوکات بەشێکی دیکەی قوربانیانی ژن، خێزانی زیندانییەکانن کە بەهۆی هەڵەی هاوسەرەکەیانەوە باج دەدەن. سەعدیە، یەکێکە لەو ژنانەی کەمێردەکەی بەتاوانی کوشتن سزادراوەو ماوەی پێنج ساڵە، لەبەندیخانەی ناوەندی هەولێر، زیندانییە. سەعدیە، چوار منداڵی هەیە. وەک خۆی باسی لێوە دەکات، ژیانێکی سەخت بەڕێدەکات، چونکە پەیداکردنی بژێوی منداڵەکانیشی کەوتووەتە ئەستۆ. "مێردەکەم، بازرگانی ئاژەڵی دەکرد، لەسەر پارە لەگەڵ شەریکەکەی بووە شەڕیان و کوشتی. دادگا بڕیاری پانزە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاندووە. بەڵام هەستدەکەم دادگا، ناڕاستەوخۆ من و منداڵەکانیشمی سزاداوە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەرکم سەختتر دەبێت، من بۆ تێرکردنی زکی منداڵەکانم، خزمەتکاری ماڵان دەکەم". سەعدیە، ژیانی خۆی بەزیندانێکی گەورە وەسف دەکات، چونکە لەو کاتەوە هاوسەرەکەی زیندانیکراوە، ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووەتەوە. "من لەپیاوەکەم کێشەم زیاترەو زۆرجار واهەستدەکەم، من ئەو کەسەم کوشتووە، بۆیە ئەوەندە سزادەدرێم.



www.netewe.com

بەتەنیا ئەرکێکی سەختم کەتووەتە سەر شان و کەس لەبەخێوکردنی ئەو منداڵانەدا هاوکاریم ناکات. من لەسۆزی هاوسەر و منداڵەکانیشم لەهی باوک بێبەشبوون“.

ژیان، یەکێکی ترە لەو ژنانەی کە وەک خۆی دەڵێت، هاوسەرەکەی لەناو گرووپە ئیسلامییەکان بـووەو لەشەڕی ئـازادی عێراقەوە،“بەتۆمەت“ دەسـتـگـیـرکـراوە. ئەرکێکی زۆر کـەوتـووەتـە سەرشانی ئەو ژنەو ناچاربووە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی روو لەماڵی باوکی بکات. ئەوەش جگە لەوەی کە وەک ژنێک لەڕووی هەست و سۆزەوە، هەست بەبۆشاییەکی گەورە دەکات.

## ژن باجی هەڵەی پیاو دەدات

لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، کەسانی سزادراو، شوێنی حەوانەوەو پێداویستییە مرۆڤی و تایبەتییەکانیان بۆ جێبەجێکراوە. بیرلەچۆنیەتی گوزەرانی ژیانی خێزانی کراوەتەوە، ئەگەر کەسەکە خێزاندار بوو، شوێنی تایبەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوسەرەکەی رەچاوکراوە، تا ژن وپیاو حەزە سێکسییەکانیان بەتاڵ بکەنەوەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، پەنا بۆ کەسانیتر نەبەن و تووشی هەڵەو لادانـی کۆمەڵایەتی نەبن. زۆرجاریش کەسی تاوانبار بۆی هەیە، دوای تەواوکردنی دوو لەسەر سێی ماوەی سزاکەی مۆڵەت وەربگرێت و لەماوەیەکی سنووردارا بچێتەوە ناو خێزانەکەی و دوایی بگەڕێتەوە بەندیخانە.

گوتەبێژی فـەرمـی ئەنجوومەنی دادوەری، دادوەر عەبدولباست فەرهادی، پێیوایە، کاتێک کەسێک تاوانێک ئەنجامدەدات، ئەوا ناڕاستەوخۆ خێزانەکەشی سزادەدرێت. چونکە ژیانی خێزانێک دەکەوێتە ناخۆشی و گرفتی مادی و مەعنەوییان بۆ دروست دەبێت. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کەسێک، وابیربکاتەوە ژیانی ئەو بەچەندانی ترەوە بەستراوەو تەنیا موڵکی خۆی نییە. لەو کاتانەدا رەنگدانەوەی خراپ لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی کەسانی بنەماڵەکە دەبێت و لەوانەیە بارودۆخێکی رەخساو بۆ تێوەگلانی کەسانی تر بەهەڵەو تاوانبارکردن خۆش بکات. بۆیە بەرای ئەو دادوەرە پێویستە ”کەسانی بەندکراو، لەناو بەندیخانەدا کاریان پێبکرێت و لەبەرامبەردا پارەیان بۆ دابینبکرێت، بەمەش بژێوی ژیانی خێزانی ئەو کەسە دابیندەکرێت، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە سەرچاوەی داهاتی خێزان بوو“. چونکە وەک دادوەر فەرهادی، گوتی:“زۆرجار هاوسەری بەندکراوەکان، بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان، پەنایان بۆ کاری لەشفرۆشی بـردووە. کەواتە لێردا، ژن باجی هەڵەی پیاوەکەی دەدات. بۆیە پێویستە رەوشی بەندیخانەو خێزانی بەندییەکان، چاک بکرێت“.

## دەیەوێت لەشوێنێکی تایبەت هاوسەرەکەی ببینێت

لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، کاتێک کەسێک، بەهۆی هەر تاوانێکەوە دەستگیر بکرێت، حکوومەت، پارێزەر بۆ خێزانی تاوانبار دەگرێت و رەچاوی بارودۆخی مادی خێزانەکەشی دەکات، بەتایبەت ئەگەر کەسی تاوانبار، سەرچاوەی بژێوی ئەو خێزانە بێت. وێڕای دابینکردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ چاوپێکەوتنی کەسانی بەندکراو لەگەڵ خێزانەکانیان. جەبار، یەکێکە لەبەندکراوەکانی بەندیخانەی هەولێر، ئەو نایەوێت، باس لەجۆری تاوانەکەی بکات، بەڵام داوادەکات:“شوێنێکی تایبەت، بۆ بینینی کەسانی خێزاندار دابین بکرێت، چونکە رۆژی چاوپێکەوتن ناتوانی بەدەنگی ئاسایی قسە بکەی هەست دەکەی ماڵەکەی تەنیشتت گوێیان لەدەنگتە، ئەوەش هیچ سەربەستی و تام و چێژێک بەو چاوپێکەوتنە نادات. بۆیە پێویستە حکوومەت بیر لەدروستکردنی شوێنی تایبەت بۆ چاوپێکەوتنی ژن و مێرد، بکاتەوە“.

## زیندانەکانی کوردستان شوێنی چاکسازی نین

مەبەست لەسزادان، گەڕانەوەو هوشیارکردنەوەی کەسی تاوانبارە، لەهەڵەو تاوان. بۆیە پێویستە لەزیندانەکاندا، رەچاوی هەموو ئەو خاڵانە بکرێت کە بۆ هوشیارکردنەوەو گەڕانەوەی کەسێک لەتاوان پێویستە. پسپۆڕی دەروونی د. زریان کاکەیی، کاریگەرییە نەرێنیەکانی سـزا، شیدەکاتەوەو بەباوەڕی ئەو، سزا چەند بۆ گەڕانەوەو چاکسازی کەسی تاوانبارە، ئەوەندەش هۆکار و پاڵنەری تـاوانـە. چونکە“لەگەڵ ئـەوەی لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی ئەنجامدانی تاوان گرنگە، هاوکات لێکۆڵینەوە لەهۆکار و پاڵنەرەکانی تاوانیش گرنگترە. ئەگەر ئەوە کرا دەتوانرێت هۆکارەکانی





www.netewe.com

تاوان باشتر دەستنیشان بکرێت و کار بۆ چاکسازی بکرێت". د.زریان، یەکێک لەکارە ناشیاوەکانی بەندیخانەکانی کوردستان، بەتێکەڵکردنی هەمووو تاوان و تەمەنێک لەزیندانییەکان وەسف دەکات. بەڕای ئەو، ئەوەش ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی بۆسەر ژیانی ئەو بەندییانە دەبێت کە بەتاوان و هەڵەی بچووک زیندانیکراون. هەروەها دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆ یەکتربینینی ژن و پیاو، بەگرنگ دەزانێت، تا لەو ڕووەوەو ژن وپیاو لێکدانەبڕێن و بۆشاییەکانی یەکتری پڕبکەنەوە.

تـوێـژەری کـۆمـەڵایـەتـی سیامەند ئەحمەد، دەڵێت، بوونی تاوان و کەسی تاوانبار لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کارێکی سروشتییە، بەڵام بەرێژەی جیاواز، بەندکردنی تاکیش بەهۆی هەر تاوانێکەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا ئەوەی ئەو تاوانە لەسەر کەسی تاوانبار قورستر دەکات کەلتوور و قسەی خەڵکە. واتە ئەگەر کەسێک تاوانێکی ئەنجامدا ئەوا ناتوانێت ببێتەوە کەسێکی ئاسایی، ئەمەش بەهۆی تێڕوانینی ئەو کەسە لەلایەن کۆمەڵگاوە، بەهەڵەیەکی گەورە دادەنرێت. ئەو توێژەرە پێیوایە، ئافرەت لەمجۆرە کۆمەڵگایەنەدا قوربانیدەری یەکەمە لەهەموو ڕوویەکەوەو هیچکەس و لایەنێک نییە ڕەچاوی بارودۆخی ئەو ئافرەتانە بکات و بتوانێت ئەو بۆشاییانەی بۆ پڕ بکاتەوە کە لەئەنجامی دەستگیرکردنی هـاوسـەرەکـەی بـۆی دروسـت دەبێت، سەرەرای نەبوونی ئەو یارمەتییەش کەچی ئافرەت لەلایەن کۆمەڵگاوە ڕووبەڕووی جۆرەها تانەوتەشەر یان هەوڵی قۆستنەوەی دەدرێت، ئەمەش پەیوەندی بەنزمی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگاوە هەیە. هەروەها بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەی کە خراوەتە سەری، ئافرەت ناتوانێت وەک پێویست منداڵەکانی پەروەردە بکات.

کۆمەڵگا ناهێڵێ تاوانباران ببنەوە کەسی ئاسایی لەکۆمەڵگەی کوردستاندا، زۆرجار کە کەسێک تاوانێکی کرد، دوای گەڕانەوەی لەسزاش کۆمەڵگا یارمەتی نـادات تا ببێتەوە کەسی ئاسایی و سەرلەنوێ ژیانی ئاسایی دەسـت پێبکاتەوە. بۆیە زۆر لەخێزانی کەسانی تاوانبار تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی دێن و زیانی زۆر بەمنداڵان دەگەیەنرێت. بوونی کەمووکورتی لەبەخێوکردندا، منداڵ تووشی حاڵەتی نائاسایی دەکات و ئەمەش زیانێکی زۆر بەداهاتووی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە منداڵان پێکهێنەری پاشەڕۆژی کۆمەڵگان.

ئەندامی پێشووی پەرلەمان خەمان زرار، پێیوایە، کە کەسێک تاوانی کردو خێزاندار بوو، ناکرێت بڵێی باسزا نەدرێت. بەڵام پێویستە، "ژنان ئەوەندە بەتوانابن کە لەکاتی ڕووبـەڕووبـوونـەوەی هەر گرفتێکدا، ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بگرنە ئەستۆ. پێوستە پێداچوونەوە بەهەندێ یاسا بکرێت، کە زۆر کۆنن و لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا ناگونجێن". خەمان بەباشی دەزانێت کە چاکسازی لەگرتووخانەکانی هەرێم بکرێت و بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ گرتووەکاندا بکرێت. ئەمەیش بەگۆرینی بڕگەکانی یاسای تایبەت بەگرتووەکانە کە پێویستە گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا بکرێت.

**بۆکان هیوا**

**زۆر لەخێزانی کەسانی تاوانبار تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی دێن و زیانی زۆر بەمنداڵان دەگەیەنرێت. بوونی کەمووکورتی لەبەخێوکردندا، منداڵ تووشی حاڵەتی نائاسایی دەکات و ئەمەش زیانێکی زۆر بەداهاتووی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، چونکە منداڵان پێکهێنەری پاشەڕۆژی کۆمەڵگان**





www.netewe.com

# بە ١٠٠٠ دۆلار داواکەی ڕەتکرایەوە

## چنار: ڕۆژانە بەچەکوش لێم دەدرا

## نامەوێت بڕۆمەوە لای هاوسەر و زڕدایکەکەم دەمکوژن

هەولێر

لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر، ژنێکی تەمەن ١٤ ساڵی، بە گوتەی خۆی ماوەی ٢ ساڵە لەلایەن زڕدایک، هاوسەر و خەسووکەیەوە بە چەکووش وچەقۆ، لێدراوە و دوای سکاڵاکردنیشی لە دادگا بە ١٠٠٠دۆلار داواکەی وەردەگیرێتەوە

لەچکە شینەکەی توند لەسەریەوە پێچابوو. ماکسییەکی پەمەیی لەبەرکردبوو.

بەدەم گریانەوە باسی لە گێڕانەوەی لێدان و ئازاردانی لە لایەن زڕدایک و هاوسەرەکەیەوە دەکرد. نیشانەی سووتانی جگەرە و چەقۆی بەگیانییەوە بوو کە وەک خۆی دەڵێت ئەوە شوێنی ئەشکەنجەکانی "زڕدایک و مێردەکەیەتی".

ئەو کچە ناوی چنارەو هێشتان تەمەنی ١٤ ساڵی تەواو نەکردووە. لەساڵی ١٩٩٥لە شاری هەولێر، لەدایک بووە و لە خێزانێکی هەشت کەسییەو چوار خووشک و دووبرای هەیە.

بەڵام تەنیا خۆیی و برایەکی لەماڵ ماون و براو خوشکەکانی دیکەی بەر لە مردنی دایکی، هاوسەرگیرییان کردووە.

هەفتەیەک دوای مردنی دایکی بە نەخۆشی "شێرپەنجەی مەمک" باوکی بۆجاری دووەم ژن دەهێنێت و چنار، دەدرێتە برازای زڕدایکەکەی. ئەوکاتە تەمەنی چنار، ١٢ساڵ دەبێت و بەگوتەی خۆی بەبێ ئەوەی کەس ڕەزامەندنی ئەو وەربگرێت بە شویان داوە " کاتێک بەشوودرام تەمەنم دوانزەساڵ بوو و هیچم نەدەزانی کە مەڵاش مارەی کردم، هیچ پرسیارێکی لێ نەکردم. بەڵام دەزانم مارەییەکەم ١٩ مسقاڵ ئاڵتوون و نەختەکەیشم ١٥مسقاڵ بوو کە هیچم نەمبینی".

ئەو لە دەستپێکدا باسی لە جەستەی خۆی کرد کە ئاسەواری چەقۆ، چەکوش، داخکردن بە جگەرە و لێدانی پێوە دیاربوو. بە دەمووچاوێکی خەمگینەوە کاتێک ئاسەواری لێدانەکەی سەر جەستەی پیشان دەدایەن، بە شەرمەوە دەیگووت " با نیشانەکانی سەر ران و سمتم بە تەوای دیارنەکەون عەیبە". هەروەها ئاماژە بە



چنار

www.newe.com




تەمەنی هاوسەرەکی دەکات کە ٤ ساڵ لە خۆی گەورەترە. چنار، باس لەوەدەکات کە سەرەتا هاوسەرەکەی لەگەڵی باشبووە، بەڵام دوای ئەوەی زڕدایکەکەی هاتووچۆیان دەکات هانی هاوسەرەکەی دەدات بەوەی کە لێیبدات و ئیتر دوای ئەوە هاوسەرەکەشی دەست دەکات بە لێدان و ئەشکەنجەدانی. چنار، جگە لە زڕدایک و هاوسەرەکەی، دوو خەسووی هەبووە و ئەوانیش ئازاریان داوە "چەندینجار خەسووەکەی سەری شکاندووە" و هەروەها هاوسەرەکەشی "بەچەقۆ لێیداوە و هیچ کاتێکیش پارەی نە داوەتێ و هەمیشە پشتگوێی خستووە". ئەو، دوای ئەوەی سکاڵا لەسەر زڕدایک، هاوسەرەکەی، باوکی و خەسووەکەی تۆماردەکات، زڕدایکەکەی رادەکات و کەس شوێنی نازانێت.

چنار، باس لە ئەشکەنجەکانی زڕدایکەکەی دەکات کە جارێک نزیکەی یەک مانگ لە بەیتونەی ماڵەوە بەندییان کردووە و زڕدایکەکەی پێیگووتووە "تۆ لە رەوشت لاتداوە و دەبێ بتکووژین". هەروەها نایشارێتەوە کە چەندجارێک سکاڵای لای باوکی کردووە، بەڵام کاتێ زڕداکەکەی پێیدەزانێت چاوەڕێ کردووە، تا باوکی لەماڵ دەرچووە و دوای ئەوە زڕدایکەکەی چەندین رۆژ بە چەکوش، لە قاچی داوە، تا وای لێهاتووە ماوەی یەک هەفتە نەتوانێت بەپێ بڕوات، کەچی هەر کاری ناوماڵیشی پێکردووە.

وەک خۆی دەیگێڕێتەوە کە جار هەبووە ئەوەندە بەسەختی لێیداوە کە دەموو ددانی شەق بووە و لای باوکی گووتوویەتی "دەمی کول بووە". باوک و براکەشی نەیانتوانیووە بەرگری لێبکەن و لە زڕدایکەکەی ترساون". هەموو جارێ جنێوی بە باوکیشم دەدا، بۆیە براکەشم دەترساو لایەنگیری منی نەدەکرد".

چنار، باس لە زڕدایکەکەی دەکات کە بەر لەوەی شوو بە باوکی ئەو بکات، بێوەژن بووە و خاوەنی دوومنداڵ بووە، بەڵام ماڵی خەزوری نەیان هێشتووە منداڵەکانی لای خۆییبێت " بۆیە ئەویش رقی ئەوانی بەمن دەرشت". پاش ئەوەی کە چنار، بۆماوەیەکی زۆر لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەی هاوسەرو زڕدایکەکەی دەبێت، بیر لەوەدەکاتەوە کە بچێت لەدادگا سکاڵایان لەسەر تۆماربکات، بەڵام لەتۆمارکردنی سکاڵا دوودڵ دەبێت و هەست بەوەدەکات کە ئەو کارە مەترسی بۆ دروستدەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوسەرو زڕدایکەکەی، بیکوژن. وەک زانیاریدا کە دوای ئەوەی هاوسەرکەی لە ئەشکەنجەدانی بەردەوام دەبێت، بۆ ماڵی باوکی رادەکات و لە بری داڵدەدان زڕدایکەکەشی بەهەمان شێوەی هاوسەرەکەی ئەشکەنجە دەدات و دەری دەکات. ئەوکاتە چنار بەناچاری هانا بۆ ماڵی خوشکەکەی دەبات و خوشکەکەی داڵدەی دەدات و دەیباتە بنکەیەکی پۆلیس. دوای تۆمارکردنی سکاڵا، لەلایەن پۆلیسەوە هاوسەری چنار و باوکی، ماوەیەکی کەم راگیراودەکرێن و دواتر بە بڕیاری دادوەر ئازاد دەکرێن، بەڵام زڕدایکەکەی رادەکات و بەگوتەی چنار، تا ئێستا شوێنی نازانرێت.

چنار، کاتێک ئێمە چاوپێکەتنمان لەگەڵدا کرد، بە گریانەوە داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرد کە یارمەتی بدەن "نامەوێت بڕۆمەوە لای هاوسەرو زڕدایکەکەم، چونکە دڵنیام ئەمجارە دەمکوژن. هەموو ویستی من ئەوەیە لەوانە رزگارم ببێت، بەهۆیە تا ئێستا چەندجارێک هەوڵی خۆ کووشتنم داوە، بەڵام پەشیمان بوومەوتەوە". هاوکات رۆژێک دوای دیمانەکەی چنار، خوشکی چنار، بە وارڤینی راگەیاند کە باوکی، چناری لە داواکەی پەشیمان کردووەتەوە " باوکم ئازادکراوە و ١٠٠٠ دۆلاریش لەلایەن باوکمەوە بەچنار دراوە، تا داواکەی وەربگرێتەوە و ئەویش قبوڵی کردووە". خوشکی سەورین، بەنیگەرانییەوە داوا دەکات کە هاوکاری چنار، بکرێت "ئەو هێشتا منداڵەو داهاتووی خۆی نازانێ، داوا دەکەم لایەنی پەیوەندیدار بە دوای کێشەی چناردا بچن، چونکە ژیانی لە مەترسیدایە".

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ، ئاری رەفیق، ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان ناتوان رێگە لە چنار بگرن، کاتێک لە داواکەی پەشیمان بوویێتەوە. بەڵام هاوکات چەند مەرجێک بۆ بنەماڵەی دادەنێن، لەوانە پڕکردنەوەی بەڵێنامەیەک بە ماڵەوەیان دەبێت. هەروەها ئاری رەفیق، ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ ئاگاداربوون لە رەوشی ژیانی چنار ، دەبێت ، بۆهەر ١٥ جارێک سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان بکات و پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتییەدا هەبێت.

ئاری رەفیق، گووتیشی " ئێمە لەنزیکەوە چاودێری چنار دەکەین، بۆ ئاگاداربوونمان لە سەلامەتی ژیانی و پارێزگاریکردن لە هەر توندووتیژییەک کە لەگەڵیدا بکرێت".

**ئاڤان و بۆکان**

www.metewe.com

# ((لە ناو وەزارەتی ئەوقافدا تەحەروش بە کچان دەکرێت))

هەولێر

کچە فەرمانبەرانی هەرسێ ئایینی موسڵمان و کریستیان و ئێزدی، لەنێو وەزارەتـی ئەوقافدا نزای پێکەوە ژیانی ئایینی دەکەن. کچانی ئێزدی، رووی رەخنە ئاراستەی هەندێ لەفەرمانبەرانی کوڕ دەکەن، بەوەی کە لەنێو ئەو وەزارەتـەدا تـەحـەروشـیـان پـێـدەکـەن. کریستیانەکان، جەخت لەپێکەوە ژیانی ئایینی دەکەنەوە و موسڵمانەکانیش داوا دەکـەن کە کچانی ئەو وەزارەتـە لەپۆستەکانی حکوومەتدا پەراوێز نەخرێن.

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کە ئێستا ژمـارەکـەی لەسەرووی ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هـەزار کەسە، پێکەوە ژیانی ئایین و ئایینزاکانی دیکە لەنێو هاووڵاتیاندا گەشەی کردووەو بووەتە تایبەتمەندییەکی دیاری هەرێمەکەمان. ناوەندی رێکخستنی کاروباری ئایینیش بەحکوومەت و دەسەڵاتی برِیاردانەوە، وەزارەتی ئەوقاوف و کاروباری ئایینییە، چونکە بەهۆی ئەو وەزارەتـەوە دەتوانرێت سیستمی بەرێوەچوونی کاروباری ئایینی لەکڵێسەو مزگەوت و پەرستگاکانی ئێزیدییەکان، رێکبخرێت. تەنیا لەپارێزگای هەولێر، زیاتر لە ١٦٠٠ مزگەوت و ٥٨ تەکیەو خانەقاو ٢٢ کڵێسە هەیە.

بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ئایینی و رێکخستنی بۆنە ئایینییەکان و دروستکردنی پردی پێوەندی نێوان ئەو سێ ئایینەو ئاینزاکانی تر بەیەکەوە، بەبرِیاری پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بۆ (وەزارەتـی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) گـۆڕدرا. هەریەک لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزدییەکان و بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مەسیحییەکان، لەناو باڵەخانەی وەزارەتـدا کرانەوەو ئەمەش سەردەمێکی نوێی لەمامەڵەکردن و پێکەوە ژیان، لەنێو وەزارەتدا دروست کرد".

کـەلـسـوم، بـەئـایـیـن مـوسـڵـمـانـەو یەکێکە لەفەرمانبەرانی وەزارەتـی ئەوقاف و نزیکەی ٧ساڵە لەم وەزارەتەدا کاردەکات.

ئەو حیجاب دەپۆشێت و هەمیشە بەڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵ هاووڵاتییاندا مامەڵە دەکات. خۆشحاڵی خۆی بەوە دەردەبرێت کە لەگەڵ کچانی کریستیان و ئێزدی، لەنێو وەزارەتـی ئەوقافدا کاردەکات، "من کچە ئێزیدی و کریستیانەکانم زۆرخۆشدەوێت و هەر لەیەکەم رۆژەوە کە ئەوان هاتنە نێو وەزارەتـەوە هەوڵمدا ببمە هاوڕێیان و ئێستاش ئەوان هاوڕێی خۆشەویستی منن و بەردەوام هاتووچۆیان دەکەم.))

بەپێی هەندێ ئاماری نافەرمی، ژمارەی ئێزدییەکان لەهەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکانی ئەو هەرێمە لەسەرووی ٣٥٠ هەزار کەس دەبێت.

یەکێک لەرێبەرە رۆحانییەکانیان میر تەحسین بەگەو وەک شارەزایانی بـواری مێژوو دەڵێن کـوردی رەسـەنـن، بـەڵام خـاوەن ئاییینێکی تایبەت بەخۆیانن. پەرستگای ئەوان لەجیهان و کوردستاندا (لالـش)ە کە دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی شێخانەوە.

ڤیان، کچێکی ئێزدییەو نزیکەی ٨ مانگە لەوەزارەتی ئەوقاف (بەرێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ئێزدی) دەوام دەکـات، ئەو پێشتر لەوەزارەتی تەندروستی بووەو دەڵێت: "لەوەزارەتی تـەنـدروسـتـی یـان پێشتر لـەقـوتـابـخـانـەو تەنانەت لەماڵەوەش کە چەندین دراوسێی موسڵمانمان هەیە، هیچ گرفتێکم نەبووەو زۆر بەئاسایی ژیانی رۆژانـەم بەسەربردووە، بەڵام لەو کاتەوە کە هاتوومەتە وەزارەتـی ئەوقاف، هەست بەهەندێک تەحەروش و توانج، لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکەم کە بەداخەوە ئەوانە لەنێو وەزارەتـی ئەوقاف، کاردەکەن و "ئاستی رۆشنبیریان زۆر نزمە". سەبارەت بەکچانی وەزارەتـــی ئـەوقـاف، دەڵـێـت: " ئێمە زۆر بەیەکەوەین و لەیەکترییەوە نزیکین، بەڵام بۆ ئەوەی حەساسیەت دروست نەبێت، من زیاتر لـەژوورەکـەی خـۆم دەمێنمەوە". ڤیان، زۆر بەباشی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت و شوفێریش دەکات. ئەو دەڵێت "پابەندبوونمان بەئایینیەوە تەنیا لەو کاتانەیە کە سەردانی لالش و شوێنە پیرۆزەکانی خۆمان دەکەین".

کریستیانەکان، بەسیستمی کۆتا لەپەرلەمانی کوردستاندا خـاوەن ٥ کورسیین. لەتەواوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا کلێسەیان هەیەو زۆرینەی هاووڵاتیانی کریستیانیش لەهەرێمی کوردستاندا لەهەر دوو مەزهەبی پرۆتستانت و کاسۆلیکن.

ڤێرجین، کچە فەرمانبەرێکی کریستیانەو دانیشتووی شارۆچکەی عەنکاوەیە.

سـەرەرای ئەوەی ماوەیەکی کەمە لەوەزارەتی ئەوقاف دامەزراوە، بەڵام یەکێکە لەفەرمانبەرە دڵسۆزەکانی وەزارەت و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو فەرمانبەرە موسووڵمان و ئێزدییەکانەوە هەیە.

"زۆر بەئاسایی لەگەڵ مەلاو قەشەو پیاوانی ئایینی مامەڵە دەکەم و دەرۆمە هەموو ژوورەکانی وەزارەتی ئەوقاف و ئەوانیش زۆربەیان رێزم دەگرن"

www.nelewe.com



فەرمانبەرانی وەزارەتی ئاوقاف

ئەو دەرچووی کۆلیژی کارگێری و ئابووری زانکۆی بەغدایە.

ئەم کچە کریستیانە دەڵێت "زۆر بەئاسایی لەگەڵ مەلاو قەشەو پیاوانی ئایینی مامەڵە دەکەم و دەرۆمە هەموو ژوورەکانی وەزارەتی ئەوقاف و ئەوانیش زۆربەیان ڕێزم دەگرن".

وەک دەڵێت هەوڵدەدەم ڕێز لەتایبەتمەندی بۆنە ئایینییەکانی موسڵمانان بگرم و گوتیشی من هەموو ڕۆژانێکی یەکشەممە لەکلێسە نوێژ دەکەم و لەوە زیاتر پابەندبوونم بەئایینەوە نییە.

شەیما ڕزگار، لەوەزارەتی ئەوقافدا کچە فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی باڵایە و دەرچووی بەشی کوردی کۆلیژی ئادابە.

سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مامۆستایانی ئایینییەوە شەیما، ئەوە دەخاتەڕوو کە توانیویەتی زۆر بەباشی هاوسەنگی لەنێوان کەسایەتی خۆی لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی جلووبەرگ و تایبەتمەندی وەزارەتی ئەوقاف، ڕابگرێت".

شەیما، باس لەوەدەکات کە ئەو ماوەیەی لەوەزارەتی ئەوقافدا کاریکردووە بۆی دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی توانج و تەحەڕوش دەکەن، تەنیا بەکچە ئێزدی و کریستیانەکانی ناکەن، بەڵکو بە موسوڵمانەکانیشی دەکەن و ئەوەش بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کەسە دەگەڕێنێتەوە کە ئەو کارە دەکات.

لیندا، کچە ئێزدیەکی وەزارەتی ئەوقافەو ماوەیەکی کەمە لەوەزارەت، دەستبەکار بووەو وەک زۆربەی کچە فەرمانبەرانی دیکەی ئێزدی و مەسیحی و موسڵمان، گلەیی لەکەمی مووچەکەی و لەهەندێ هەڵسووکەوتی "نابەجێی"چەند فەرمانبەرێکی کوڕ، لەنێو وەزارەتی ئەوقافدا هەیە

شەیما، پێشنیاری ئەوەشی کرد کە کچە فەرمانبەرەکان پەراوێز نەخرێن و گوتی "زۆربەمان هەڵگری بڕوانامەین و لەکارەکەماندا ئەوپەڕی دڵسۆزیمان پیشانداوە، بۆیە حەقوایە لەدابەشکردنی پۆستەکانی وەزارەتدا کچان پەراوێز نەخرێن))

لیندا، کچە ئێزدیەکی وەزارەتی ئەوقافەو ماوەیەکی کەمە لەوەزارەت، دەستبەکار بووەو وەک زۆربەی کچە فەرمانبەرانی دیکەی ئێزدی و مەسیحی و موسڵمان، گلەیی لەکەمی مووچەکەی و لەهەندێ هەڵسووکەوتی "نابەجێی"چەند فەرمانبەرێکی کوڕ، لەنێو وەزارەتی ئەوقافدا هەیە.

لیندا، کە خێزانی یەکێک لەفەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئێزدییەکانە گوتی:"شوێنی دەوامەمان زۆر بچوکەو تائێستا شوێنی پێوستمان بۆ کارکردن نییە، هەندێ لەمەلا و کارمەندانی وەزارەتم بینیووە، یان گوێم لێبووە کە بەچاوی کوفر، سەیری ئێمەیان کردووە، ئەوەش جێگەی نیگەرانییە، چونکە هەمووومان خوای گەورە دروستی کردووین و پێویستە ڕێز لەیەکتری و لەئایینی یەکتری بگرین". لیندا، ئومێد دەکات کە لەڕێگای کۆڕو کۆبوونەوەی گەشتی تایبەت بەفەرمانبەرانی وەزارەتەوە یەکترناسین و یەکترقبووڵکردنی ئایینی پتەوتر بکرێت.

www.netewe.com

# تاوانی هاوبەش

# خوێندنەوەیەک بۆ سێ کەیسی گۆڤاری وارڤین

**هەتاو کەریم**

ماوەیەکە لەگۆڤار و رۆژنامەکاندا باس لەهەندێ حاڵەتی دەگمەنی کوشتنی پیاو دەکرێت. لێرەدا بەپێویستی دەزانم خوێندنەوەیەک بۆ سێ حاڵەتی کوشتن بکەم کە وارڤین بەدواداچوونی بۆ کردووە. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم رووداوە جەرگبڕانەدا، چەند پرسیار دروست دەبن. ئایا راستە ئافرەتان پیاوەکانیان کوشتووە؟ ئایا ئافرەت دەتوانێت پیاو بکوژێت؟ ئایا ئافرەت لەرووی جەستییەوە ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێت پیاوێک سەرببڕێت؟ ئایا ئافرەتان خۆیان ئەم کارەیان ئەنجامداوە؟ یاخود ئافرەتان ئامرازێکی رێخۆشکەربوون بەدەست پیاوانەوە تابتوانن پیاوێکیتر بکوژن؟ هۆکاری سەرەکی ئەم رەفتارە بۆچی دەگەڕێتەوە؟. ئەوەی ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی تەقلیدی و نێرسالارییە کە تێیدا کەلتووری باوک و دەسەڵاتەکانی باڵی بەسەر خێزان و ژندا کێشاوە. پیاوان (باوک، برا، مام، خاڵ) زیاتر چارەنووس و دوارۆژی خێزان و ژن دیاری دەکەن.

بۆ نموونە لەلاپەڕە (٣٤).ی ژمارە (٢).ی وارڤین، بەمانشێتێکی گەورە نووسراوە (بەهۆی ئەوەی (ع.ر.ج) ژنەکەی بەدڵ نەبوو، باوک و براو ژنەکەی کوشت). بێگومان چەندین هۆکاری تێکەڵ و ئاڵۆز لەدروستبوون و سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکدا رۆڵ دەگێڕن، بەتایبەتیش رووداوی کوشتن. کوشتن بەیەکێک لەکێشەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت کە رووبەڕووی کۆمەڵگای ئێمە بووەتەوە. چەندین هۆکارێکی لەپشتەوەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. وەک لەپێشدا ئاماژەمان پێدا کۆمەڵگای باوکسالاری چارەنووسی دوارۆژی نەوەکان دیاریدەکات، واتە رای تاکەکەسەکان رۆڵ ناگێڕێت لەبڕیاردان لەچارەنووس و دوارۆژی تاکەکان لەناو خێزاندا، هیچ جیاوازییەکی نییە کە تاک، کچ یان کور بێت بەڵکو باوک و برا بڕیاردەری چارەنووسی خێزانن. وەک لەحاڵەتی ئەنجامدانی کوشتنی ئافرەتەکە لەلایەن پیاوەکەیەوە (ژمارە٢.ی وارڤین) لەبەر ئەوەی باوکی بەزۆر ژنی بۆ هێناوە دوای کوشتنی ژنەکەی دەستڕێژ دەکاتە سەر باوکی خۆیشی ( واتە تۆڵەی لێ دەکاتەوە) باوک و براکەشی دەکوژێت.

٢. بەزۆر بەشوودان. (ز) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ (خ) هەبووە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، دوای هاتنەداوای چونکە خوشکەکانی رازینەبوون، براکەی بەماڵی (خ).ی گووت رازی نین و ئەوانیش جارێکی تر نەهاتنەوە. ( وارڤین ژمارە٥).

هەروەها حاڵەتی کوشتنی پیاوێک لەلایەن ئافرەتەکەیەوە لەسیدەکان کە ژنەکە تەمەنی (١٩) ساڵ بووە، پەیوەندی هەبووە لەگەڵ پیاوێک کە ژن و منداڵی هەبووە، ئەو پیاوە دووجار دەستدرێژی کردووەتە سەری، بەڵام دوای هاتنەداوای ماڵی کچەکە رازینەبوون شوو بەم پیاوە بکات، یەکێک لەئەندامانی بنەماڵەکەی بەزۆر داویەتی بەکوڕی برادەرێکی خۆی، کە تووشی حاڵەتی دڵتوندی بووە، دواجار گەیشتووەتە حاڵەتێک کە حەز بەکوشتنی کەسێک بکات. لەهەر سێ حاڵەتی کوشتندا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکارێکی سەرەکی لەپشت ئەم کوشتنەوەیە، ئەویش بەزۆر بەشوودان و بەزۆر ژنهێنانە، کە بەداخەوە کۆمەڵگای ئێمە هێشتا هەر کاری پێدەکات.

٣. تێنەگەیشتن. زۆربەی ئەو کێشەو گرفتانەی کە رووبەڕووی مرۆڤەکان دەبێتەوە، چ لەسەر ئاستی تاک یان کۆمەڵگا بۆ لێکنەگەیشتنی نێوان کەسەکان دەگەڕێتەوە. کەئەمەش لە چیرۆکی (ع.ج.ر)دا هاتووە. لەو کەیسەدا تاوانبار دەڵێت (کەس لەمن نەدەگەیشت). ئەمەش بۆ پەروەردەی خێزانی دەگەڕێتەوە، کە خێزان ئەندامەکانی فێری پێویستی لەیەکتر گەیشتن ناکات و دایک هەوڵ نادات لەکوڕ و کچەکەی تێبگات، باوکیش بەهەمانشێوە هەوڵنادات لەنەوەکانی تێبگات، بەردەوام لەنێوانیاندا گرفت دروست دەبێت. ئەو پرسە لەزانستی کۆمەڵناسیدا بە (ململانێی نەوەکان) ناو دەبرێت، واتە ململانێی نێوان دایک و باوک و نەوەکانیان.

باوک هەردەم هەوڵدەدات کوڕەکەی وەک خۆی بێت و وەک خۆی بیربکاتەوەو وەک خۆی ژنی بۆ بهێنێت، هەوڵنادات لێی تێبگات. لەوە ناگات کە کوڕەکەی رەنگە وەک ئەو بیر نەکاتەوەو هیواو و ئامانجی جیاوازی هەبێت. بەهەمانشێوە دایکەکانیش هەوڵی گەیشتن لەکچەکانیان نادەن و بڕیاری چارەنووسازیان بەسەردا دەسەپێنن. ئەویش ئەوەیە کە دەبێت وەک ئەوان بکەن. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە باوک و دایکەکان، رۆژانە بەرانبەر بەمنداڵەکانیان ئەنجامیدەدەن، ئەوەش کێشەو گرفتی وەک ئەم کەیسانەی لێ دەکەوێتەوە، کە بەکوشتنی پیاو یان ژن کۆتایی دێت.

٤. توندوتیژی دەروونی. لەئەنجامی مامەڵەی خراپی ناو خێزان و گوێنەدان بە حەزو ویستی تاکەکان، رۆژانە توندوتیژی دەروونی بەرامبەریان ئەنجامدەدرێت. بۆ نموونە گوێ بەحەزو ئارەزووی تاکەکان نادرێت، بەردەوام پەراوێز دەخرێن و گوێیان لێ ناگیرێت، وەک مرۆڤێکی پێشکەوتوو مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت. پێویستە بزانین هەر تاکێک، تایبەتمەندی، خەیاڵ، خولیاو بیروڕای خۆیی هەیە کە رەنگە لەگەڵ کەسانتیر جیاواز بێت. بۆیە پێویستە گوێی لێبگیرێت. لەبەر ئەوەی



www.netewe.com

ئەگەر بەردەوام پشتگوێ بخرێت، لەکۆتاییدا گرێ و نەخۆشی دەروونی لەناخیدا دروست دەبێت. مرۆڤی ئاسایی ناتوانێ ڕەفتاری کوشتن ئەنجام بدات. تەنیا مرۆڤ کاتێک کە دەکەوێتە دۆخێکی نائاساییەوەو توانای کۆنترۆڵکردنی لایەنی دەروونی خۆی نامێنێت، بڕیار لەسەر کوشتن یان ڕەفتارێکی هەڵە دەدات.

٥. تواناکانی مرۆڤ سنووردارن. ئەگەر سنووری تێپەڕاند، ئەوا کۆمەڵێک گرفت سەرهەڵدەدەن. وەک لەحاڵەتی (خ)دا بۆمان دەردەکەوێت. (ز) دەڵێت، ڕۆژێک (خ) تێلی بۆ کردم گوتی، لەوە زیاتر ئۆقرەم نەماوە، تۆ ڕازیت (ز) بکوژم، منیش گوتم ئەگەر پێتدەکرێت، بەڵێ (وارڤین ژ٥). بۆ نموونە، کەیسی کوشتنی (ع.ز.ج) دەڵێت، بەردەوام نەگونجانم لەگەڵ خێزانەکەم لەمێشکی خۆمدا شیدەکردەوەو پێموابوو وەک خەڵکی ئاسایی ناژیم. لەڕووی دەروونییەوە کاتێ مرۆڤ زۆر بیر لەگرفتێک دەکاتەوە، گرفتەکەی لەلا گەورەترو ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە لەوکاتەدا بڕیارەکانی ڕاست و دروست نابن.

٦. هۆکاری ئابووری. زۆرجار نەبوونی و دەستکورتی دەبنە سەرچاوەی کێشەو گرفتەکان و کوشتنی لێدەکەوێتەوە. وەک حاڵەتی ( بەتەلەفۆن پیلانی کوشتنی مێردەکەمم داڕشت). (ز) دەڵێت (خ) تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی، بژێوی ماددیم باش نییە، ئەگەر وەک دز بێمەسەر ماڵتان، زێڕەکانتم دەدەیتێ؟ منیش ڕازی بووم و پیلانەکەمان دانا (٥).

لەم سێ حاڵەتەدا، پیاوان ئەنجامدەری سەرەکی کوشتنەکانن، بەڵام ئافرەتانیش وەک ئامرازێکی ڕێخۆشکەر بەکار هاتوون، بۆ ئەوەی ڕەفتارو تاوانەکەیان بەسەردا ساغ بکەنەوە، هاوکات دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین ئەوانیش بەشێک بوون لەکێشەکە.

لەکۆتاییدا بۆ ڕێگرتن و چارەسەرکردن لەڕوودانەوەی حاڵەتگەلی لەمجۆرە، پێویستە:

١. خێزانەکان دەبێت هەوڵبدەن لەمنداڵەکانیان بگەن.

٢. ڕێگرتن لە بەشوودانی زۆرەملەو بەزۆر ژنهێنان.

٣. دایک و باوکان بڕیار لەسەر چارەنووسی



نەوەکانیان نەدەن، بەڵکو ڕاوێژیان لەگەڵ بکەن و بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگرن.

٤. هۆشیارکردنەوەی ئافرەت بۆ ئەوەی نەبێتە چەکێک بەدەست پیاوانەوە.

٥. قەدەغەکردنی بەزۆر بەشوودان و بەزۆر ژن هێنان لەلایەن قانوونەوەو جێبەجێکردنی لەدادگاکاندا.

٦. سیستەمی پەروەردە، ڕۆڵی بنچینەیی دەبینێت لەپەروەردەکردنی تاکەکاندا. هەروەها پیاوانی ئایینی لەهۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەبێت، بەتایبەت لەڕووی بابەتگەلی خێزانی و هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. دەرخستنی ئاسەوارە نەرێنییەکانی توندوتیژی بەهەموو شێوەکانیەوە، کە لەم نێوانەشدا میدیاکانیش پێویستە ڕۆڵێکی قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ.

## بەهۆی کەمی مووچەوە لە کەرکووک...

# ژنانی پۆلیس واز لەکارەکانیان دەهێنن

کەرکووک

چاوەکانی لە ژێر چاویلکە رەشەکەدا شاردووەتەوە، بە وریایەوە چاودێری وردی ئەو کەسانەی دەکرد کە بەبەردەمیدا تێدەپەڕین. جلوبەرگێکی شینی پۆشیبوو. لەگەڵ داپۆشین و شاردنەوەی رووخساری وا خۆی پیشاندەدات کە هەست نەکەیت ژنە .ئەمیرە، کە لە ریزەکانی پۆلیس بووەتە کارمەند بەم شێوەیە روخساری خۆی لە خەڵک دەشارێتەوە.

”رۆژانە لەبەر سەختی راهێنانی خولەکەمان دەگریام، بەڵام کاتێک وێنەی هەردوو منداڵەکەم دەهاتە بەرچاو کە چۆن قوتابخانەیان بە جێهێشتووە و لە پێناوی ژیاندا ماندوودەبن، بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشییانەم گرت و دانم بە خۆمدا گرت“ ئەمە گوتەی ئەمیرەیە کە بەدەم قسەکردنەوە چاوەکانی فرمێسکیان لێدەهاتە خوارەوە. ئەمیرە، تەمەنی ٣٨ ساڵەو دایکی دوو منداڵە. یەکێکە لەو ژنانەی کە ساڵی رابردوودا چووەتە ریزەکانی پۆلیس لە پارێزگای کەرکوک وەک پاسەوانێک لە دەروازەی فەرمانگەیەکی حکوومیی کاری پشکنین دەکات، ئەم فەرمانگەیە چەندینجار رووبەرووی کاری تیرۆریستی بووەتەوە.

ئەمیرە، رۆژانە حەوت کاتژمێر دەوام دەکات، کاری ئەو پشکنینی ئەوژنانەیە کە سەردانی ئەو فەرمانگەیە دەکەن. ئەو ژنە، وێڕای سەختی کارەکەیی و نەهامەتییەکانی ژیان، لەترسی گروپە تیرۆریستییەکان ناچارە نەهێڵێت بناسرێتەوە ”هەموو رۆژێک بەیانیان زوو لەماڵەوە بە جل و بەرگی ئاسایی و رووخسارێکی دیار دەردەچم ، بەڵام هەر دەگەمە شوێنی کارکردنم دەست بەجێ، جلەکانم دەگۆڕم و بەرگی پۆلیس دەپۆشم، تەنیا هەردوو چاوم بە دەرەوە دەمێنێ. ئەویش بە چاویلکەی رەش دەیشارمەوە و بەم شێوەیە شووناسی خۆم دەشارمەوە. ئەوانەی سەردانی شوێنی کارکردنم دەکەن نامناسنەوە. چونکە ئەوانەی دەبنە پۆلیس خوازیار نین و بەردەوام لەلایەن گروپە تیرۆریستی و توندڕەوەکانەوە دەبنە ئامانج، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە پۆلیس پاشکۆی هێزەکانی ئەمریکایە و لەگەڵ ئەو تاقمانە دەجەنگن“. کاری ئەمیرە، وەک پۆلیسێکی ژن ئاسان نییە، چونکە لای پیاوان مایەی خۆشحاڵی نییە بەوەی کە لە هەوڵی ئەوەدان ژنان نەچنە ئەم بوارە، چونکە زۆربەیان پیاون. هەر ژنێک ببێتە پۆلیس ئەوا ”بە چاوێکی باش سەیر ناکرێت“ چونکە زۆربەی پۆلیس پیاون و تێکەڵاوبوونی ژن لەگەڵیان بەپێوەرەکانی کۆمەڵگە دەرئەنجامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، بەڵام باری سەختی ژیان و کەمی داهات زۆربەی ژنان، ناچار دەکات ببن بە پۆلیس و هەموو ئاکامە دژوارەکانی ئەم کارە قبوڵ بکەن.

> دوای روخانی رژێمی بەعس، تەنیا ٧ ژنی پۆلیس هەبوون، بەڵام دوای ئەوە رێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە چووە و لە میانەی دووخولدا، کە لە ئەکادیمیای پۆلیسی کەرکووک بۆ ژنان بەڕێوەچوو، ١٠٥ ژن داواکاریان بۆ بەشداربوون لەو خولەدا پێشکەش کرد کەتەمەنیان لە نێوان ٣٠ بۆ ٥٠ ساڵ بووە.

لەشاری کەرکووک کە ناوەناوە کاری تیرۆیستی تێدا روودەدات، لە ژێرسایەی بێکاریدا زۆربەی ژنان روویان کردووەتە پۆلیس. ئەمەش دوای ئەوەهات کە دەرگای وەرگرتن و تۆمارکردن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بۆ ژنان لە چەند کاتێکی جیاوازدا لە دوای رووخانی رژێمی سەددام لە ساڵی ٢٠٠٣، کرایەوە.یاریدەدەری بەڕێوەبەری پۆلیسی گشتی کەرکووک لیوا روکن تورهان عەبدولرەحمان دەڵێت، ژنان بەشێوەیەکی زیاتر لە جاران روویانکردووەتە ریزەکانی پۆلیس، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ”هەندێ لەو ژنانە بڕوایان وایە کە دەتوانن لە پڕۆسەی سەقامگیری ئاشتی لەو شارەدابەشداری بکەن. هەندێکی تر لەو ژنانە باری دژواری ژیان وهەژاری ناچاریان دەکات ببنە پۆلیس، بەتایبەت دوای ئەوەی بێ هیوابوون لەوەی کە کارێکی تریان دەست بکەوێت“. بەپێی قسەکانی لیوا تورهان عەبدولرەحمان ، ژنان لە کاتی مەشق و راهێناندا سەرکەوتوون و پەرۆشی تەواوکردنی ئەم خولەن و تواناکانیان لەپیاوان زیاتر بەرجەستە دەکەن.

تورهان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای روخانی رژێمی بەعس، تەنیا ٧ ژنی پۆلیس هەبوون، بەڵام دوای ئەوە رێژەکە بەرەو بەرزبوونەوە چووە و لە میانەی دووخولدا، کە لە ئەکادیمیای پۆلیسی کەرکووک بۆ ژنان بەڕێوەچوو، ١٠٥ ژن داواکاریان بۆ بەشداربوون لەو خولەدا پێشکەش کرد کەتەمەنیان لە نێوان ٣٠بۆ٥٠ ساڵ بووە. لەو ژمارەیە ٦٠ ژن بە پێی مەرجەکان وەرگیران و تەنیا ٤٧ ژن بەسەرکەوتووی لە ریزەکانی پۆلیسدا وەرگیران، ئەوانی تر بە هۆی کەمی مووچەوە دەستیان لەکارەکەدا هەڵگرت.

لەیلا، ژنە پۆلیسێکی ترە کە رووخساری نائومێدی



www.netewe.com



و خەمباری پێوەدیارەو باس لە کەمی مووچەی دەکات "ئەوەی هانیدام ببمە پۆلیس ئەوە بوو کە موچەکەمان ٥٠٠ هەزار دینارە، بەڵام دوای تەواوکردنی خولی مەشق، گوتیان مووچەکەتان تەنیا ٢٠٠ هەزار دینارە". لەیلا، لەبەر رۆشنایی ئەو بەڵێنە، بەو مووچە کەمە بەردەوامەو هەموو ئەو هەلوومەرجە سەختانەی کارەکەی بەرگە دەگرێت و دەڵێت" کرێی خانووەکەم ١٥٠ هەزار دینارە و خۆم ٢٠٠ هەزار دینار وەردەگرم".

دایکی عەلی، تەمەنی ٤٥ساڵەو ماوەی سێ ساڵە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی شار دەوام دەکات. بێوەژنە و دایکی چوارمنداڵە. لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراو پێش ساڵێک، مێردەکەی گیانی لەدەست داوە. ئەو، سەرەڕای رێگری خزمەکانی بۆ ئەو کارە، بەڵام تا "منداڵەکانم بەرەنجی شان و ماندووبوونی خۆم بژیێنم و نەبمە بارگرانی بۆ کەس بەتایبەتی لەم دۆخە نالەبارەی ئێستادا، سوور بووم لەسەرئەوەی ببمە کارمەندی پۆلیس".

دایکی عەلی، چوونی رێژەیەکی زۆری ژنان بۆ ریزەکانی پۆلیس بۆ ئەوە دەگەڕێنێتە وە کە "کارێکە ئاسانتر دەستدەکەوێت، چونکە پێویستی بەبڕوانامە نییە، بۆیە ئەوانەی بڕوانامەیان نییە روو دەکەنە ریزەکانی پۆلیس". دایکی عەلی، مەترسییەکانی کارەکەیی و گێچەڵپێکردنیان لەلایەن خەڵکەوە دەخاتەروو "بە چاوی گومان و خراپەوە سەیرمان دەکەن و بریندارمان دەکەن، وەک ئەوەی تاوانێکمان کردبێت. هەندێ جاریش تووشی کێشەمان دەکەن و لە لایەن هەندێ کەسەوە گێچەڵمان پێدەکرێت. جارێک لە کاتی پشکنینی ئەو ئافرەتانەی بۆ راییکردنی کارەکانیان هاتبوونە فەرمانگە، کەسێک کە لە ریزدا وەستا بوو داوام لێکرد کە پابەندی وەستان بێت، بەڵام ئەو هەڕەشەی کوشتنی لێکردم. هەروەها" گلەیی ئەوە دەکات کە بەرپرسانیان رێگەنادەن بۆ پاراستنی ژیانیشیان چەک هەڵبگرن، لەگەڵ ئەوەی کەرووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، هەرچەندە بەشێک لەو راهێنانەی کە کردوویانە بەکارهێنان و هەڵگرتنی چەک بووە. لیوا تورهان عەبدولرەحمان دەڵێت، ئەو ئافرەتانەی دەبنە پۆلیس و خول دەبینن، لەلایەن عێراقییەکان و ئەمریکییەکانەوە راهێنانیان پێدەکرێت، بە تایبەتی چۆنیەتی پشکنین و بەکارهێنانی چەک. هەروەها باس لەوەدەکات کە مەبەست لە بەرێوەچوونی ئەم خولانە تەنیا بۆ پاسەوانی فەرمانگەکان و پشکنینی هاوڵاتیانە، نابێت بەشداری لەگەڵ پیاوان لە کردە سەربازییەکاندا بکەن. لیوا تورهان ئاماژە بەوەدەکات کە پێشتر ئەو ژنانە دەیانتوانی چەک هەڵبگرن، بەڵام لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراق چەک هەڵگرتنیان لێ قەدەغە کرا. وەک ئاشکرای کرد کە بەم نزیکانە فەوجێکی تایبەت بە ژنان لەنێو شاردا دروست دەکرێت کە ژنان تێیدا لە هەموو بوارەکاندا بەشداری دەکەن و بەمەش رێژەیان لە ریزەکانی پۆلیسدا زیاتر دەبێت.



سەماح سەمەد



www.netewe.com



کچە راگەیاندنکارانی زاخۆ

# دەزگاکانی راگەیاندن لە زاخۆ جیاکاری رەگەزی دەکەن

## ”پیاو فەرمانڕەواو ژن پەیکەری جوانییە“

زاخۆ

رۆژنامەنووسانی زاخـۆ، رەخنە لەدەزگاکانی راگەیاندنی شارۆچکەکەیان دەگرن و دەڵێن کە زەمینەیان بۆ پێگەیاندنی رۆژنامەنووسی ژن لەبواری مەیدانیدا نەڕەخساندووەو رۆژنامەنووسانیش، ئاشکرای دەکەن کەدەزگاکانی راگەیاندنی زاخۆ هۆکاری دوورخستنەوەی کچانن لەکاری مەیدانی. لەپارێزگای دهـۆک، رێـژەی ژنانی راگەیاندنکار دەگاتە ١٤٤ کەس کە لەو رێژەیەش ١٢٤یان ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن. هاوکات لەشارۆچکەی زاخۆی سەر بەپارێزگای دهۆکیش ٤٠ ژنی راگەیاندنکار هەیە کە زۆربەیان لەمیدیای بیستراو دا کاردەکەن. تائێستا کۆلیژ و پەیمانگەی راگەیاندن لەپارێزگای دهۆک و شارۆچکەی زاخۆ نییە کە ئەمەیش بەبۆچوونی رۆژنامەنووسان، کاری لەپێنەگەیشتنی رۆژنامەنووسانی کچ لەو ناوچەیەدا کردووە. رۆژنامەنووسانی زاخۆ، رەخنە لەکچانی راگەیاندکار دەگرن، گوایە زیاتر لە٤٠ کچ لەبواری راگەیاندندا کار دەکـەن، بـەڵام سێ چارەکیان بێژەر و ئامادەکاری بەرنامەن و تەنیا لەبەرنامە تەرفیهییەکاندا کاردەکەن. وەک باسی دەکەن هیچ یەک لەو کچانە بەشداری لەکاری رۆژنامەگەری مەیدانیدا نـاکـەن. بـەشـداری کچان لـەبـواری راگەیاندندا، لەزاخۆ، تەنیا لەکاتی یادکرنەوەو بۆنە نیشتیمانی و ئایینییەکاندایە کە چەند کچێک لەرادیۆ و تیڤیەکاندا کار دەکـەن و جموجوڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو رۆژانـە رووماڵ دەکـەن. لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەنووسانی پیاو دەڵێن، ئەوە شتێکی تەرفیهییەو گرنگ ئەوەیە کە بتوانن هەواڵ و رووداوی گەرم رووماڵ بکەن. بەڕێوەبەری رادیـۆی هیزل، کۆڤان حسێن، بەشدارینەکردنی کچان لەبواری رۆژنامەگەری مەیدانیدا، بۆ بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە. بەبۆچوونی کۆڤان، کچانی رۆژنامەنووس لەزاخۆ، ئەکتیڤن و هۆکارەکە دەزگا راگەیاندنەکانی زاخۆیە کە هێشتا بایەخیان بەکاری مەیدانی نەداوە.“ هەر خەریکی بەرنامەی کەلتووری، هونەری و تەرفیهین“. بێژەرێکی

کچ کە لەیەکێک لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی زاخۆ، کاردەکات و نەیویست ناوی بهێنین، سیستەمی کارکردنی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی زاخۆی بە یەکێک لەهۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی کچان لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان زانی. وێڕای هەموو ئەو گرفتانەی کە لەلایەن خێزان و عەشیرەتەکەی خۆیەوە بەهۆی کارکردنی لەڕاگەیاندن، بۆی دروستکراون. ئەو، جەختی لەوە کردەوە کە“هەندێک لەدەزگا ڕاگەیاندنەکانی زاخۆ عەشیرەتگەری دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە ئەو دەزگایانە ڕێگا بۆ بەشداربوونی زیاتری کچان خۆش بکەن“.

هاوکات سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی ڕەوشەن لەزاخۆ، سەگڤان ڕەمۆ، خاوەنی هەمان بۆچوونەو بیرکردنەوەیەو پێوەری عەشیرەتگەری لەزاخۆدا، بەبەرفراوانتر لەناوچەکانی تر دەزانێت“شارەکەمان بچووکەو تا چەند شارەکە بچووک بێت، ئەوەندەش دابوونەریتەکان دەپارێزرێن“.

عادل خێرکی، کە ڕۆژنامەنووسێکی زاخۆییە، پێیوایە کە ئەو کەسانەی کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن، هەمیشە سنوورەکان دەبەزێنن، بۆیە جیا لەوەی کە دەبێت ڕۆژنامەنووسان هەڵگری تواناو لێهاتوویی بن، پێویستە خاوەن دەنگێکی ئازادیش بن. وەک باسی دەکات، لەوڵاتی ئێمە ڕۆژنامەوانی، نەبووەتە سەرچاوەی ژیان و بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بۆچوونەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو نەکردووەتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسە، کەمی کچ لەڕاگەیاندنی مەیدانی بۆ زاڵبوونی دابوونەریت دەگەڕێنێتەوە“بەرواڵەت دیارە کە ڕەگەزی نێر فەرماندارو هەڵگری بزووتنەوەی ڕۆشنبیرین لەزاخۆ، مێیش فەرمانبەری ئەو نێرانەیەو وەک پەیکەری جوانی نێو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دروست کراون و ئەگەر بەرپرسانی ڕاگەیاندنی ئەم شارە دەسەڵاتیان هەبوایە کچە ڕۆژنامەنووس یان ڕاگەیاندنکارەکانیان لەبەردەم دەرگای دەزگاکان بۆ پێشوازی دادەنا“.

بۆیە عادل، دەڵێت:“ئەوەش گوناهی کچ نییە کە ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت. گوناهی دەزگایە کە لەو ماوەیەدا هیچ ڕۆڵێکی گرنگی نەبووە. کچێک کە ویستوویەتی لەدەزگایەکی ڕاگەیاندندا کار بکات بەچاوێکی کەم سەیر کراوە ”.

لەگەڵ ئەوەی لەزاخۆ تائێستا تەنها ١ تیڤی، ٣ گۆڤار، ٥ ڕادیۆ و دوو ڕۆژنامە هەیە، بەڵام بەبۆچوونی هەندێک لەڕۆژنامەنوسان ڕۆڵی کچانی ڕۆژنامەنووس لەو بوارەدا وەک پێویست نییە. بەرپرسی لێژنەی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە لەپارێزگای دهۆک ڤیان عەباس، دەڵێت“هەرچەندە ڕێژەیەکی بەرچاوی

> “من حەزم لەکاری مەیدانی و گواستنەوەی هەواڵ و پەیامە. بەڵام کچانی ڕاگەیاندنکار لەو شوێنانەی کە کاری تێدا دەکەن، پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێت و لەلایەن خودی دەزگاکانەوە جیاکاری ڕەگەزییان بەرامبەر دەکرێت“

کچ لەزاخۆ لەبواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن، بەڵام لەئاستی پێویستدا نییەو هۆکارەکەشی بۆ خودی ڕۆژنامەنوسانی ژن و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە“.

کچە ڕۆژنامەنووس ئەڤین عیسا، تەمەن ٢٢ساڵ، لە٢٠٠٧ دەستی بە کاری ڕاگەیاندن کردووەو ئێستا وەک بێژەر لەدەزگای دەلال کار دەکات. ئەڤین، ئاماژە بەو ئاستەنگانە دەکات کە لەلایەن خێزان و دەورووبەرەکەیەوە بۆی دروست بووە“من حەزم لەکاری مەیدانی و گواستنەوەی هەواڵ و پەیامە. بەڵام کچانی ڕاگەیاندنکار لەو شوێنانەی کە کاری تێدا دەکەن، پشتیوانییەکی ئەوتۆیان لێ ناکرێت و لەلایەن خودی دەزگاکانەوە جیاکاری ڕەگەزییان بەرامبەر دەکرێت“. بەڕای پەیامنێری کوردستان تیڤی نێرگز کامل،“کچان توانایان هەیەو پێویستە خولی پێگەیاندنیان بۆ بکرێتەوە، تا لەو بوارەدا زیاتر شارەزا بن“. بەرپرسی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ڕۆژنامەنووسانی مێیینە، جەختی لەوە کردەوە، کەمی کارکردنی کچان لەو بوارەدا، بۆ کەمووکورتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوەو ئەوان بەبەرپرسیار دەزانێت.“پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پشتوانی لەحەز و ویستەکانی کچ بکەن، چونکە بەردەوام کچ داوا دەکەن کە لەڕاگەیاندنەکاندا کار بکەن“. ڕۆژنامەنووس چیمەن کانیکی، دەزگا ڕاگەیاندنەکان لەهەبوونی ئارێشەکاندا بە بەرپرسیار دەزانێت چونکە“کچان لە کون و قوژبنەکانی ڕاگەیاندندا حەشاردراون و تەنیا بۆ دیکۆرو کارە ڕۆتینییەکان کەڵکیان لێوەردەگیرێت، ئەوەش گوناهی دەزگاکانە نەک هی کچان“. چیمەن، کە لەڕۆژنامەی ئەڤرۆ، کار دەکات ئاماژە بەئاستەنگێکی گرنگ دەکات کە لەبەردەم کارکردنی کچان لەمیدیاکاندا بووەتە لەمپەر.“ئەو داهاتەی کە بەکچی دەدەن زۆرکەمەو هەندێ لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیش وەک ڕۆژنامەنووس سەیری کچ ناکەن. بۆیە کچان زوو بێزار دەکەن و لەکاری ڕۆژنامەوانی ساردیان دەکەنەوە“. وەک عادل خێرکی، گوتی:“زۆرجار کچانی ڕاگەیاندکار، بەکارهێنراون و کار گەیشتووەتە ڕادەیەک کە توندوتیژی و زێدەڕۆیی لەدژی مافە تایبەتییەکانیان بەکار هاتووەو مافیان پێشێل کراوەو بەبێ هیچ بیانوویەکی یاسایی لەدەزگاکەش دەرکراون“.

بەرپرسانی دەزگاو ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی زاخۆ، ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە ئەوان لەنێوان کچ و کوڕدا جیاوازیی بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە زیاتر پشتگیری لەکچان دەکەن. لەلایەکی دیکەوە بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی“دەلال“، باڤێ جیهان، پێشێلکردنی مافەکانی کچان لەدەزگا ڕاگەیاندنەکاندا ڕەتدەکاتەوە“هیچ جۆرە جیاکارییەک ناکەین و زیاتر نازی کچان هەڵدەگرین و گوێ لەبۆچوونەکانیان دەگرین“. وەک جیهان، باسدەکات“زیاتر لە١٥ کچ لەدەزگای دەلال کاردەکەن و ئێمە گرنگیان پێدەدەین. هەر خولێکی ڕۆشنبیری یان ڕۆژنامەوانی هەبێت، کچانی بۆ ڕەوانە دەکەین“. باڤێ، ئاماژەی بەداخوازی کچان کرد بۆ کار و گوتی:“ئێستا ١٠ کچ ویستی خۆیان بۆ کارکردن لەدەزگاکەمان دەربڕیوە“. بەڕێوەبەری ڕادیۆیەکی ئەو دەزگایە گوتی:“لە ١١ کارمەندی ڕادیۆکە ٧ یان مێیینەن“. دواتر ڕۆژنامەنووسانی زاخۆ ڕایانگەیاند کە پێویستە ئەو بەربەست و سنوورە کۆمەڵایەتیانە بشکێنرێت و هیچ هێڵێکی سوور بۆ کارکردنی کچان دانەنرێت. هەروەها بەپێویستی دەزانن لەبواری ئابووریدا ڕێگا بۆ کچان خۆشبکرێت، تا ئەوانیش بتوانن وەک ڕەگەزی بەرامبەر تواناکانیان بەرەوپێش بەرن.



بەرەڤان ئەحمەد

www.netewe.com



www.netewe.com

# پرۆژەیاساکەی حکوومەت سەرکەوتنی نەهێنا

## تەحەروش دەخرێتە پرۆژەیاسای توندوتیژی خێزانییەوە

دوای ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنج، پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە پەرلەمان دابوو، پرۆژەیاساکەی کێشایەوە و پرۆژەیاساکۆنەکەی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، جارێکی تر خرایە گفتوگۆوە. چالاکوانێکی بواری ژنانیش، دەڵێت"پرۆژەیاساکەی حکوومەت موحافیزکارانەیەو وەک ئەوە وایە کە خێر بە ژن و منداڵ بکرێت و بەچاوی بەزەیی لێیان بروانرێت، ئەگەر لێشیاندرا لە سنوری رەحم پێکردندا بێت".

مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٩، پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزان کرد. بەڵام لەلایەن چالاکوانانی بواری ژنان رەخنەیەکی زۆری لێگیراو دواتر حکوومەت پرۆژەیاساکەی خۆی کشاندەوە و جارێکی تر کار بە پرۆژەیاسای لیژنەی ئافرەتانی خولی دووەمی پەرلەمان کرا.
ساڵی ٢٠٠٧ لە کابینەی ٥ی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، دوای ئەوەی توندووتیژی دژ بەژنان، بەرێژەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کرد، بە هاوکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکوانانی بواری ژنان، لیژنەی ژنانی پەرلەمان، پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی خێزان لە هەرێمی کوردستان، پێشکەش بە پەرلەمان کرا. دواتر پەرلەمان پرۆژەیاساکەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردو ئەنجوومەنی وەزیرانیش دوای هەشت مانگ، پرۆژەیەکی تری بۆ پەرلەمان ناردەوە کە چالاکوانانی بواری ژنان و لیژنەی ژنان لە خولی پێشووی پەرلەمان رەخنەو تێبینی زۆریان لەسەر پرۆژەیاساکە هەبوو. ئەوکاتەش خولی دووەمی پەرلەمان، وادەی یاسایی تەواوببوو. کاتێک خولی سێیەمی پەرلەمان ویستی خوێندنەوە بۆ ئەو پرۆژەیاسایە بکات، جارێکی تر رەخنەو تێبینی زۆر ئاراستەی پرۆژەیاساکەی حکوومەت کرا، بۆیە بەبریارێکی حکوومەت، پرۆژە یاساکە راگیرا.




### بیرۆکەکە ئەنجامی توندووتیژی زۆر بوو

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لە خولی پێشووی پەرلەمان و چالاکوان لەبواری ژنان، پەخشان زەنگەنە، وردەکاریی بیرۆکەی پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای توندووتیژی خێزان

www.netewe.com

لە هەرێمی کوردستان بۆ وارڤین خستەروو ، کە دوای چەندین بەڵگەنامەی توندوتیژی و سکاڵا کە بۆ پەرلەمان نێردرابوون، یاساکە دارێژراوەو ئەو بیرۆکەیە لەئەنجامی زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنان گەڵاڵەکراوە. هەر لەو بارەیەوە پەخشان زەنگەنە دەڵێت " ئەم پرۆژەیاسایە لەژێر ڕۆشنایی و رەخنە وتێبینی و بەڵگەنامەی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان و بەسود وەرگرتن لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان نووسرایەوە، بەڵام کاتێک سەرۆکایەتی پەرلەمان رەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد، دەبوایە دوای ٢٠ رۆژ رای لەسەر بدرێت و بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە، بەڵام دوای ٨ مانگ پرۆژەیاسایەکی تر بۆ پەرلەمان نێردرایەوە ". ئەو چالاکوانەی بواری ژنان، پرۆژەیاساکەی حکوومەت بە پرۆژەیاسایەکی موحافیزکارانە وەسف دەکات " وەک ئەوەی بڵێت خێر بە ژن و منداڵ بکرێت و بەچاوی بەزەیی لێیان بروانرێت، ئەگەر لێشیاندرا لە سنوری رەحم پێکردندا بێت".

## بەرژەوەندی ژنان نەکرێتە قوربانی ململانێ سیاسییەکان

ئەندامی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەپەرلەمان پەیام ئەحمەد، رەخنە لە ئەدای کاری هەندێ لە ژنان دەگرێت کە کاتێک پرۆژەیاسایەک یان بۆچوونێکی باش لە بەرژەوەندی ژن دەخرێتەروو، هەندێ لەرێکخراو یان کەسایەتییەکان کە ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازیان هەیە، یەکراست رەتی دەکەنەوە. بەمجۆرە کارکردنەکەش جارێکی تر پرسی ژنان دەکرێتە قوربانی ململانێ سیاسییەکان و لە ئامانج دووردەکەوێتەوە. ئەو دەڵێت، ئێمە وەک ژنانی لیستی گۆڕان، داوادەکەین کە دادگایەکی تایبەت بەناوی " دادگای تایبەتمەندی بۆ مەسەلەی توندوتیژی" دابنرێت، چونکە ئەگەر دادگایەکی وا هەبوو، ئەوا زیاتر لێکۆڵینەوە لەسەر سکاڵاکان دەکرێت. پەیام، دەرچوونی یاسایەکی لەمجۆرە بە پێویست و گرنگ دەزانێت و دەڵێت " لەپرۆژەیاساکەدا، سزا بۆ هۆکاری خۆسوتاندنی ژنانیش دانراوە، چونکە کەس بەبێ هۆ خۆی ناسوتێنێت". هەروەها ئاماژە بە ئامادەنەبوونی ئەندامانی هەردوو رێکخراوی یەکێتی ژنان و ئافرەتان دەکات کە کاتێک لەگەڵمیان کۆبوونەوەیەکیان بەمەبەستی خستنەرووی راو سەرنجی ژنان سەبارەت بەپرۆژەیاسای توندوتیژی دژبە ژنان کرد، ئەوان ئامادەنەبوون و تەلەفۆنەکانیان داخستبوو، بۆیە داوا لەژنانی هەموو لیست و رێکخراوە جیاجیاکان دەکات " لەکاتی کارکردن بۆ پرسی ژنان، بەرژەوەندی گشتی ژنان دوور لە ئایدۆلۆژیای تەسکی حیزبایەتی لەبەرچاوبگرن ".

## تەحەروش دەکرێتە برگەیەک لەیاسای توندوتیژی

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، د.عومەر نوورەدینی، ئاشکرای دەکات کە تەحەروش یەکێکە لەو خاڵانەی کە بەنیازن بیخەنە ناو پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستاندا. د.عومەر، ئاماژە بە کێشەیەکی تری بەرچاوی ژنان دەکات ، کە ئەویش تەحەروشەو زۆرباسی لێوەدەکرێت، ئەم باس کردنەش بەجورئەت وەسف دەکات و پێیوایە، هەرکێشەیەک گەیشتە قۆناغی لێکۆڵینەوە ئەوا نیوەی کاری پێویستی بۆکراوە و دەبێت هەوڵبدرێت تەواوکاری بۆبکرێت. ئەندامی پەرلەمان پەیام ئەحمەد، هاورای د.عومەر نوورەدینەو و دانانی تەحەروش لە چوارچێوەی پرۆژەیاسای توندوتیژی خێزانی بە خاڵێکی ئەرێنی وەسفدەکات " لە بەندی دووەمی پرۆژە یاساکە لەخاڵی دوو برگەی ب، هاتووە، سوکایەتی پێکردن و جنێودان بە ژن و کەسوکاری بەکەم سەیرکردنی ژنە، کە نزیکە لەتەحەروش، بەڵام ئەو پەرلەمانتارە بە پێویستی دەزانێت کە تەحەروش، لە پرۆژە یاساکە وەک برگەیەک دابنرێت.

## پرۆژەیاساکەی حکوومەت رەتکرایەوە

بەرای پەخشان زەنگەنە، دەرچوونی یاسایەک بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەکوردستان، پێویستەو دەبوو تا ئێستا ئەو یاسایە لەواری جێبەجێکردن بووایە.

زەنگەنە، باس لەوەدەکات کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی دنیا دەمێکە بەدواداچوونی زۆریان بۆ ئەوە مەسەلەیە کردووە. ساڵی ١٩٨٣رێککەتننامەی رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکان دەرچوو، ئێمەش بۆ نووسینەوەی پرۆژە یاساکە سودمان لێوەرگرت. ئێمە دژی گۆڕینی پرۆژەیاساکە بووین و " حکوومەت باشیکرد کە پرۆژەیاساکەی کشاندەوە، چونکە ئێمە کە پرۆژەیاساکەمان بۆ حکوومەت نارد، تا رەزامەندی لەسەر بدات نەوەک بیگۆڕێت". بەرێوەبەری بەشی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆ، ئاری رەفیق، دواخستنی پرۆژە یاساکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە کۆتایی خولی دووەمی پەرلەمان ئەو پرۆژەیاسایە خرایە گفتوگۆ و سەرسامی خۆیشی لەبارەی رەتکردنەوەی پرۆژەیاساکەی حکوومەت خستەڕوو. ئاری رەفیق، باس لەوەدەکات کە



پارێزەر تەلار لەتیف

www.netewe.com

لەکۆتایی خولی پەرلەمانی پێشوودا پرۆژەکە پێشکەشکرا و وەزارەتی ناوخۆش دەستکاری چەند ماددەیەکی لەڕەشنووسەکە کرد و پەرلەمانیش، تێبینیەکانی وەزارەتی ناوخۆی لەیەک دوو ماددەی ڕەشنووسەکەدا جێی کردەوە. هەروەها بۆچوونی وایە کە ئەو ڕەشنووسەی ئێستایش لەبریتی ڕەشنووسەکەی کابینەی ٥ی حکوومەت ئامادەکراوە، هۆکارەکەی ئەو دەنگۆیانە بوو کە دەگووترا پەرلەمان شەرعییەتی نەماوە.

## پرۆژەیاساکە گرفتی یاسایی هەیە

پارێزەر تەلار لەتیف، پێیوایە کە پرۆژەیاساکە، لەرووی یاسایی و دارشتنەوە کەموکورتی تێدایە، نموونەوەی ئەوە دەهێنێتەوە کە لە پرۆژەکەدا پێناسەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتی بۆ خێزان تێدانییە. هەروەها لەرووی دیاریکردنی شێوازی توندوتیژی تەنیا چەند کردارێکی بە توندوتیژی داناوە، لە کاتێکدا توندوتیژی دەروونی و جەستەی، زۆرە. ئەوە سەرەرای کەموکورتی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، لەرووی پۆلین کردنەوە باشتر چارەسەری توندوتیژی دەکات و لەماددەکەدا هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دیاریکراوە. تەلار، ئاماژە بە مافی تۆمارکردنی سکاڵاکردن دەکات و بۆچوونی وایە کە پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی گرنگترین لایەنی فەرامۆش کردووە، ئەویش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنان بە تایبەتی کە زیاتر رووبەرووی ئەو جۆرە کێشانە دەبنەوە، بۆیە پێویستە مافی تۆمارکردنی سکاڵایان لەکاتی بینین و بیستنی رووداوەکەدا هەبێت". هەروەها ماددەکانی پانزەو شانزە، بە میکانیزمی جێ بەجێکردنی پرۆژە یاساکە دانراوە. لە ماددەکانی هەشت و پانزەدا، باسی بینینی منداڵ لەلایەن تاوانبار یاخود حاڵەتی جیابونەوە کراوە، ئەمەش لە یاسای باری کەسێتی چارەسەری بۆ دەستنیشان کراوە. لە برگەی (١) ماددەی٤٠ ی یاسای باری کەسێتی مافی جیابونەوەی بە ژن داوە. لەوبارەیەوە، سەبارەت بەوسزایانەی کە لەم پرۆژە یاسایەدا هاتوون زۆر کەمترە لەو سزایانەی لە یاسای سزادانی عێراقدا هاتووە. کەواتە ئەم یاسایە نابێت بە بەرپەرچێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، ئەگەر سزاکە زیاد نەکرێت و ئاستی نزم و زیاد بۆ ئەوسزایانە کە لەیاساکەدا هاتووە دیاری نەکرێت.



پەخشان زەنگەنە

## لەخوولی پێشوودا باسکردن لەخەتەنە عەیب بوو

لە خوولی پێشووی پەرلەماندا، پرۆژەیاسایەک بۆ رووبەرووبوونەوەی خەتەنەکردنی کچان ئامادەکراو پێشکەشی پەرلەمان کرا، لەکاتێکدا تائێستاش ئەو دیاردەیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا پەیرەو دەکرێت و مەترسییەکی گەورەی بۆ تەندروستی ژنان هەیە. وەک باس دەکرێت، گوایە زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان باسکردنی خەتەنەکردنیان بەعەیب زانیووە. پەخشان زەنگەنە، هەوڵی خۆیان لەمەر کارکردن بۆ پرۆژەیاسای خەتەنەکردن دەخاتەروو، بەڵام پەرلەمان نەیویستوە قسەی لەسەربکات "پرۆژەیاسای قەدەغەکردنی خەتەنەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو لەناوپەرلەماندا، هەوڵی زۆرمان بۆ گفتووگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە دا، بەڵام وەک بینیمان کارەکە نەڕۆیشت و پەرلەمان نەیوویست گفتووگۆی لەسەربکات. بۆیە خستمانە ناو پرۆژە یاسای توندووتیژی، خەتەنەش یەکێک لەو توندووتیژیانەیە کە لەکوردستاندا بەرامبەر بەژن دەکرێت". پەیام ئەحمەد، ئاماژە بە سزای خەتەنەدەکات "داوامانکردووە سزای گونجاو بۆ ئەو کەسانە دابنرێت کە کرداری خەتەنەکردن ئەنجام دەدەن، ئەگەر ئەو کەسانە خاوەن پیشە بوون، وەک، جێگری پزیشک و پزیشک لەپیشەکانیان دووربخرێنەوە". پارێزەر تەلار لەتیف، رەخنە لە برگەی قەدەغەکردنی خەتەنەکردن دەگرێت و بەرای ئەو " دەکرێت چەند برگەیەک بۆ ماددەی ٤١٢ی یاسای سزادانی عێراقی زیادبکرێت کە لەو ماددەیە باسی توندووتیژی کراوە و تێیدا هاتووە ئەگەر پارچەیەک لە لەشی مرۆڤێک بکرێتەوە سزای بۆدیاریکراوەو دەکرێت خەتەنەکردنیش کە لێکردنەوەی پارچەیەکە لە لەشی مرۆڤ لەو یاسایەدا جێگەی بکرێتەوە بەوەش چارەسەری ئەولایەنە دەکرێت، چونکە پێشتر ئەو ماددەیاسایە هەبوو، بەڵام وەک پێویست کاری پێ نەکراوە".



بەهرە حەمەڕەش

www.netewe.com

# "دادگاکان بە یاسای سەردەمی بەعس کار دەکەن"

## ژنانی دادوەر لە داواکاری گشتی بەدوای کێشەکانی ژن ناچن

هەولێر

دادوەرێکی داواکاری گشتی، باس لەوەدەکات کە دادوەرانی داواکاری گشتی لەلایەن کاربەدەستانی نێو دادگاوە، بە هەموو شێوەیەک پشتگوێ خراون و هیچ جۆرە پاڵپشتیەکیان نییە، بەتایبەتی ئەو دادوەرانەی داواکاری گشتی کە ژنن هیچ گرنگیان پێنادرێت. هاوکات دادوەر فەوزیە فەقێ رەشید، ئەوە دەخاتەروو کە دادوەرانی داواکاری گشتی، لەسەر بنەمای حیزبایەتی پۆستیان پێدراوەو ناتوانن لە دەقی بڕیارەکانی ئەو حیزبانە لابدەن کەدایان ناون، بۆیە ناتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵسن.

### داواکاری گشتی چییە؟

وەک لە پێناسەی داواکاری گشتیدا هاتووە، بریتیە لە پارێزگاریکردن لە مافی گشتی و دەستەبەرکردنی ماف بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی یەکسان. هەروەها رێگەنەدان بە ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر هیچ کەسێک. بەو پێیە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکەی داواکاری گشتی بریتیە لە بەرگریکردن لە مافی ژنان، چونکە ژن، کۆڵەکەیەکی سەرەکی پێکهێنەری کۆمەڵگەیە.

### یاسای داواکاری گشتی

یاسای داواکاری گشتی لە ساڵی١٩٧٩، لەسەردەمی "رژێمی بەعسدا" دەرچووە. ئەو یاسایە لە ساڵی ١٩٨٨، گۆڕانکاری بچووکی تێداکراوە، بۆیە زۆربەی یاساناسان بە یاساییەکی کۆن و نەگونجاو لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا لێکی دەدەنەوە. بەبۆچوونی دادوەرانی داواکاری گشتی، ئەو یاسایە رۆڵی داواکاری گشتی بچووککردووەتەوە و رێگە نادات داواکاری گشتی ئەرکەکانی وەک پێویست ئەنجام بدات.

لەیاساکەدا هاتووە:

پێویستە لەکاتی دەرکردنی هەر بڕیارێک کە لەلایەن دادوەرەوە دەردەچێت، دادوەری داواکاری گشتی ئامادەبێت، واتە بەبێ بوونی داواکاری گشتی، دادگا ناتوانێت هیچ بڕیارێک بدات.



خەمان زرار

هاوکات لە بەشی دووەمی یاسای داواکاری گشتی و لە برگەی ٩ دا هاتووە:

دادوەر، دەتوانێت بێئامادەبوونی داواکاری گشتی بڕیار دەربکات.

بەڵام سەرپەرشتیاری دادوەری داواکاری گشتی خەڵات نەجمەددین، ئەو بڕیارە بە پێچەوانەی کاری داواکاری گشتی لە دنیادا وەسف دەکات و دەڵێت " لە سەردەمی بەعسدا ئەو یاسایە دەرچووە و بڕیارێکی تاک لایەنە بووە، بۆیە رێگەیان نەداوە بە کەسانێک کە کارێک بکەن کە بە پێچەوانەی خواست و داواکاری ئەوان بێت. لە نێوانیشیاندا رۆڵی دادوەرانی داواکاری گشتی، تەواو پەراوێز خرابوو".

### پشتگیری لە داواکاری گشتی ناکرێت

لەگەڵ هەبوونی ژمارەیەک لە دادوەرانی داواکاری گشتی بەڵام زۆر جار لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان و چالاکوانانی بواری مەدەنی رووبەرووی گلەیی ئەوە دەبنەوە کە وەک پێویست بەدواداچوون بۆ کێشەکانی ژنان نەکراوە .

هاوکات دادوەرانی داواکاری گشتی ئاماژە بە کۆمەڵێک رێگری دەکەن کە لەبەردەم کارکردنیاندایە، وەک نەبوونی پشتگیری لە لایەن سەرووی ئەوانەوە.

دادوەری داواکاری گشتی، ژیان شەوکەت، رۆڵی داواکاری گشتی دەخاتەروو کە دادوەری داواکاری گشتی، پارێزگاری لە مافی هاوڵاتیان دەکات و بە دوای کێشەکانیاندا دەچێت. هەروەها بەو بڕیارانەدا دەچێتەوە کە دادگا دەریدەکات و ئەگەر پێویست بکات بڕیارەکە بۆ دادگا دەنێردرێتەوە، تا دووبارە هەمواربکرێتەوە. ئەو دادوەرە دەڵێت "بەبێ ئامادەبوونی داواکاری گشتی، دادوەر ناتوانێت داواکان ببینێت، چونکە وەک چاودێرێکە بەسەر بڕیارەکانی دادوەرەوە".

ژیان شەوکەت، نکوڵی لە بە دوادانەچوونی داواکاری گشتی بۆ کێشەکان ناکات و دەڵێت " رۆژانە گوێبیستی ئەو رووداوانە دەبینەوە کە دژ بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، بەڵام تا ئێستا بەدواداچوونمان بۆ هیچ کێشەیەک نەکردووە. پێویستە بەدواداچوون بۆ کێشەکان بکەین. بەڵام کە نەمانکردووە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە وەک، نەبوونی پشتگیری لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەسەررووی ئێمەوەن".

### لەنێو دادگادا کێشەمان بۆ دروست دەکرێت

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، یەکەیەکی تایبەت هەیە لەنێو داواکاری گشتی بۆ بەدواداچوونی ئەوکێشانەی کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەڵام تا ئێستا لە کوردستان دەستپێشخەریەکی لەو شێوەیە نەکراوە.

دادوەری داواکاری گشتی ناهیدە عەبدوڵلا لەدادگای هەولێر، پێیوایە، خەڵکی مافی خۆیانە کە گلەیی لە داواکاری گشتی بکەن، چونکە ئەرکی داواکاری گشتییە کە پارێزگاری لە مافی هاووڵاتییان بکات. بەڵام هۆکاری بەدوادانەچوونی ئەوان بۆ ئەوکێشانەی کە لەمیدیاکاندا بڵاودەبنەوە، بەوە دەریدەبڕێ کە لەدادگا کێشەو بەربەست بۆ کارەکانی ئەوان دروستدەکرێت " ئەگەر بەدواداچوون بۆ کێشەی هاوڵاتییەک بکەین کە لە میدیاکاندا بڵاودەبێتەوە، ئەوا بەوە تۆمەتبار دەکرێین کە دەست لە کاروباری دادگا وەردەدەین، لەکاتێکدا دەبێ ئێمە بەسەر

www.netewe.com

بڕیارەکانی دادگاوە چاودێرین. بەڵام زۆرجار لەناو خودی دادگادا بەربەستمان بۆدروستدەکرێت".

## تەنیا بڵاوکراوە حیزبییەکان دێنە دادگا

ویڕای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر دەزگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی کێشەکانی ژنان و ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەریان دەکرێت کەچی هەندێک لە دادوەرانی داواکاری گشتی دەڵێن "ئێمە ئەو شتانە نابینین". ژیان شەوکەت، تیشک دەخاتە سەر بێئاگایی دادگا، لە زۆربەی بڵاوکراوەکان چونکە" ژمارەیەکی کەم لە بڵاوکراوەکان بۆ نێو دادگا دەهێنرێن، ئەوانەیشی کە دێن تەنیا بڵاوکراوەی حیزبین و پەیڕەو وپرۆگرامی حیزبەکان و چالاکیەکانیان بڵاوەکاتەوە و کەمترین ڕووداوی کۆمەڵایەتیان تێدایە. ئێمە ناتوانین بە دوای کێشەیەکدا بچین، تا داواکاریمان پێشکەش نەکرێت". ژیان، ئەوەش دەخاتەڕوو کە خەڵک تا ئێستا بە کارەکانی داواکاری گشتی ئاشنانەبوون و زانیاری تەواویان لەسەر کارو دەسەڵاتی داواکاری گشتی نییە.

### دادوەری ژن پشتگوێ خراون

سەبارەت بە بێدەنگبوونی دادوەرانی ژن ، لە داواکاری گشتی لەمەڕ کێشەکانی ژنان، دادوەری داواکاری گشتی ژیان شەوکەت، ئاماژە بە پشت گوێ خستنی ژنانی داواکاری گشتی لەلایەن کاربەدەستانی نێو دادگاوە دەکات " داواکاری گشتی لەلایەن کاربەدەستانی نێو دادگاوە، بە هەموو شێوەیەک پشتگوێ خراون و هیچ جۆرە پاڵپشتیەکیان نییە، بەتایبەتی ئەو دادوەرانەی کە ژنن هیچ گرنگیان پێنادرێت، ئەگەر یارمەتیەکیش هەبێت ئەوا تەنیا بۆ پیاوەکانە".

## داواکاری گشتی لە ڕووداوەکاندا ئامادەنین

لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات دادوەری داواکاری گشتی، یەکەم کەسە کە دەچێتە سەر ڕووداوەکە و لێکۆڵینەوە دەکات، ئەڵمانیاو میسر لە نموونەی ئەو وڵاتانەن کە دادوەری داواکاری گشتی خاڵی دەسپێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر کێشەیەک کە ڕوو دەدات.

بەڕای سەرپەرشتیاری دادوەرانی داواکاری گشتی خەڵات نەجمەدین، کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات دادوەری داواکاری گشتی زۆر درەنگ شتەکانی بەدەست دەگات. ئەو دادوەرە دەڵێت، دوای ئەوەی بنکەی پۆلیس و لێکۆڵەرەوەی دادی نێو نەخۆشخانەکان، لە ڕووداوەکان دەکۆڵنەوە ئینجا کێشەکە دێتە دادگا و دادوەری داواکاری گشتی



**خەڵات نەجمەددین**

لێی دەکۆڵێتەوە. لە کاتێکدا پێویستە هەر دوای ڕوودانی هەر شتێک دادوەری داواکاری گشتی لە کێشەکە بکۆڵێتەوە، وەک وڵاتە پێشکەوتووەکان کە دادوەری گشتی خاڵی سەرەتایە بۆ بە دواداچوونی هەر کێشەیەک کە پەیوەندی بە مافی گشتیەوە هەیە. خەڵات نەجمەددین، پێشیوابوو کە "دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵناستن، زیادەڕەوی لە خستنە ڕووی ئاماردا دەکەن. هەروەها ووروژاندن و گەورەکردنی کێشەیەک زیاتر لە قەبارەی خۆی زاتر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و فرۆشی بڵاوکراوەکانیانە".

## یاساکە هی سەردەمی بەعسە

سەرپەرشتیاری دادوەری داواکاری گشتی خەڵات نەجمەددیین، هەبوونی یەکەیەک لە دادگا بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشانەی کە ڕاگەیاندن بەدواداچوونیان بۆدەکات بەگرنگ دەزانێت، بەڵام ڕێگری سەرەکی لە دانەمەزراندنی ئەم یەکەیەی گەڕاندەوە بۆ ئەو یاسا کۆنەی کە لەسەردەمی بەعسدا بڕیاری لەسەر دراوە " ئەویاسا کۆنە مافێکی ئەوتۆ بە داواکاری گشتی نادات. چونکە ئەو یاسایە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دانراوە. هەروەها بۆ دروستبوونی یەکەیەکی لەو جۆرەش پێویستمان بە یاسایەکی نوێیە، تا ئەو مافە بە دادوەری داواکاری گشتی ببەخشێت یەکەیەک یان ئەنجومەنێکی لەو شێوەیە دابمەزرێنێت".

### داواکاری گشتی بە ئەرکی خۆی هەڵناستێت

بەشێک لە داواکارانی گشتی، ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی بە هۆکاری زیادبوونی کێشەکانی ژنان دەزانن و بە کەمتەرخەم وەسفیان دەکەن. هەروەها بەوە ناویان دەبەن کە ئەو ڕێکخراوانە بوونەتە هۆی زیادکردنی کێشەکانی ژنان. ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان خەمان زار، ئەو قسەیە ڕەتدەکاتەوە "بە پێچەوانەوە ڕێکخراوەکان توانیویانە بەشێکی زۆری ئافرەتان هۆشیار بکەنەوە بەرامبەر مافەکانیان و کێشەکانیان بخەنەروو، ئەگەر تا ئێستا ڕووماڵی کێشەکانی ئافرەت کرابێت، ئەوا ئەو ڕێکخراوانە کردوویانە، نەک سیستەمی یاسا و داواکاری گشتی". سەبارەت بە ڕۆڵی داواکاری گشتی لەهەرێمی کوردستاندا خەمان زرار پێیوایە، تا ئێستا داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە بەو ئەرکە گرنگە هەستێت کەلەسەر شانێتی، ئەمەش بۆ لاوازی سیستەمی دادوەری و کۆنی ئەو یاسایانە دەگەڕێتەوە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت. وەک باسی دەکات کە لاوازی ڕۆڵی داواکاری گشتیش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە جێهێشتوە، ئەو ئاسەوارەش زۆر بە سانایی بەرچاو دەکەوێت، چونکە تا ئێستا ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نازانن ڕۆڵی داواکاری گشتی چیەو سیستەمی یاسایی لە هەرێمی کوردستان، پێویستی بە گۆڕانێکی ڕیشەیی هەیە.

### داواکاری گشتی لەسەربنەمای حیزبایەتی کاردەکات

دادوەر فەوزییە فەقێ ڕەشید، یەکێک لە گرفتەکانی داواکاری گشتی، بەوە دەخاتەڕوو کە " دەزگای داواکاری گشتی لە سەر پێوەری حیزبایەتی دامەزراوە و لەلایەن حزبەوە بایکۆت کراوە نەک لەسەر بنەمای یاسایی و توانا و لێهاتووی کەسەکان.

ئەو کەسانەش لەسەربنەمای حیزبایەتی دەکرێنە داواکاری گشتی، ناتوانن ئەرکەکەنیان وەک خۆی ئەنجامبدەن و لە دەقی بڕیارەکانی ئەو حزبە لابدەن کە کردوونی بە دادوەری داواکاری گشتی ،چونکە بەشێکی زۆر لەوانە هیچ باکگراوندێکی ئەوتۆیان نییە لە بواری داکۆکیکردن لە مافی گشتی". ئەو پارێزەرە، گۆڕینی یاسای داواکاری گشتی بە پێویست دەزانێت و بەیاسای سەردەمی بەعس، ناوی دەبات و دەڵێت " ئەو دروشمانەن دوورن لە ڕاستیەوە کە حکوومەتی هەرێم بانگەشەیان، بۆ دەکات کە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا سەربەستەو دوورە لەدەستێوەردان"

هەروەها هەتا ئەو یاسایانەی ئێستا نەگۆڕێت ناتوانن هیچ کارێک بکەین، چونکە ئەو یاسایانە خەڵک لەسەر سیستەمی بەعس ڕادەهێنێت و وادەکات خەڵک "بەعسیانە" بیربکاتەوە.

**بۆکان هیوا**
Bokan.hawler@yahoo.com

www.netewe.com



# لە ڕاپرسییەکدا...گوڵستان مەحمود بە باشترین کچە وەرزشوانی کوردستان لە 2009 دەستنیشان کرا

لە ڕاپرسییەکدا کە لە لایەن ناوەندی ئایینده بۆ پرسەکانی گەنج ئەنجام درا، کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق گولستان مەحمود بە باشترین کچە وەرزشوانی ساڵی ٢٠٠٩ دەستنیشان کرا.

لە بارەی ئەو دەستنیشانکردنەوە، کچە یاریزان گولستان مەحمود لە لێدوانێکی تایبەتدا بە "وارڤین"ـی ڕاگەیاند کە ئەو دڵخۆشە بەو ئەنجامە و ئاماژەی بەوە دا کە ئەو دەستنیشانکردنەی، دوای بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئەنجامی باش دێت لەو ساڵەدا.

هەروەها گوتی: "دەستخۆشی بۆ ناوەندی ئایینده، کە منی زیاتر بە خەڵکی کوردستان ناساند".

گولستان مەحمود باشترین کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانە لە کوردستان و توانا و جەستەیەکی بەهێزی هەیە، ئەمساڵ توانی چەند میدالیایەکی زێڕ لە پاڵەوانیەتییەکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا بەدەست بهێنێت و چەند ژمارەیەکی پێوانەیی تازەی تۆمار کرد، بە تایبەتی لە عێراقدا، کە ژمارەیەکی پێوانەیی شکاند، ماوەی ٢٠ ساڵ زیاتر بوو نەشکابوو.

هەروەها لە ئاستی کیشوەری ئاسیاشدا بەشداریی پاڵەوانیەتیی هۆڵە داخراوەکانی لە وڵاتی ڤێتنامدا کرد و میدالیای زیوی بەدەستهێنا.

www.netewe.com

# گرنگیدان بە وەرزشی ژنان هەروا دەبێت!



چەند ساڵێکە بە گەرموگوڕی باس لە پێشخستنی ئاستی وەرزشی ژنان لە کوردستاندا دەکرێت، و لە لایەن دەزگە حکومی و وەرزشییەکانی بەرپرسەوە، دووپاتی پێشخستنی ئاستی وەرزشی ژنان دەکرێتەوە، بە هۆی ئەوەی گوایە ژنانیش هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و پێویستە مومارەسەی حەز و ئارەزووە ”ئاساییە“کانی خۆیان بکەن و پێشکەوتنی بار و ژیانی ئەوان، رووی گەشی پێشکەوتنی وڵاتەکەمان پیشان دەدات.

بەڵام ئەمە تەنیا بە قسە بووە و لە باری کرداردا شتێک نابینین، بۆیە وەک دەبینین: یانەی وەرزشی ئافرەتانی دهۆک لە شوققەیەکدایە و چەند مانگێکە کرێی شوققەکەیان نەداوە، چالاکی وەرزشیش هەر هیچ... تەنیا چەند وەرزشوانێکیشمان ماوە و کەسیش پاڵپشتییان ناکات، هەر بەو هۆیەشەوە کچەوەرزشوانەکانیان، روویان لە یانەکانی دیکە کردووە، ئەوانەی کە پارەیان هەیە.

هەروەها دەبینین: یانەی وەرزشی ئافرەتانی هەولێریش لە خانوویەکی کرێدان و شوێنی مەشقیان نییە و یاریگە و هۆڵیان دەستناکەوێت.

لە سلێمانیش بە وردیی نازانم تیپەکانی ژنان بارودۆخیان چۆنە، بەڵام دڵنیام باش نییە، لە کەرکووکیشدا یانەی ”فەتات“ی کەرکوک، هەرچەندە ئەنجامەکانیان باشە، بەڵام هۆڵێکی داخراو نییە مەشقی لێ بکەن و دوو دەستە جلی جوانیان بپۆشن، ئەو هاوکارییەی کە پێشیان دەدرێت، بەشی هیچیان ناکات.

ئەوانە یانەی تایبەتمەندی ژنان بوون بۆ وەرزش لە شارەکانی کوردستاندا، کە سەرەتا بە گوروتینێکی زۆر و بە مەبەستی خۆدەرخستن و پیشاندانی ئەو تەرحەی کە لە کوردستاندا گرنگی بە وەرزشی ژنان دەدرێت، دامەزرابوون. بەڵام ئێستا کەس لایان لێ ناکاتەوە و بە دەیان بەڵێنیان پێ دراوە و جێبەجێ نەکراوە. جارجارەیش لە بۆنە ”نیشتیمانی و حزبییەکان“دا ئەو تیپانە کۆدەکرێنەوە و پێشانی میوانان دەدرێن.

لەوەش گەڕێ کە بە هۆی دەرد و دابونەریتە کۆنەکانی کۆمەڵایەتییەوە، ژنان و کچانی وەرزشوان، رۆژانە بە دەیان توانج و قسەی ناشیرینیان پێ دەگوترێت و بە دەیان بوختانیان بۆ هەڵدەبەسترێت، رەنگە تەحەرروشیشان پێ بکرێت.

ئەوانە باسی یانە تایبەتمەندەکانی ژنان بوو بۆ وەرزش لە کوردستاندا، ئەگەر سەیری یانە وەرزشییەکانی دیکەیش بە گشتیی بکەین، ئەوا یانەی زۆر گەورە هەیە، یەک تیپی ژنانی لە هیچ یارییەکدا نییە، کە یەکێکە لە مەرجە تازەکانی بوونی یانەی وەرزشی لە کوردستاندا.

هەر یانەیەک ژنێکی وەکو ئەندامی دەستەی کارگێڕیی هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەری و رۆڵێکی لە یانەکەدا هەبێت.

ئەوەی کە زۆر جێگەی داخیشە هیچ بناغەیەکی پتەو لە هیچ یارییەکدا بۆ وەرزشی ژنان نییە و ئەوەی هەیە لەرزۆکە و پاڵپشتیی نییە. ئینجا لە بەشێک لە یاریی وەرزشییەکاندا ”ساڵانە“ پاڵەوانیەتیی ساز دەکرێت و لە گرنگترین ئاستیدا لە ”هەفتەیەک“ زیاتر ناخایەنێت، بە هۆی ئەوەی ”پارە نییە و کەس پاڵپشتییان ناکات“

هەروەها لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژەکانیشدا هەر چالاکی وەرزی و ساڵانە هەیە و هەست بەوە ناکرێت پێگەیەک بۆ وەرزشی ژنان لەو شوێنانەدا بە شێوەیەکی زانسی بوونی هەبێت.

پێشم وایە ئەگەر لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا چەند ئەنجام و دەسکەوتێک لە وەرزشی ژناندا بەدەست هاتووە، ئەوا بە دڵنیاییەوە بە زۆری بە ”توانای بەشەری“ و حەز و خولیا و هیوابەرزی کچانەوە بەدەست هاتووە و لە رێگەی ئەو پاڵپشتییە کەمەوە نەبووە، کە بۆ وەرزشی ژنان لە کوردستاندا هەیە.

ئەوەی کە جێگەی داخ و کەسەریشە، هەر بەرپرسێکی حکومی یان وەرزشی، کاتێک لەوبارەوە دێتە گۆ، دەڵێت پێویستە وەرزش بۆ هەمووان بێت و ئاستی گرنگیدان و پاڵپشتی بۆ هەردوو رەگەز یەکسان بێت.

بەڵام دەپرسین، کوا ئەو گرنگیدانە بۆ وەرزشی ژنان و کوا ئەو یەکسانییە لە پاڵپشتیکردن لە نێوان وەرزشی ژنان و پیاواندا؟ کەس هەیە وەڵام بداتەوە.

ئەرسەلان عەبدوڵڵا

www.netewe.com

## له زاخۆ وەرزشوانی کچ هەیە، بەڵام پشتیوانیان نییە

# سەرۆکی یانەی زاخۆ: زاخۆ خاوەنی نییە، ئەگەر هەیبووا وەڵامی ئێمەیان دەدایەوە

زاخۆ

سەرۆکی یانەی زاخۆ خۆزگەی ئەوە دەخوازێن وەرزشی ژنان لە زاخۆدا پێشڤە بچیت و بڵێت کەوا بە وەرزشوانە کچەکانی زاخۆ گەشبینە. عەبدولوەهاب بارزانی ئەوەی خستە روو کە "راستە تیپەکانی کچان لە یانەی زاخۆ بەرچاو نین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە یانەکەیان تیپی کچانیان نییە، بەڵکو هەندێک لە بەرچاوی جەماوەری وەرزشی دوورن، ئەمەش بە هۆی ئەوەیە کە شوێنێکی تایبەتمان بۆ مەشقی ئەوان نییە، هەروەها کچە وەرزشوانەکان لەلایەن خانەوادە و ناوەندە وەرزشییەکانی دیکەوە پاڵپشتیی ناکرێن و هان نادرێن، ئەگینا تیپی کچانمان بۆ یارییەکانی فوتساڵ، باسکە و باڵە و یاریی دیکە هەیە.

وەرزشوانانی زاخۆ گلەیی لە یانەی زاخۆ دەکەن بە هۆی ئەوەی کە یانەکە گرنگی بە تیپ و یاریزانانی کچ نادات، بە بەڵگەی ئەوەی یانەکە شوێن یان هۆڵێکی بۆ مەشقی کچان نییە و هیچ مووچەکیش بە یاریزانانی کچ نادات.

پەیامنێری "وارڤین" هەوڵی دا بیروڕای چەند کچە وەرزشوانێک لەوبارەیەوە وەربگرێت، هەندێک لەوان قسەیان کرد، بەڵام کێشە و خەمەکانیان وەکو یەک بوو، ئەوا گوتیان "لایەنە بەرپرسەکان پشتیوانیی ئێمە ناکەن".

هەروەها ئەوەیان خستەروو کە ئەوان کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکانیان بەزاندووە، هەرچەندە لەلایەن خانەوادەکانەوە زۆرجاران دووچاری بەربەرست و کێشە دەبن، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارییان بکەن.

هەرچەندە ئەوەشیان گوت کە بەشی چالاکیی پەروەردەی زاخۆ هاوکارییان دەکەن. بەرپرسی بەشی چالاکی پەروەردەی زاخۆش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان ناتوانن پاڵپشتیی ماددیان بکەن، تەنێ دەتوانن پاڵپشتیی مەعنەویان بکەن

(نەشوان زەکی) راهێنەری تیپی فۆتساڵ و یارییەکانی گۆرەپان و مەیدان لە یانەی زاخۆ و بەشی چالاکیی وەرزشی پەروەردە، قسەی یاریزانەکانی پشتڕاست دەکاتەوە و ئەوە دەخاتەروو کە یانەی زاخۆ دەتوانین سوودێکی زۆر لەو یاریزانە کچانە وەربگرێت، چونکە ئاستی ئەوان زۆرباشە.

ئەو کە ١٥ یاریزانی هەیە، باسی ئەوەی کرد کە ئەمساڵ تیپەکەیان لە ئاستی یانەکانی دهۆکدا پلەی دووەمی بەدەستهێناوە. ئەو راهێنەرە دەڵێت: کچە یاریزانەکان پاشەڕۆژێکی باشیان هەیە، ئەگەر لە لایەن حکومییەکانی زاخۆوە پشتگیریی بکرێن.

> وەرزشوانانی زاخۆ گلەیی لە یانەی زاخۆ دەکەن بە هۆی ئەوەی کە یانەکە گرنگی بە تیپ و یاریزانانی کچ نادات، بە بەڵگەی ئەوەی یانەکە شوێن یان هۆڵێکی بۆ مەشقی کچان نییە و هیچ مووچەکیش بە یاریزانانی کچ نادات.
> هەروەها کچانی زاخۆ دەڵێن ئەوەیان خستەروو کە ئەوان کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکانیان بەزاندووە، هەرچەندە لەلایەن خانەوادەکانەوە زۆرجاران دووچاری بەربەرست و کێشە دەبن، بۆیە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارییان بکەن

رۆژنامەنووسی وەرزشی (سەربەست عەلی) پێی وایە هەموو یارییە وەرزشییەکان لە زاخۆ ئاستیان لاوازە، ئەمەش بە بڕوای ئەو، بۆ نەبوونی پشتیوانیی لە لایەن لایەنە بەرپرسەکانی ئەو شوێنە دەگەڕێتەوە. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا یانەی زاخۆ و ناوەندی وەرزش و لاوانی زاخۆ بە کەمتەرخەم دەزانێت لە بارەی پێشنەکەوتنی وەرزشی ئافرەتان، هاوکات خانەوادەی کچە وەرزشوانەکانیش بە بەشێک لە هۆکارەکە دەزانێت، کە رێگریی لە کچەکانیان دەکەن.

ئەو رۆژنامەنووسە ئەوەش دەڵێت: ئەگەر بەراستی قسە بکەین، یانەی زاخۆ و ناوەندی وەرزش و لاوان نەیانتوانیوە ببنە شوێنێکی بەهێز، کە کچەوەرزشوانەکان لە خۆ بگرن و ببنە هۆکاری ئەوەی کە ماڵباتی کچەکانیش رێگە بە کچەکانیان بدەن لەوێدا وەرزش بکەن.

سەرۆکی یانەی زاخۆ لەلای خۆیەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونانەدا بوو، بەڵام ئەوەی دیار کرد کە ئەوە بە هۆی نەبوونی ئیمکانیاتەوەیە. عەبدولوەهاب بارزانی، ئاشکرای کرد کە لە بەردەم یاریگەکەیانەوە تا بەرزترین لایەنی بەرپرس داوای هاوکارییان بۆ یانەی زاخۆ کردووە، بەڵام پێویستییەکانیان بۆ دابین نەکراوە و هیچ شوێنێکیش نەماوە بچن.

یانەی زاخۆ کە لە ساڵی ١٩٨٧ دامەزراوە، ئەم وەرزە بە بەهای ٣٥ ملیۆن دینار بۆندی لەگەڵ ١٢ یاریزانی دەرەوەی هەرێم بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکە مۆر کردووە. سەرۆکی یانەکە دووپاتی کردووە کە ئەو وەکو کەسێک ئەو بڕە پارەیەی قەرز کردووە و گوتیشی یانەکەیان قەرزێکی زۆری لەسەرە.

وەهاب بارزانی گوتی: "دیارە یانەی بێ خاوەنە،

www.netewe.com

بۆیە کەس وەڵامی ئێمە ناداتەوە، ئەگەر خاوەنێکی هەبووایە، شتێکیان دەکرد، بەڵام کەس خۆی لە یانەی زاخۆ بە خاوەن نەکردووە".

سەرۆکی یانەی زاخۆ پێی وایە کە ئەو فەرامۆشکردنەی یانەی زاخۆ بە "گران" لەسەر لایەنە بەرپرسەکان دەوەستێت، گوتیشی: ئەگەر بۆ یانەکانی دیکەی کوردستان هاوکاریکردن ١٠٠٪ بێت، با هاوکاریکردنی یانەی زاخۆ ٢٥٪ بێت بەسە.

ڕۆژنامەنووس سەربەست عەلیش بۆچوونی لەگەڵ سەرۆکی یانەی زاخۆیە و بە پرسیارکردنەوە دەڵێت: "نازانم بۆچی پشتەڤانی بۆ هەندێک حەڵاڵە و بۆ یانەی زاخۆ حەرامە".

ناوبراو هەروەها گوتی: ئەگەر بۆ یانەی زاخۆش بە گشتی هاوکاری ناکەن، با تەنیا بۆ کچەوەرزشوانەکانی هاوکاری ببەخشن" ئاماژەی بەوەش دا، کە ئەوان زۆریان پێخۆشە کچان بێنە نێو بواری وەرزشەوە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە وەرزشییە موژدەی ئەوەی بۆ کچە وەرزشوانەکانی زاخۆ هەبوو، کاتێک گوتی کە پارێزگاری دهۆک "تەمەر ڕەمەزان" ئاماژەی بەوە داوە کە یاریگەیەکی تایبەت بۆ کچان لە زاخۆ دروست دەکەن.

جێگەی باسە هۆڵێکی داخراوی نێودەوڵەتیی وەرزشی بۆ یارییەکانی "باسکە و تۆپی دەست و تۆپی باڵە لە زاخۆ دروست دەکرێت و ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، کە لە سەر ڕووبەری ٧ هەزارمەتردووجا بونیاد دەنرێت و لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزای دهۆک دروست دەکرێت.

لە لای خۆشیەوە بەرپرسانی ناوەندی وەرزش و لاوانی زاخۆ ئەوەیان پێ ڕاگەیاندین کە بەمزووانە کاری دروستکردنی هۆڵەکە کۆتایی دێت و خزمەتێکی گەورەی بە وەرزشی دەڤەرەکە بە گشتی و وەرزشی ژنان بە تایبەتی، دەکات.



بەرەڤان ئەحمەد



# "مارتا" هەر لە پێشەوەیە

کچە یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لە تۆپی پێ "مارتا" بۆ ساڵی چوارەم لەسەریەک، بە باشترین یاریزانی جیهان لە تۆپی پێ دەستنیشان کرا. ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەیی لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی باشترینەکانی تۆپی پێی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٩، کە یەکێتی تۆپی پێی جیهان ئەنجامی دا، کچەیاریزانی بەرازیلی "مارتا" بۆ ساڵی چوارەم لەسەریەک بە باشترین یاریزانی تۆپی پێی جیهان دەستنیشان کرا.

ئەم دەستکەوتەش بۆ مارتای تەمەن ٢٣ ساڵان، ژمارەیەکی پێوانەییە و تا ئێستا هیچ کچەوەرزشوانێکی پێی نەگەیشتووە.

مارتا یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی لۆس ئەنجلێس گالاکسی ئەمەریکییە.

## باشترین ڕۆژنامەنووسی وەرزشیی هەولێرە

هاوکارمان "ئەرسەلان عەبدوڵڵا" کە بەڕێوەبەری فایلی وەرزشیی "وارڤین"ـە، لە ڕاپرسییەکدا کە ناوەندی باڵای هەولێری یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر ئەنجامی دا، بە باشترین ڕۆژنامەنووسی وەرزشیی هەولێر دەستنیشان کرا و خەڵاتی پێ بەخشرا. لە ستافی وارڤینەوە پیرۆزبایی لێ دەکەین و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازین


Photo
هێمن

# قاوەو دووگیانی

خواردنەوەی قاوە سوودی بۆ ئەو ژنانە دەبێت کە دووگیانن، بەڵام ئەگەر لەرۆژێکدا حەوت ئینجان قاوە بخورێتەوە، ئەوا دەبێتە هۆی لەدەست دانی کۆرپەلە.

لەسەرەتای حەفتاکانەوە چەندین توێژینەوە لەمەڕ قاوەو کاریگەرییەکانی لەسەر ئافرەتی دووگیان و کۆرپەکەی کراوە، بەتایبەت ماددەی کافاین، ئەو برە دیاریکراوەی کە لە قاوەدا هەیە. کە بەشێکی سەرەکی قاوەیەو لەگیراوەی Alkaloid Xanthine پێکدێت، چەندێتییەکەی بەگوێرەی جۆری قاوەکە جیاوازە.

## حەسانەوەت پێ دەبەخشێت

ئەگەر بە بەردەوامی هەموو رۆژێک دوو تا سێ ئینجان بخورێت، یارمەتی ژنی دووگیان دەدات کە بیرتیژ بێت و درەنگ هەست بەماندووبوون بکات. هەروەها لەهەڵچوون دووربکەوێتەوە. چونکە قاوە رۆڵێکی کاریگەری بۆ یارمەتیدان و حەسانەوەو هەستنەکردن بە سەر ئێشە هەیە. لەهەموویشی گرنگتر یارمەتی دایک دەدات کە کێشی لەشی زیاد نەکات. یارمەتی زوو هەرسکردن و دوورکەوتنەوە لە قەبزی دەدات.

## زێدەرۆیی مەکەن

زێدەرۆیی هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە دڵەراوکێ و هەڵچوون و ڕارایی. ئەگەر دایک کەسایەتییەکی بەسۆزو هەستیاری هەبێت، زێدەرۆیی لەخواردنەوەدا کار دەکاتە سەر میزڵدان و رێژەی میزەڕۆ و چەندین گرفتی تری دووگیانی بۆ دروست دەبێت. ئەگەر لەرۆژێکدا حەوت ئینجان قاوە بخورێتەوە، ئەوا ئەگەری مردنی منداڵەکە زیاد دەکات.

## ئاسەواری قاوە لەسەر کۆرپەلە

ئەگەرچی دەرئەنجامی توێژینەوەکان لەمەڕ قاوەو کاریگەرییەکانی لەسەر کۆرپەلە جیاوازە، بەڵام وەک ئاشکرایە بڕێکی زۆر ماددەی کافایین لە قاوەدا هەیە، بۆیە کاریگەری نەرێنی لەدایکەوە لەرێگەی وێڵاشەوە بۆ منداڵەکە دەگوازێتەوە. زۆربوونی کافایین هۆکارە بۆ لەبارچوونی منداڵ و گەشەنەکردنی لەنێو منداڵدانی دایک و زۆرجاریش دەگاتە رادەی مردنی منداڵ.



# سوودەکانی چای سەوز

چای سەوز لەڕووی تەندروستییەوە بەباشترین خواردنەوە دادەنرێت کە چەندین سوودی هەیە لەوانە:

١. بۆ تواندنەوەی چەوری لەش یارمەتیدەرە.

٢.کرداری هەرسکردن خێرا دەکات.

٣.خواردنەوەی سێ کوپ چای سەوز لەرۆژێکدا، دەبێتە هۆی لەناوبردنی دووسەد وزەی گەرمی زیادە کەلە لەشدا ماوەتەوە.

٤. توانای زیاتر بەمرۆڤ دەبەخشێت و رێژەی شەکر لەخوێندا کەم دەکاتەوە، بەمەش رێژەی گلوکۆز کەمدەبێتەوە کە کاریگەری لەسەر کەمبوونی شەکرەو کەمکردنەوەی چەوری زیادەس لەش هەیە.

٥. دڵ لەنەخۆشی دەپارێزێت.

٦. رێژەی کۆلسترۆل لەخوێنداکەم دەکاتەوە، چونکە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەئۆکساندن. رێگە لەئۆکساندنی کۆلسترۆلی LDLـە شادەمارەکاندا دەگرێت.

٨. رێگە لەپەستانی خوێنی نائاسایی دەگرێت.

٩. دەبێتە هۆی زیادبوونی کۆلسترۆلیHDL کە یارمەتیدەرە بۆ نەمانی چەوری لە لێواری شادەمارەکاندا.

١٠. یارمەتیدەرە بۆ کەمبوونەوەی پەستانی خوێن.

١١. توانای بەرگری بە لەش دەدات لەکاتی تێکچوونی گەدەو رشانەوە (تسمم).

١٢. وەک بەرگرییەک دژی نەخۆشی شەکرە دادەنرێت.

١٣. بەکتریا لەناودەبات، خواردنەوەی لەگەڵ ژەمە خۆراکییەکان دەبێتە هۆی کوژرانی بەکتریاو رێگە لەگەشەکردنی دەگرێت لەناو لەشدا، بەمەش رێگە بۆ بەکتریای سوودبەخش خۆشدەکات بۆمانەوەی لە لەشدا.

١٤. بۆنی ناخۆشی دەم لەناو دەبات.

١٥. دوورت دەخاتەوە لەسەر ئێشە و حەسانەوەت پێدەبەخشێت.



www.netewe.com

# ژن و قەڵەوی
# کۆمەڵگەی ک

هەولێر

زۆر لە ژنانی کورد، لە کاتی باسکردن لە قەڵەوی واپیشانی دەدەن کە هۆکارەکەی نازانن و هەمیشە قسەی" هەرچیدەکەم قەڵەو دەبم" دووبارە دەکەنەوە. بەڵام پزیشکانی پسپۆڕ مانەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵ، وەرزش نەکردن و زۆرخواردن، بە هۆکاری سەرەکی قەڵەوی دەزانن.

## قەڵەوی چییە؟

قەڵەوی، بریتییە لە زیادبوونی کێشی زیاد، بەپێی تەمەن و باڵا و هەروەها زیادبوون و کۆبوونەوەی ڕێژەی ماددە چەورییەکان لەناو لەشدا کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی شانە چەورییەکان لە ژێر پێست و ناوەوەی هەناو و ڕانەکان. هەرچەند شانەی چەوری زیاد بێت کێشی مرۆڤەکە زیاتردەبێت و ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشیەکانیش زیاتر دەبێت . بەتایبەت ئەو نەخۆشییانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە لەشەوە هەیە.

## تادێ کێشم زیاد دەکات

زۆر لە ژنانی کورد، لە کاتی باسکردن لە قەڵەوی واپیشان دەدەن کە هۆکارەکەی نازانن و هەمیشە قسەی" هەرچیدەکەم قەڵەو دەبم" دووبارە دەکەنەوە. بەڵام پزیشکانی پسپۆڕ مانەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵ، وەرزش نەکردن و زۆرخواردن، بە هۆکاری سەرەکی قەڵەوی دەزانن. نەجیبە جەعفەر کە دانیشتووی گەرەکی ئیسکانە لە هەولێر، تەمەنی پەنجاوچوار ساڵەو کێشی ٩٤ کیلۆیە. یەکێکە لەو ژنانەی کە بە هۆی قەڵەوییەوە بێزارە و وەک خۆی دەڵێت " ناتوانم بە دڵی خۆم خۆراک بخۆم و بەردەوام ئازاری دەست و قاچم هەیە. چەند جار سەردانی پزیشکم کردووە، دەڵێ دەبێ کێشت دابەزێت". سەبریە ئەحمەد کە دانیشتووی گەرەکی زانایانی شاری هەولێرە و کێشی ٨٢ کیلۆیە. ئەو، بەهۆی قەڵەوییەوە تووشی نەخۆشی " شەکرە" بووە " تادێ قەڵەو دەبم و تەواو هەراسان بووم، بەهۆی قەڵەویەوە تووشی نەخۆشی شەکرە بووم".

## هۆکارەکانی

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناوو دڵ د.یوسف بەهائەدیین، زانیاری ئەوە ڕادەگەیەنێت کە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو قەڵەوبوون دەچێت و هۆکارەکانی قەڵەویش بۆ بۆماوەیی، ژینگە و ئەو شتانەی لە دەوروبەرەوە دەست مرۆڤ دەکەوێت



www.netewe.com

# وردستان بەرە و قەڵەوبوون دەڕوات

دەگەڕێنێتەوە. وەک دەڵێت "بۆماوەیی کاریگەری لەسەر رادەی قەڵەوی مرۆڤ هەیە. بۆنموونە، ئەگەر خاڵ، مام، دایک و باوکی کەسەکە قەڵەو بن، بۆی هەیە منداڵەکان قەڵەو دەربچن". بەڵام هۆکاری ژینگەیی و ئەو هۆکارانەی کە مرۆڤ لـەدەوروبـەرەوە دەستی دەکـەوێـت، بریتین لە کەمی جوڵە، وەرزش نەکردن و زۆر خواردن کە ئەمانەش لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە. هەروەها هۆکارێکی تر بۆ قەڵەوی بۆ کۆبوونەوەی چەوری لە لەشدا دەگەڕێتەوە. د.یوسف، حەبی دژەسکپڕی "مەنع"، بە هۆکارێکی تری قەڵەوی ژنان دەزانێت، چونکە ماددەی ستیرۆیدی تێدایە. ئەو ژنەی حەبی دژەسکپڕی بەکاردەهێنێت، ئەگەر جوڵەی زیاد نەکات قەڵەو دەبێت، بەڵام نابێتە هۆکاری قەڵەوییەکی ترسناک.

## مەترسییەکانی

گرنگترین کۆئەندامەکانی مرۆڤ، دڵ، گورچیلە، سییەکان و مێشکە و باش کارنەکردنی هەریەکێکیان دەبێتە هۆکاری تێکچوونی تەندروستی مرۆڤەکە. بەرای د.یوسف، کۆئەندامەکانی دڵ، گورچیلە و سییەکان، وەک سێ ئامرازی بنچینەی سەرەکین لە لەشدا، ئەگەر مرۆڤ کێشی کەم بوو، ئەوا باشتر دەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات " کێشی زۆر ماندووبوونێکی زۆر لەسەر کۆئەندامی هەناسەو دڵ و گورچیلەکان دروست دەکات". ئەو پسپۆڕە، باس لە نەخۆشییەکانی قاچ ئێشان و دڵەکوتێ و هەناسە تەنگی دەکات، کە بەهۆی بوونی کێشی زۆر لە سەر گورچیلە و دڵ، روودەدات و بە تایبەت بۆ ئەوانەی تەمەنیان زۆرە و لەسەرووی چل ساڵییەوەن.

## خەم و قەڵەوی

زۆرکەس بۆچوونیان وایە کە ئەو کەسانەی خەمیان زۆرە قەڵەو دەبن. سەبارەت بەو رایە د.یوسف دەڵێت " ناتوانین بڵێین خەم کاریگەرییەکی راستەخۆی هەیە، بەڵام رەنگە ئەوانەی تووشی خەمێکی قـووڵ دێـن، گۆڕانکاری لە هەڵس و کەوتیان روودەدات. بەوهۆیەوە کەمی و زۆری جوڵەی لەش، گۆڕانی بەسەر دادێـت بەمەش خشتەی ژیانی، خۆراکی، جوڵەو خەوتنی دەگۆڕێت و رەنگە جوڵەی کەمببێتەوە و زۆر دابنیشێت و بیر بکاتەوە. ئەوەش دەبێتە هۆی قەڵەو بوون.

## خۆراک و قەڵەوی

سەبارەت بە جۆری خۆراک، بۆ خۆپاراستن لە قەڵەوی، د.یوسف دەڵێت، جگە لە ئاو، هەموو شتێک کەلە رێـژەی خۆی زیاتر خـورا دەبێتە هۆی قەڵەوی. ماددەی چەوری گیانەوەری کە بریتیە لە گۆشتی گیانەوەر، دوگ، قەیماغ و زبدە، ئەوانە ئەو ماددە چەورییانەن کە بە پلەی یەکەم مرۆڤ قەڵەو دەکەن.بە پلەی دووەم، ماددەی کاربۆهاییدراتەکان دێت، واتا ئەوانەی رێژەی شەکریان زۆرە وەک نـان، سەموون، بیبسی، شەکر، پەتاتە و برنج. دوای ئەوانەش ماددە پرۆتینییەکان کە بە رێژەیەکی کەمتر مرۆڤ قەڵەو دەکات وەکو سپێنەی هێلکە، کەروو، دۆمبەلان، سینگی مریشک.

خـواردنـی ئـاو بـە رێـژەیـەکـی زۆر لـە رووی تەندروستییەوە باشە و پێویستە هەر مرۆڤێک چـوار تا دە گڵاس ئـاو، بەر لە نان خـواردن بخواتەوە.

## نەشتەرگەری قەڵەوی

ئـەو جـۆرە نەشتەرگەریانە بۆ دوو مەبەستی سەرەکی ئەنجامدەدرێن، ئەگەر کەسێک بیەوێت شێوازی لەشی بگۆڕێت خـۆی لاوازبـکـاتـەوە و چـەوری زیـادە بە شێوەی نەشتەرگەری لەژێر پێستی لادەدرێت. ئەم جۆرەیان دوای ماوەیەک دیسان قەڵەو دەبێتەوە و سـوودی سنووردارە و رەنگە گۆرانکاری دروسـت بکات و کاربکاتە سەر بیرکردنەوەی. بـەڵام جۆرێکیتر هەیە بۆ بنبڕکردنی قەڵەوی بە یەکجاری، ئەویش سوودی زۆرە و قـەوارەی بەهۆی نەشتەرگەری لابردنی بەشێک لە گەدە و بڕینی، یان بە جیاکردنەوە و بەر تەسککردنەوەی بەشێک لە گەدە گەدە بچوکدەکەنەوە و ئەو هەنگاوەش دەبێتە لاوازی یەکجارەکی. ئەمجۆرە نەشتەرگەریانە بوونی هەیە و بەر بڵاوە و دەبێت پسپۆڕێکی شارەزا بیکات. چونکە مەترسی زۆرە و کردنەوەی هەناوە، ئەو کەسەی کە نەشتەرگەرییەکە دەکـات نابێت نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت.

## خۆلاوازکردن

خۆلاوازکردنی تەندروست، بریتیە لە دوو خاڵی سـەرەکـی: یەکەم، دەبێت خـواردن لە مـاوەی بیست و چوار کاتژمێر رێکبخرێت و کەمتر لە جاران بخورێت. خاڵی دووەم، دەبێت خۆراکەکەی هاوسەنگ بێت و رێـژەی سـەوزەو میوەی زۆر تێدابێت و چەوری کەمبکاتەوە.

د. یوسف، هەندێ حاڵەت دەخاتەروو کە کەس هەیە لە بیست و چوار کاتژمێر دوو ژەم دەخوات، بەڵام بیبسی و چای و شیرنەمەنی زۆر دەخوات و ژەمەکانیشی پڕن لە چەوری، ئەوە تەندروست نییە. هەیە دەڵێ من ئێواران چێشت ناخۆم تەنیا نان، ماست و چا دەخۆم و یەک نان دەخوات. ئەوە جیاوازی نییە لەگەڵ ئەوەی کە قاپێک برنج و شلە بخوات، چونکە ماست چەوری تێدایە و ماددەیە و دەبێتە وزە و لەوانەیە چایەکەشی شیرین بێت.

## چارەسەر

بۆ رزگار بوون لەقەڵەوی، نابێت لە نێوان ژەمەکان خۆراک بخورێت. کە هەستت کرد نانی تەواوت خوارد، واز لەنان خواردن بهێنە و لەرادەی پێویست زیاتر خواردن مەخۆ. هەروەها لە بیبسی، ماستاو شەربەت خۆت دووربخەوە. وەرزشکردن، ئەگەر تەنانەت هەفتەی جارێکیش بێت، هەر باشترە لەوەی کە نەکرێت.



شیلان یاسین

www.netewe.com

# حەبی دژە سکپڕی (مەنع)

هەولێر

زۆرێک لە ژنانی هەرێمی کوردستان، بۆ رێگرتن لەمنداڵبوون، حەبی دژە سکپڕی بەکار دێنن. هەندێکیان دوودڵــن لەبەکارهێنانی چونکە دەگوترێت کاریگەری لەسەرهەڵدانی نەخۆشی شێرپەنجەدا دەبێت، بـەڵام پزیشکان، ئەوە دەخەنەروو کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە حەبە، دەبێت لەکاتی دیاریکراودا بێت و کەسەکە نابێت هەندێ لەنەخۆشیگەلی وەک شەکرەو شەقیقەو نەخۆشی دەروونی، هەبێت.

## رێگرتن لە منداڵبوون

هەموو ژنێک لەهەر قۆناغێکی تەمەنیدا، دەتوانێت بەشێوەیەکی رێک، بەرەچاوکردنی تەمەن و باری فیزیۆلۆژی لەژێررێنمایی پزیشکی پسپۆڕدا، جۆرێک لەجۆرەکانی رێگرتن لەسکپڕی بەکاربهێنێت. رێگاکانی قەدەغەکردنی سکپڕی چەند جۆرن. لەوانە: رێگرتنی ئاسایی"تەبیعی"، بەستن، حەب، دەرزیی، لەزگە، رێگرتنی هەمیشەیی (وەرگێران ) و رێگرتن لەلایەن پیاوەوە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا زیاتر حەب، دەرزی و بەستن، لەگەڵ رێگرتنی ئاسایی (تەبیعی) پەیرەو دەکرێت.

## حەبەکانی دژە سکپڕی

ئەم حەبانە بەهۆی هۆرمۆنە دەستکردەکانەوە کە دەچنەناو رەوتــی ســووڕی مانگانە رێگە لەهێلکەدانی ئافرەت دەگرێت و نایەڵێت، هێلکەدان گەشە بکات، بەمەش رێگە لەدروستبوونی منداڵ دەگیرێت. سەبارەت بەرێژەی پشتبەستن بەو حەبە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان زەینەب حسین، دەڵێت، بەرێژەی ٩٩٪ ی ئەم حەبانە سەرکەوتوون. حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون چەندین جۆری وەک ( MONOPHASE و BIPHASE) هەیەو دەبێ ئافرەت بەشێوەیەکی رێک بەکاری بهێنێت.

## بەکارهێنانی حەبی دژە سکپڕی

ڤیان فاتح، ژنێکی تەمەن ٢٩ ساڵەو مامۆستایە. ڤیان، بۆ رێگرتن لەمنداڵبوون حـەب بەکار



د. زەینەب موحسین

دەهێـنـێـت"مـاوەی ٣سـاڵـە ژیـانی هاوسەریم پێکهێناوەو منداڵێکم هەیەو ماوەی ١ ساڵیشە حەبی دژە سکپڕی بەکاردەهێنم، تائێستا هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نەبووە". شنۆ خەلیل، قوتابی زانکۆیە، ماوەی دوو ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لەبەرئەوەی قوتابیە نایەوێت منداڵی ببێت"ساڵ و نیوێکە حەب دەخۆم و منداڵیشم نییە، تائێستا هیچ گرفتم بۆ دروست نەبووە". ئەحلام عیماد، ژنێکی تەمەن ٣٧ ساڵەو ژنی ماڵەوەیە. ئەحلام، لەژێر رێنمایی پزیشکدا حەب بەکاردەهێنێت"پێشتر حەبەکان ئازاریان دەدام و سەرم ژانی دەکرد و کێشی لەشمی زیاد دەکرد، بەڵام ئێستا زۆر باشم، تەنیا گرفتم ئەوەیە کە خوێن کەم دەبینم (لە جیاتی حەوت رۆژ تەنیا سێ رۆژ خوێنی دەبێت) دکتۆرەکەم پێیگوتم کە حاڵەتەکە ئاساییەو هیچ گرفتێکی نییە".

## کێشەکان

د. زەینەب موحسین، باس لەکێشەکانی حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون دەکـات، لەبەر ئـەوەی زۆرجار ئافرەت لەبیری دەکات بیخوات، ئەوەش چارەسەری لە ناکاوی هەیە EMERGENCY CONTRACEPTION ، رۆژی پاشتر لەهەمان کات دوو حەب دەخوات. دەبێت لەماوەی ٢٤ کاتژمێر حەبەکە بخورێت، واتا نابێت یەکێک بەشەو بخورێت و ئەوانیتر بـەرۆژ، یان نیوەڕۆ یا کاتێکی تر. جگە لەوەش نارێکی لەخواردنی حەبەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیری دایک وشک ببێت.



www.netewe.com




## زیانەكانی

حەبی دژە سكپڕی، لەرێگەی دەمەوە هەرس دەبێت و بە گەدەدا تێدەپەڕێت. هەروەها كاریگەری لەسەر جەستەی ژنەكە دەبێت. بۆیە دەبێت بەشێوەیەكی تەندروست بەكار بهێنرێت. چونكە هەندێكجار ئافرەت لەكاتی بێنوێژیدا توشی خوێنبەربوون دەبێت، یان خوێن كەم دەبینێت(لەبری حەوت رۆژ سێ رۆژ خوێنی دەبێت). ئافرەت بەهۆی كاریگەری هۆرمۆنی، قەڵەو دەبن و ئەو قەڵەوییەش ئاسایی نییە. هاوكات حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون، ئارەزووی سێكسی زیاتر دەكات. نارێكی لەخواردنی حەبی رێگرتن لەمنداڵ، دەبێتە هۆی تورەبوون و هەڵچوون، بۆیەش ئەوانەی شەقیقەیان هەیە رێگەیان پێنادرێت بیخۆن). هەروەها دەبێتە هۆی گەورەبونی مەمكەكان و ژانیشی دەبێت.

## ئەوانەی نابێ حەبی دژە سكپڕی بەكار بهێنن

هەموو ژنێک ناتوانێت حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون بەكاربێنێت، بۆیە دەبێت بەر لەبەكارهێنانی راوێژ بەپزیشكی شارەزا بكرێت. لەهەندێک حاڵەتی دیاریكراودا بەكارهێنانی ئەم حەبانە قەدەغەیە:

-ئەو ژنەی تووشی پەستانی خوێنبەرەكان هاتبێت.

-ئەو ژنەی تووشی شێرپەنجەی منداڵدان، ملی منداڵدان، شێرپەنجەی مەمک و كۆڵۆن هاتوون، تەنانەت دوای چاكبوونەوەشیان رێگەیان پێنادرێت.

-ئەو ژنەی نەخۆشی دەروونی هەبێت.

-ئەوانەی كە زۆر جگەرە دەكێشن.

–ئەو ئافرەتانەی كە (شەقیقە)یان هەیە، چونكە بەكارهێنانی حەبی رێگرتن لە منداڵبوون سەرئێشانیان زیاتر دەكات.

-هەندێک لەحاڵەتی تووشبوو بەنەخۆشی شەكرە.

-ئەوانەی رێژەی چەوری خوێنیان بەرزە.(كۆلسترۆڵ) و ئەوانەش كە نەخۆشی جگەریان هەیە.

-ئەوانەی كە زۆر لاوازن و كەمخوێنن.

-ئەوانەی كە تەمەنیان لەسەرووی چلەوەیە. چونكە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەیان زیاد دەكات.

- بەكارهێنانی حەب لە هەندێ حاڵەتی دیكەشدا بەباش نازانرێت وەک:

_ ئەگەر ژنەكە دەوالی هەبوو.

_ ئەگەر ژنەكە دەرمانی تری بۆ چارەسەری نەخۆشی دیكە بەكارهێنا، دەبێت لەم حاڵەتەدا پرس بەپسپۆڕی نەخۆشییەكەی بكات. چونكە ئەم حەبانە لەگەڵ ئەوانیتر كارلێک دەكات و "مظاعفات" دروست دەكات.

## حەبی دژە سكپڕی و شێرپەنجە

د: زەینەب موحسین، رەتی دەكاتەوە كە بەكارهێنانی حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون، ببێتە هۆی دروستبوونی نەخۆشی شێرپەنجەوە جەخت دەكاتەوە كە حەبی دژەسكپڕی، رێگە لەشێرپەنجەی مەمک دەگرێت. بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵ بەبەردەوامی بەكارهێنرا دەبێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجەی منداڵدان كە ئەوەش ئاسانترین جۆری شێرپەنجەیەو چارەسەری بنبڕی دەكرێت. كەواتە حەبی رێگرتن لەهەموو رێگاكانیتر باشترەو ئافرەتان دەتوانن بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر یەک بەكاریبهێنن. دوای مانگێک تا ٤٥ شەو رێگرتنی ئاسایی بكەن، ئینجا بۆ بەكارهێنانی حەبەكە بگەڕێنەوە، تا ماوەی چوار ساڵ، دوایی دیسان مانگێک رێگرتنی ئاسایی بكەن و پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ لەولەب دابنێن، یان پیاوەكە كۆندۆم دابنێت.

## چۆنیەتی بەكارهێنان

پسۆڕی نەخۆشییەكانی ژنان د. زەینەب، ئامۆژگاری ژنان دەكات بەوەی كە ئەگەر هەر ژنێک بۆ یەكەمجار ویستی حەبی دژە سكپڕی بەكاربهێنێت، دەبێت سەردانی پسپۆڕی نەخۆشییەكانی ژنان بكات. دوای كۆكردنەوەی زانیاری، ئینجا پزیشک دەتوانێت بۆ خواردنی حەبی رێگرتن لەمنداڵبوون رێگە بەئافرەت بدات. دەبێت پزیشک ئەو جۆرە حەبەی بۆ دیاری بكات كە لەگەڵی دەگونجێت. بەڵام دەبێت دوای سێ مانگیتر ئافرەتەكە بۆ دڵنیابوون لەرەوشی تەندروستی سەردانی پزیشک بكاتەوە. دوای ئەوەش پێویستە هەر شەش مانگ جارێک ئافرەتەكە سەردانی دكتۆری خۆی بكاتەوەو پشكنین ئەنجامبدات. تا لەرەوشی تەندروستی خۆی دڵنیا بێت.



**شیلان یاسین**



www.netewe.com

# پاڵەپەستۆی خوێن و ژنی دووگیان

هەولێر

بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن لە ژنی دووگیاندا لە حاڵەتێکدایە کە ئافرەتەکە نەخۆشی شەکرە، قەڵەوی و گوشاری خوێن بوو‌بێت، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لەسەرووی ٣٥ ساڵییەوەیە زیاتر ئامادەییان بۆ تووشبوون بەو نەخۆشییە دەبێت.

## پاڵەپەستۆ "فشاری"ی خوێن چییە؟

بریتییە لە بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن لەلایەن ئافرەتی دووگیانەوە بەجۆرێک، کە لەماوەیەکی دیاریکراودا گوشاری خوێن بەرزبێتەوە بۆ نموونە، لەماوەی شەش کاتژمێردا جارێک یان لەماوەی دوانزە کاتژمێر زیاتر لەدووجار پێوانەی پاڵەپەستۆی خوێن بکرێت، بەشێوەیەک کە رێژەی پاڵەپەستۆکە وەک پێشتر بەرز بێت و دانەبەزیبێت.



## وەرزی توشبوون

بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن لە وەرزی بەهاران و پایزاندایە. دەتوانین بڵێین، لە (٥تا ٧)٪ـی ئافرەتی دووگیان تووشی نەخۆشی پاڵەپەستۆی خوێن دەبێت. زۆرجار ئافرەت دوای منداڵبوون گوشاری خوێنی نامێنێت. ئەگەر ئامێری گوشار وەرگرتنەکە لە ١٤٠زیاتر و خوارەوەی لە٩٠ زیاتر پیشان بدات، ئەوا پاڵەپەستۆی خوێنی بەرزە. هەروەها سەرەوەی لە١٥ملیم زیاتر و خوارەوەشی لە٣٠ملیم زیاتر بێت، پاڵەپەستۆی خوێن بەرزدەبێت.

## "لە چوارەم سکەوە تووشی گوشاری خوێن بووم"

خوناو بایز، تەمەنی ٣٩ ساڵەو کێشی ٩٠ کیلۆیە. خوناو، دانیشتووی کۆمەڵگای دارەتووە، ئێستا بەمنداڵی حەوتەمی سکی پڕەو لەچوارەمین سکەوە تووشی نەخۆشی گوشاری خوێن بووە. ئەو دوای منداڵبوونیش گوشاری خوێنەکەی هەر دەمێنێت. پزیشک پێیگوتووە کە حاڵەتەکەی مەترسیدارە "ئازارم زۆرە بۆیە بریارم داوە دوای ئەم سکە منداڵی ترم نەبێت".

هالە مستەفا، ٣٥ ساڵە، دوو ساڵە شوویکردووەو یەکەمین سکیەتی" تەمەنی سکەکەم شەش مانگ بوو کە تووشی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن بووم و ئێستاش هەموو هەفتەیەک سێجار سەردانی بنکەی تەندروستی دەکەم و مانگی جارێکیش سەردانی پزیشکی خۆم لەتورینگە دەکەم. گوشاری خوێنم هەر بەرز دەبێتەوە، ئەگەرچی رەچاوی خواردنیش دەکەم". سەعدیە کەریم، تەمەن ٢٨ ساڵ، ماوەی ساڵ و نیوێکە هاوسەرگیری کردووە، لەسکی یەکەمەوە تووشی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن هاتووە "بەهۆی سکپڕی توشبووم و زۆریش رەچاوی بارودۆخم دەکەم، دکتۆرەکەشم دەڵێت، ئاساییەو دوای منداڵبوون نامێنێت".

## هۆکارەکانی

سەبارەت بەو هۆکارانەی کە ئافرەت لەکاتی دوو گیانیدا تووشی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن دەکات، پسپۆری نەخۆشییەکانی ئافرەتان سەبریە شێخ بزێنی پێیوایە، تائێستا هۆکارە سەرەکییەکەی دیارنییە. بەڵام دەتوانین بڵێین، ئەو ئافرەتانەی کە لەتەمەنی زووەوە واتە بەبچووکی هاوسەرگیرییان کردووە، زیاتر توشی پاڵەپەستۆی خوێن دەبن. یاخود ئەوانەی کە تەمەنیان گەورەیەو لەسەرەوەی ٣٥ ساڵییەوە دووگیان دەبن. هەندێک هۆکاری یارمەتیدەریش هەن وەکو، ژن لەکاتی یەکەم حاڵەتی دووگیانیدا یان نەگوونجانی تەمەن بۆ دووگیانی و تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە. هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە خۆی بەر لەسکپڕیش نەخۆشی گوشاری خوێنی هەبووە. نەخۆشییەکانی گورچیلەو قەڵەویش هۆکارن. هاوکات بۆ ماوە، سوێری زۆر و چەوری رۆڵیان هەیە، بەڵام فاکتەری سەرەکی نین.

## نیشانەکانی

لە کاتی دووگیانیدا، ژن کەمتر تووشی نزمبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن دەبێت، تەنیا لەحاڵەتی کەمخوێنیدا نەبێت، ئەویش رێژەکەی کەمە.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن، ئافرەتی سکپڕ قاچی ئەستور دەبێت. سک ئێشەو رشانەوەو بەرچاو تاریکی و سەرئێشەو ژانی گەدەی دەبێت و ئەمەش کاریگەری نەرێنی بۆسەر دایک و منداڵەکە دەبێت.

## حاڵەتەکان

لەبارەی حاڵەتە ترسناکەکانی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن لەسەر دایک د. سەبریە، دەڵێت کە زۆرجار ئافرەتی دووگیان گوشاری خوێنی

**ئەم نەخۆشییە مەترسی لەسەر دایک زۆرەو لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی، وێڵداشەکەی باش پێنەگات. لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی خوێنبەربوون لەدایکەکە یان کار لە گورچیلەکانی بکات و ببێتە هۆی سست بوونیان. هەروەها کار لە میشک بکات و ببێتە هۆی خوێنبەربوونی مێشک، بۆ نموونە ئەگەر لە هەر لترێک، سێسەد مللیگرام پرۆتین لەناو میزەکەی هەبێت، ئەوە حاڵەتەکی ترسناکەو دەبێت بەزووترین کات چارەسەر بکرێت.**

بەرزبووەتەوەو ئاگای لێ نییە. بۆیە دەچێتە لای یاریدەدەری پزیشکی و پێیدەڵێت ئازاری گەدەی هەیە، ئەویش چارەسەری گەدەی پێدەدات. هەندێکجار لە کوردەواریدا دەڵێن، پیاسە بکەن باشە، نەخێر ئەوانە پێویستییان بەپشوودانە. ئێمە لە نەخۆشخانە لەژووری تەنیاو بێدەنگ و تارادەیەک تاریکدا دایدەنێین، بۆیە دەبێت هەموو دووگیانێک ئاگاداری خۆی بێت تا نەگاتە ئەو ئاستەی کە تووشی خوێنبەربوون بێت و نەتوانرێت چارەسەر بکرێت. پێویستە ژن بەر لەتوشبوون بەو حاڵەتە خراپانە سەردانی نەخۆشخانە بکات. چونکە ئەم نەخۆشییە مەترسی لەسەر دایک زۆرەو لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی، وێڵداشەکەی باش پێنەگات. لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆی خوێنبەربوون لەدایکەکە یان کار لە گورچیلەکانی بکات و ببێتە هۆی سست بوونیان. هەروەها کار لە میشک بکات و ببێتە هۆی خوێنبەربوونی مێشک، بۆ نموونە ئەگەر لە هەر لترێک، سێسەد مللیگرام پرۆتین لەناو میزەکەی هەبێت، ئەوە حاڵەتەکی ترسناکەو دەبێت بەزووترین کات چارەسەر بکرێت.

### کاریگەری پاڵەپەستۆی خوێن لەسەر کۆرپەلە

سەبارەت بە کاریگەری پاڵەپەستۆی خوێن لەسەر کۆرپەلە، د.سەبریە پێیوایە، کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کۆرپەلە لەناوسکی دایکدا دەبێت و نایەڵێت گەشە بکات ئەوەش دەبێتە هۆی مردنی کتوپڕی کۆرپەلە.

کەی مەترسییەکانی پاڵەپەستۆی خوێن دەستپێدەکات؟

د. سەبریە، ئاماژە بەوەدەکات کە مەترسییەکانی پاڵەپەستۆی خوێن لەدوای پێنج مانگ لەتەمەنی سکەکە دەستپێدەکات و کاریگەری ترسناکی هەیە. ئەو ئافرەتانەی خۆیان بەر لەسکپڕی پاڵەپەستۆی خوێنیان هەبووە، حاڵەتی ئەوان لە کاتی سکپڕیدا ترسناکترە لەو ئافرەتانەی کە لەکاتی سکپڕی تووشی دەبن. بۆیە بەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن پێش سک بوون و بەردەوامبوونیشی لەکاتی دووگیانیدا، مەترسی زیاترەو دەبێت ڕەچاوی حاڵەتەکەی ئەوان بکرێت. جگە لەوەش دەبێت هەر ئافرەتێکی سکپڕ لەدوای بیست و چوارهەفتەوە لەبنکە تەندروستییەکان پشکنین ئەنجامبدات. ئەم پسپۆڕەی نەخۆشییەکانی ئافرەتان، ئاماژە بەوەش دەکات کە گەورەترین مەترسییەکە، لەماوەی ٤٨ کاتژمێر تا ٧٢ کاتژمێر، لەکاتی منداڵبووندایە، بۆیە بەپێویستی دەزانێت لەو ماوەیەدا پشکنینی خوێن و میزی بۆ ئەنجامبدرێت، تا بزانرێت کاریگەری لەسەر گورچیلە چەندەو بەپشکنینی میز، بزانرێت ڕێژەی ماددەی زووڵال لەمیزدا چەندە؟ چونکە هەندێک حاڵەتی ترسناک هەیە کار دەکاتەسەر شیکردنەوەو ماددە خەستبووەکە لە لەشیدا کەمدەبێتەوە. یان تووشی بەرزبوونەوەی ئەنزایمی جگەری دەکات و لەوانەیە دایکەکە تووشی خوێنبەربوون بێت. زۆرجار نەخۆش دەڵێت پشکنینم کردووە، چونکە نازانێ دەبێت زووزوو پشکنینی بۆ بکرێت و ڕەچاوی حاڵەتەکەی بکرێت.

### چارەسەر

بۆ ڕێگرتن لەبەرزبوونەوەی پاڵەپەستۆی خوێن و پێشگرتن لەمەترسییەکانی بەڕای د.سەبریە، پێویستە لەماوەی یەک مانگدا هەر هەفتەیەک دووجار پشکنینی بۆ بکرێت، ئەوانەیشی کە ڕێژەکەیان زۆرە دەبێت لەنەخۆشخانە بخرێنە ژێر چاودێری پزیشک. تا نەبێتە هۆی مردنی دایک یان لەبارچوونی کۆرپە. بەڵام ئەوانەی کە گوشاری خوێنیان زۆر بەرزە، لەکاتی منداڵبووندا دەبێت دەرمان بۆ دابەزینی پاڵەپەستۆی خوێن وەربگرن. بۆ چارەسەرکردنیش لەکاتی منداڵبووندا، پزیشک هەندێک دەرمان بەکاردەهێنن، تا ئافرەتە کە پاڵەپەستۆی بەرزنەبێتەوە. ئەم دەرمانە کاریگەری لەسەر کۆرپە نییە. زۆرجار ئەو دایکانەی کە دەگەیەنرێنە لامان بەهۆی بەرزی گوشارەکەیانەوە بێهۆشن، لەو حاڵەتەدا پێویستە بەدەرزی گوشارەکەی دابەزێنرێت، ئینجا هەوڵدەدەین بەرێگای سروشتی کۆرپەکە لەدایک بێت. ئەمە باشترین ڕێگایە، بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە گوشارەکەی زۆر بوو و گەیشتبووە ڕادەی گەشکەگرتن، ئەوکات بە ڕێگای نەشتەرگەری منداڵی دەبێت، چونکە دایکەکە بەرگەی ژان ناگرێت. ئەگەر هاتوو دایکەکە منداڵەکەی بوو ئینجا دیسان گەشکەی گرتەوە ئەوا حاڵەتەکەی ترسناکە. زۆرجار دایکەکە دەڵێت، دەڕۆمەوە ئەوە لەکاتێکدا پێویستە ماوەی حەفتاو دوو کاتژمێر لەنەخۆشخانە مابێتەوە. زۆرجاریش ئافرەتەکە گەیشتووەتە حاڵەتی ترسناک و قاچی ئەستووربووەوە تەنانەت گەشکەی گرتووە، ئینجا هێناویانەتە لای ئێمە ئەوەش کاریکردووەتە سەر دەمارەکانی مێشکی و زۆرجاریش لەم حاڵەتەدا ئافرەتەکە گیان لەدەستدەدات.

### ڕێنمایی تەندروستی

پێویستە ئافرەتی دووگیان ڕەچاوی باری تەندروستی خۆی بکات و سەردانی بنکە تەندروستییەکان بکات، زۆرجار ئەگەر سکەکە حەوت یان هەشت مانگ بوو، ئەوا منداڵەکەی بچووکەو دایکەکەش تەندروستی باش نییەو مانەوەی منداڵەکە کێشەی بۆ دروستدەکات، لەو حاڵەتەدا دەبێت کۆرپەکەی هەر دابنێت بۆیە لەو حاڵەتە دەرزی هەیە ئێمە لەدایکەکەی دەدەین، تا ئەگەر منداڵەکە بوو نەمرێت، چونکە سییەکانی باش دروست نەبووە لەم حاڵەتەدا ئێمە ناچار دەبین کە نەشتەرگەری منداڵبوون بۆ دایک بکەین.

### پرۆفایل:

د. سەبریە خدر حەمەدەمین ساڵی ١٩٨٩، لەزانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی پزیشکی تەواوکردووە.

دیپلۆمی لەبەشی ئافرەتان هەیە.

چوار ساڵ و نیوە بەرێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوون و ئافرەتانە.

www.metewe.com

# ستراگانۆف به گۆشت

ستراگانۆڤ بەگۆشت، خواردنێکی رووسیە



ئامادەکردنی:

وەستا عەلی رۆحانی
ڕێستۆرانتی هەزارویەک شەو

## کەرەستەکان

٢, ٥٠ .گۆشتی نەرمە
٥ .کوارگ
١ .پیاز
١ .بیبەری شیرین
١ . کەوچکی بچوک بیبەری رەش
١ .کەوچک ئارد
١ .ماجی

## چۆنیەتی ئامادەکردن

تــەواوی پێداویستیەکان وورد دەکرێت، ئینجا گۆشت و پیاز و بیبەرەکە لە ناو تاوەیەک رۆندا بۆ ماوەی دە خولەک سووردەکرێتەوە، پاشان کـوارگ و ئارد و کەمێک خوێ وماجیەکەی تێدەکرێت، تا ماوەی ١٥ خولەک لەسەر ئاگرێکی کز دایدەنێین. دوای تەواوبوونی دەخرێتە ناو ناوەڕاستی قاپێکی گـەورە، لــەدەوروبــەری لیمۆ و خەیار و کاهوو وکەلەرمی سوور دادەنرێت وەک جوانکاری، بەم شێوەیە خـواردنـی یــەک کەس ئامادە دەبێت.



# مایكرۆسۆفت و ناسا رێككەوتننامەیەك واژۆ دەكەن



كۆمپانیای جیهانی مایكرۆسوفت لەبواری كۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەگەل دەزگای فەلەكناسی ئەمریكی ناسراو بە ناسا سەبارەت بەدانانی پرۆگرامێكی هاوشێوەی GOOGLE EARTH لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت دەربارەی هەسارەی مەریخ، رێككەوتنێك واژۆ دەكەن.

بەپێی زانیارییەكان ئەو رێككەوتننامەیە بۆ نمایشكردن و بەرەودان بە زانیاریەكانە لەسەر ئەم هەسارەیە. بەرێوەبەری ئاژانسی ناسا لەواشنتۆن) دوج مكوسیشن (دەڵێت:“ئەم هەنگاوە ئامانجەكەی كۆكردنەوەی زانیاری زیاترە لەسەر ئەم هەسارەیەو نمایشكردنیەتی بۆ هەمووان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت.

بەكارهێنەرانی بەرنامەكە دەتوانن سەرنج و پرسیاری خۆیان بنوسن و وەڵامیان بدرێتەوە لەلایەن كەسانی پسپۆڕی دەزگاكەیانەوە. مكوسشن، رایگەیاند كە هاوكاری زانیاری لەهەموو ئەو كەسانە وەردەگرن لەسەرانسەری جیهانەوە كە حەزیان لە فەلەكناسییە.

## ئاگاداری بەكارهێنانی فەیسبووكەكەت بە



فەیسبووك بوە هۆی برینی یارمەتی مرۆی لەلایەن حكومەتی كەنەدیەوە بۆ ژنێكی دانیشتووی ئەو وڵاتە،پاش ئەوەی خاتوو

ناتالی ٢٩ ساڵ ی كەنەدی بانگەشەی ئەوەی دەكرد كەتووشی نەخۆشی دەروونی بووە بەم هۆیەوە توانی سەرنجی دامودەزگا كەنەدیەكان رابكێشێت بەلای خۆیدا تاكو یارمەتی مرۆیی بدەنێ و كارنەكات .بەلام بە هۆی وێنەیەكی خاتوو ناتالیەوە لەسەر فەیسبوك كە خۆی دایناوە فێڵەكەی كەشف بوو و حكومەتی كەنەدیش بریاریدا یارمەتیەكەی لێببرێت و ناچاری بكات بگەڕێتەوە بۆ سەركارەكەی.شایەنی باسە لەوێنەكەدا ئەم خاتوونە پێدەكەنێت و هیچ نیشانەیەكی نەخۆشی دەروونی پێوە دیارنیە. لەهەمان كاتدا كۆمپانیای دابین كردنی ئەو یارمەتیە (شركە تامین) ئەوەی راگەیاند ئەوان فەیسبووك تەنها بۆ ئەوە بەكاردێنن كە ئاگایان لەو كەسانە بێت كە سودمەندن لە كارو خزمەتگوزاری كۆمپانیاكەیان.

## چاویلكەی وەرگێڕ



لەداهێنانێكی نوێدا لە ژاپون. كۆمپانیای ئانایس، پسپۆر لەبواری كۆمپیوتەر، چاویلكەیەكی نوێی نمایشكرد كە جیاوازی ئەم چاویلكەیە لەوەدایە كاری وەرگێڕی دەكات لەرێگای بەستنەوەی چاویلكەكە بەكۆمپیوتەرێكی تایبەتەوە. ئەم چاویلكەیە دەتوانێت دووكەس كە زمانی یەكتر نەزانن لەیەك تێبگەنێت لەرێگای چاویلكەكەو كۆمپیوتەرە وەرگێڕەكەوە، بەكارهێنەر چاویلكەكە دەخاتە كار و چاوەڕێدەكات بەشێوەیەك كە هاوكات چاویلكەكە گفتوگۆكە تۆماردەكات و لەماوەی پێنج چركەدا وەریدەگێڕێتە سەر زمانی كەسی گوێگر. هەرچەندە ئەم بەرهەمە هێشتا لەژێر كاری برەو پێداندایە بەلام لەیەكەم نمایشدا بە ٨٥$ ئەمریكی نمایشكرا.

www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٤-٢٠-٣/٢١

پێویستە هەستی کێبرکێت تێدا بێت و ئەو هەستە قبوڵ بکەیت، چونکە کۆمەڵێک کەسی زیرەکتر لەگەڵتن، کاتی زیاتر بۆ خۆشەویستەکەت تەرخان بکە و ئاگاداری بارودۆخی ژیانی بە.

## گا



٥-٢٠-٤/٢١

هەوڵبدە بگونجێی لەگەڵ کەش و هەوای ئەو گۆڕانکاریانەی لەکارەکەتدا ڕوویداوە، بێزاری هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات، کاتێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی کارێک کە پێویستی بە هاوکاری هاوبەشەکەتە، ئەمەش هۆکاری نزیک بوونەوەی زیاترە لە نێوانتاندا.

## دوانە



٦/٢١-٥/٢١

یەکێک لە هاوکارەکانت داوای هاوبەشیت لێدەکات لە پرۆژەیەکدا، ئاگادار بە پێش ئەوەی بە باشی لێی بکۆڵیتەوە هیچ بڕیارێک مەدە، لە ڕووی سۆزداریەوە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیەوە ئەمەش ئاسودەت دەکات.

## قرژاڵ



٧/٢٢-٦/٢٢

هەوڵبدە بەرپۆبەرەکەت بە بۆچوونەکانت ڕازی بکەیت، بەڵام پێویستە چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو بکەیت، یەکێک دەیەوێت دەست وەربداتە پەیوەندیەکانتەوە و کێشەت بۆ دروست بکات ئاگاداری خۆت بە.

## شێر



٨/٢٢-٧/٢٣

هەوڵبدە پلانێکی باش بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانت دابنێیت، تا بتوانیت کارە کەڵەکە بووەکانت بە باشی ئەنجام بدەیت، ڕێگە بە خۆشەویستەکەت بدە بە بۆچونەکانی بەشداریت بکات و پشتگوێی مەخە یا هەست بە تەنیایی نەکات

## گوڵەگەنم



٩/٢٢-٨/٢٣

کارەکانت خۆشدەوێ و دەیپارێزی، پێویست ناکات بێزار بیت بەم زوانە بەرهەمی ماندووبوونت دەچنیتەوە، ژیانی سۆزداریت گۆڕانکاری بنەڕەتی بە خۆوە دەبینێت، کەسێکی تازە دەناسیت.

## تەرازوو



١٠/٢٣-٩/٢٣

لەم ماوەیەدا پاداشتێکی دارایی وەردەگریت بە هۆی ئەو هەوڵ و ماندووبونانەی لە ڕابردوودا بینیوتە، هەوڵبدە خیانەت لە خۆشەویستەکەت مەکە چونکە لە زیانی تۆدایە.

## دووپشک



١١/٢١-١٠/٢٣

نهێنی کارەکەت لای کەسانی تر مەدرکێنە و بڕوا بەکەس مەکە چونکە هەموو کەسێک جێگای بڕوا نیە، لە ڕووی سۆزداریەوە هیوای زۆرت دێتە دی، بەڵام پێویست ناکات لە بەرامبەردا واز لە هەندێک لە مافەکانت بێنیت.

## کەوان



١٢-٢١-١١/٢٢

بە شێوەیەکی ئەقڵانی ڕەفتار بکە و هیچ بڕیارێک مەدە کە بڕوات پێنەبێت، کۆتایی بەو گرێ سۆزداریە دێت کە ماوەیەکی زۆرە بەرۆکی گرتویت.

## گیسک



١/١٩-١٢/٢٢

هەوڵبدە پەیوەندیەکانت لەگەڵ بەرپۆبەرەکەتدا باشتر بکەیت، چونکە ئەو کلیلی گەیشتنە بە ئامانجەکانت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت دۆخێکی جێگیرت دەبێت و زیاتر لێتێدەگات.

## سەتڵ



٢/١٨-١/٢٠

هەوڵبدە زیاتر هاوکاری هاورێکانت بکەیت، چونکە تۆش پێویستت بە ئەوان دەبێت، کەسایەتیە بەهێزەکەت و زەردەخە هەمیشەیەکەت خۆشەویستەکەت خۆشحاڵ دەکات.

## نەهەنگ



نەهەنگ ١٩/٢-٢٠/٣

دەرفەتێکی زێڕین دێتە بەردەمت و بواری کارەکەت بەرەو باشتر دەگۆڕێت، هەست بە بێزاری دەکەیت بەرامبەر هەڵسوو کەوتی خۆشەویستەکەت، ئەمەش کەمێک بێ هیوات دەکات.

www.netewe.com

# گوڵە شیلان

ناوی کوردی: شیلان- گوڵە نەسرین.
ناوی زانستی: Rosa Canina
خێزانی زانستی: Rosaceae
جۆری رووەک: دار





### تایبەتمەندی فیزیکی

بۆن:سووک
تام: تاڵ
پلەی گەرمی بەرگەگر: ((- ٢ بۆ +٣٩ )) س.
بەرزی رووەکە: (( ٦٠ – ١٦٠ )) سم

### ناوبانگی کوردی:

لەکۆنەوە لە کوردەواریدا هێمای جوانی و ناسکی بووە. بەتایبەت لەسەرەتای وەرزی بەهاردا کە گوڵی بچووک بچووکی بۆنخۆش دەردەکات. بۆیە بە گوڵە نەسرینیش ناویان بـردووەو لەگوندە کوێستانییەکان هەمیشە لەنزیک پەرژینی باخچەکان چێنراوە. زۆرجـار دارکـەرەکان کە چوونەتە شاخ بۆ داربڕین بەری ئەم گوڵەیان بەخاوی خواردووە، گوایە تینوێتی دەشکێنێ. لەبەر خۆشویستنی گوڵەشیلان خراوەتە ناو پەندی پێشینیانەوە. وەکو دەڵـێ: تا لەئێوە دەپشکوون گوڵ، لە ئێمە دەپشکوون شیلان.ئەو پەندە بەکەسێک دەڵێن،کە بەنیازی چاکەیەک بێ. بەڵام بەرامبەرەکەی چاکەی لەوە گەورەتر بتوانێ ئەنجامبدات.

### شوێنی رووان:

نزیک جۆگەو پەرژینی باخەکانی گوندی.

### ناوبانگی پزیشکی گیایی:

ناوبانگی پزیشکی گیایی: Rosa Canina لەپزیشکی گیایی نێودەوڵەتیدا شەربەتەکەی وەک خواردنێکی زۆر کاریگەر دەدرێ بەمنداڵی شیرەخۆرە sucking baby ئەمەش لەبەر دوو هۆ، ١بوونی رێژەیەکی زۆر لەڤیتامینەکان ٢. ئاسان مژرانی لەلایەن مەمیلەکانی ریخۆڵەوە intestinal villil لە گرینگترین ئەو ماددانەی تائێستا لێی دەرهێنراون: vitamin ( A، B١ ، B٢ ، B٣، and C ،K) هەروەها ماددەی : Vanillin، Carotene and Tonic Phenol acid، بوونی ئەم ماددانە دەبنە هۆی لابردنی تینوێتیThirsty و چارەسەری هـەوكـردنـی گـەدە Gastritis هـەروەهـا لەچارەسەری بەلەفیرە Diarrhea شدا زۆر کاریگەرە .





وەرزی رووان :
بەهار: مانگی ((٣- ٦))


سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com





سیراجەددین مەحمود





www.netee.com

ئەتەکێت

# ئەتەکێتی کردنەوەی دیاری



کردنەوەی دیاری لەبەردەم میوانەکاندا :

ئایا کردنەوەی دیاری، لە کاتی ئاهەنگەکانداو لەبەردەم میوان و هاوڕێیانی خاوەن دیارییەکەدا دیاردەیەکی دروستە؟ ئەوە مەسەلەیەکی تەنگەهەڵپێچنراوە یان ئاسایيە بۆ ئەوەی دواجار سوپاسی هاوڕێکانت بکەیت بۆ دیارییەکەیان؟

وامەزانە ناچارکراویت بە کردنەوەی دیارییەکانت لەبەردەم کەسانی دیکەدا، چونکە نیوەی چێژ وەرگرتن و لەزەت بینین لە بەپیرەوەچوونی دیارییەکاندا لە کردنەوەیدا خۆی دەبینێتەوە.

بۆ ئەوەی پێکەوە چێژ وەربگرن لە نیشانە خۆش و شادمانییەکانی لەسەر دەم وچاو بەدیاردەکەوێت، لەگەڵ ئاڕاستەکردنی وشەی سوپاسدا کە نیوەی دیکەی خۆشییەکانیان تەواو دەکات.

شێوازی نموونەیی ئەو کارە، کۆکردنەوەی دیارییەکانە لەیەک شوێندا تا گەیشتنی هەموویان، پاشان خاوەن دیارییەکە هەڵدەستێت بە کردنەوەیان لەبەردەم هاوڕێکانیدا، لەگەڵ خوێندنەوەی کارت و نوسراوەکانی کە لەسەر هەر دیاریەک نوسراوە بۆ گوزارشتکردن لە سوپاسکردنی خاوەن دیارییەکان و بە ئاگایی لە ئاڕاستەکردنی بایەخ و پەرۆشی سەبارەت هەر دیارییەک کە دەیکاتەوە، نرخەکەی هەرچەندێک بێت .

بەڵام ئەگەرهاتوو دیاریەکە لە شێوەی پارەدا بوو، پێویست بە ئاشکراکردنی نرخی پارەکە ناکات، بەڵکو تەنها ئاڕاستەکردنی ووشەی سوپاس یان هەندێ ووشەی گونجاو بەسە وەک " بیرۆکەیەکی باشە، چونکە بە نیازی کڕینی ....... " .

لەو بۆنانەدا، کە پێویست بە بردنی دیاری ناکات، وەک چوون بۆ بانگێهشتێکی نانخواردن. ئەگەر هاتوو هەندێ لەو کەسانە هەستان بە پێشکەشکردنی دیاری ڕەمزی پێویست ناکات خاوەن بانگهێشتەکە دیاریەکە لەبەردەم ئەوانی دیکەدا بکاتەوە، یان تەنانەت سەرنجی ئامادە بووان ڕابکێشێت پێی، بۆ ئەوەی ناچاریی بۆ ئەوانی دیکە دروست نەکات، بەڵکو تەنیا کردنەوەی لەبەردەم خاوەن دیارییەکەدا بەسە بۆ ئەوەی سوپاس و پێزانینی خۆی پێ ڕابگەیەنێ ئەگەر توانی لەبەردەمیدا بیکاتەوە بەبێ سەرنجڕاکێشانی ئەوانی دیکەی کە بانگهێشتکراون.

کنێر عەبدوڵڵا

www.netewe.com

# ئەستێرەی وارڤین

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

پەیامنێری کوردستان تیڤی لەبەشی سیاسی، پێشتر لەبەشی رۆشنبیری بووم بەرنامەی ئاینەلارم پێشکەش دەکرد، ئێستا سێ بەرنامەم هەیە، پەروەردە لەرۆژانی سەختدا، چیرۆکەکانی زیندان، داستانەکان لە سەردەمی شۆرشی ئەیلولدا، خۆم پێشکەشکار و ئامادەکاری ئەو سێ بەرنامەیەم. بەرپرسی کارگێری ریکخراوی باڵەکانی هیوا م لە ئەڵمانیا .

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

لەتەمەنی پانزەساڵییەوە حەزم کاری راگەیاندن بوو، ئەوەبوو لەساڵی ٢٠٠٠ دا لە تەلەفزیۆنی کوردستان دەستم بەکارکردن کرد.

## پرۆفایل

ناو: هەیفا ساڵح قادر

رەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: خێزاندارم خاوەن ٣منداڵم ٢کورو ١کچ

ئاستی خوێندەواری: دەرچووی دواناوەندی

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر





### خۆشترین ١٠ گۆرانی بە رای تۆ:

١- عەدنان کەریم: لەو رۆژەوە تۆی دیوە
٢- مەرزیە فەریقی: شەش پەپولەکە
٣-شەهێن تاڵەبانی : ئەتۆ جوانی
٤-حەسەن زیرەک : دەچمە سەر ناڵە شکێنێ
٥- هەمووگۆرانیەکانی شڤان پەروەر
٦-ئەردەڵان بەکر : زۆر دەترسم
٧-ئەحمەد شەماڵ : ئەوا پیربووم سەرەی مردنمە
٨-ابراهیم تاتلیس : نەمەجنوون
٩- ئوم کەلسوم : نسیتن نۆم
١٠-پەیوەند جاف: بێدەنگی



### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

دایکم خۆشەویسترین کەسمە



www.netewe.com



## هۆزان جانێ بۆ وارڤین:

# زۆر جار دڵم شکاوە

ئامەد

هونەرمەند هۆزان جانێ، لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ وارڤین، ئاشکرای دەکات کە لە١١ ساڵیدا شـووی کـردووە. هـۆزان، دەڵێت کچێکی هەیەو نایشارێتەوە کە پاش جیابوونەوە لەمێردەکەی کەوتووەتە ژێر هەڕەشەی بنەماڵەکەی و دواتر لەپێناو بەدەستهێنانی ئـازادی خـۆیدا ماڵی بەجێهێشتووە. ئەو ئاستەنگانەی کە هاتوونەتە سەر رێی هیچکات (جانێ)یان لە پێشکەوتن دوورنەخستووەتەوەو وەک گۆرانیبێژێک درێژەی بە کارەکەی داوە.

وارڤین: سەرەتا چۆن دەستت بەکاری هونەری کرد؟

هـۆزان جانێ: زۆر حەزم لەکاری هونەری بوو. کاتێک منداڵ بووم لەگوند زۆر گوێم لەرادیۆی یەریڤان دەگـرت. چونکە خەڵکی سەرحەدم و لەدەڤەرەکەمان هەمیشە گوێ لەرادیۆ یەریڤان دەگیرا. ئەو دەنگ و ئاوازانەی کە لەو رادیۆیەوە بڵاودەبوونەوە، وەک خولیایەک کەوتنە مێشکم و عەشقی هونەریان خستە دڵم. خەڵکی سەرحەد، دەنگیان زۆر خۆشە. لەهەرێمەکەی ئێمەدا گۆرانیبێژ شاکیرۆ، زۆر خۆشەویست بوو. شاکیرۆ، دەهاتە کۆشک و قاوەخانەکان و لەناو جەماعەتی میرو بەگەکاندا گۆرانی دەگوت. شاکیرۆ، کاریگەرییەکی زۆر گـەورەی لەسەر من دانا. دەتوانم بڵێم من ٩٩٪ـی هونەرەکەمم لە شاکیرۆ، وەرگرتووە. بەڵام پێویستە مرۆڤ کاریگەری دەنگی مەریەم خان و ئایشێ شانیش، لەبیر نەکات.

وارڤین: لەچەند ساڵیدا دەستت بەکاری هونەری کرد؟

هـۆزان جانێ: لەمنداڵییەوە لەگوند لـەداوەت و زەمـاوەنـدەکـانـدا گۆرانیم دەگـوت. بـەڵام نە بەشێوەیەکی پیشەیی و پێشکەوتوو و وەک هونەرمەندێک. من لەداوەتەکاندا دەستی پیاوانم دەگرت و گۆرانیم بۆ دەگوتن.

وارڤین: کاتێک دەستت بە هونەر کرد بنەماڵەکەت هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست کردی؟

هۆزان جانێ: کێشە چییە؟ بپرسە تۆ چۆن لەمردن گەڕایەوە. خەڵکی سەرحەد، زۆر لەژێر کاریگەری ئایین و سیستەمی ئاغایەتیدا ماونەتەوە. لەبەر ئەوەش ژنانی سەرحەد، زۆر توشی کێشە دەبن. بـەڵام هونەرمەند کێشەی زیاتری بۆ دروست دەبێت. مام و خاڵەکانم لەو ڕۆژەوە کە دەستم بەهونەر کرد قسەیان لەگەڵ نەکردووم. گەنجە تازە پێگەیشتووەکان باشن. مامەکانم تا مردیشن قسەیان لەگەڵدا نەدەکردم. کە مردیشن من نەچوومە سەر گۆڕەکانیان.

وارڤین: هۆزان ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی بووەتەوە؟

هـۆزان جانێ: لێدانم نـەخـواردووە، بـەڵام لەناو بـنـەمـاڵـەدا ڕووبـەڕووی کێشەگەلی فـــرەوان بوومەتەوە.

چونکە هونەرمەندیان وەک یاخییەک ئەژمار دەکرد و پێیان قبووڵ نەدەکرا.

توندوتیژی جەستەییم بەرامبەر نەکراوە. چونکە لای بنەماڵەکەم نەمامەوەو بەناچاری لێیان جیابوومەوە بـەڵام خەمی زۆرم خـواردووەو زۆرجاریش دڵم شکاوە.



لەتەمەنی ١١ ساڵیدا هاوسەرگیریم کرد، لە ١٤ ساڵیدا هەوێم بەسەر هات

وارڤین: چۆن دڵشکاندنێک؟

هۆزان جانێ: لەتەمەنی ١١ ساڵیدا هاوسەرگیریم کـرد، لە ١٤ ساڵیدا هەوێم بەسەر هـات، بۆیە لەهاوسەرەکەم جیابوومەوە. کاتێک مرۆڤ سەیری ژنی کورد دەکات، توانا و هێزێکی گەورە دەبینێت. ژنان خۆیان ئازادی خۆیان بەدەست دێنن. کەس نایەت و ئازادی بخاتە ناو لەپی دەستیان.

وارڤین: تۆ لێی جیابوویتەوە؟

هۆزان جانێ: بەڵێ.

وارڤین: ئەی دوای ئەوە؟

هۆزان جانێ: پاش ئەوە ٣ ڕێگا لەبەردەممدا بوو. یەکەمیان ئەوەبوو کە ببمە کۆیلەی هەتاهەتایی، واتە کۆیلەی مێرد و بنەماڵە. لەلایەک بڕیاری کوشتنم بوو. ڕێگەیەکی تریش ئەوە بوو کە دەبوایە لەماڵ دەربچم و خاوەندارێتی لەئازادی خۆم بکەم. من ڕێگەی دواییم هەڵبژارد. لەماڵ دەرچووم و ئازادی خۆمم بەدەست هێنا.

وارڤـین: کاتێک لەماڵ دەچــووی بـەرەو کوێ چووی؟

هۆزان جانێ: کاتێک لەمێردەکەم جیابوومەوە، چوومە ئەدەنە بۆ لای براکەم. هێشتا تازە قۆناغی ناوەندیم تـەواو کردبوو. پاشان لەئەستەنبوڵ کۆلیژی هونەری (عارف ساغ)م، تەواو کرد.

وارڤـین: بـراکـەت هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردی؟

هۆزان جانێ: نە. برا و خوشکەکان و دایکم هەرگیز کێشەیان بۆ دروست نەکردم و بەپێچەوانەوە هەمیشە پشتگیری و هاریکارییان کردم.

وارڤین:کچەکەت لای تۆ گەورە بوو؟

هۆزان جانێ: تا تەمەنی یانزە ساڵان لەلای دایکم بوو. دوای ئەوە هێنامە لای خۆم. ئێستا کچەکەم لەئەڵمانیایەو قوتابی کۆلێژی پزیشکییە.

وارڤین: خۆت بە پێشەنگێک دەزانیت بۆ ژنانی کورد؟

هـۆزان جانێ: بۆ ئـەوەی ژنانی کـورد بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن، کەسانی وەک ئێمە نموونەگەلێکی زۆر باشن. ژنی کورد لەکوێ دەبێت با ببێت، بەڵام دەبێت خاوەندارێتی لەئازادی و فیکر و تێڕامانەکانی خۆی بکات.

وارڤین: با هەندێ باسی شێوازی موزیکی تۆ بکەین. ماوەیەکە ستایلی موزیکی خۆتت گۆڕیوە؟

هـۆزان جانێ: نە. مـرۆڤ ناتوانێت بـەوە بڵێت گـۆڕیـن. لایەنگرانم زیاتر گوێگرانی کلاسیکن و فولکلۆرن. بەڵام من کلامێکم بەناوی "نا نا" پێشکەشی گەنجان کرد. بۆ ئەوەی گەنجانیش حەز لە گۆرانییەکانم بکەن. بەڵام ئەگەر من ئەلبومێکی

www.netewe.com

گۆرانی دەربکەم دیسان هەر گۆرانی فۆلکلۆر دەڵێمەوەو هەرگیز ستایلی خۆم ناگۆڕم.

وارڤین: لەکاتی گۆرانی گوتندا قورگت پێش موزیک دەکەوێت. ئەوە چ کاریگەرییەک لەسەر هونەرەکەت دەکات؟

هۆزان جانێ: کاریگەرییەکی باش دەکات. چونکە دەنگم دەنگێکی ئۆتانیکە، دەنگێکی سەرحەدییە. لەگۆڕەپانی نێونەتەوەییدا لەفەرەنسا دەنگی من، دەنگی هەرە کوردی و پیرۆز دەرچوو و خەڵاتیشم وەرگرت. من نامەوێت ئەو دەنگە رەسەنە کوردییە بگۆڕم. قورگێکی باش لەپشتەوەی دەنگی منە. رەنگە دەنگم زۆر خۆش نەبێت، بەڵام قورگێکی باشم هەیە.

وارڤین: خۆت شیعری گۆرانییەکانت دادەنێیت. یان بۆت دادەنێن؟

هۆزان جانێ: تەواوی گۆرانییەکانم گەلەرین. بەڵام ٤٥٪ـیان گۆرانی و ئاواز و موزیکی خۆمن.

وارڤین: لەبەر هونەری کوردی تۆ بەرەورووی هێرشی دەوڵەتیش بوویتەوە. ئەو رۆژانەی هێرشت دەکرایە سەر چۆن بوون؟

هۆزان جانێ: ئەگەر لەهەرێمی سەرحەد، ژنێک سەربەخۆبێت و ببێتە هونەرمەند، گیروگرفتی زۆر گەورەی بۆ دێتە پێش. بەڵام من گەورەترین ئازارم لەدەوڵەت بینی. لەساڵی ١٩٩٢دا ٨ مانگ لەگرتووخانەی وان زیندانی کرام. لەمانگی کۆتایی ١٩٩٢دا لەبەر دەرگای ماڵی خۆمان کە لەکۆبوونەوەی دەپ (پارتی دیموکراتی و رەنج) بەرەو ماڵی خۆمان دەگەڕاینەوە، دەستڕێژیان لێکردم و بریندار بووم. پاش ئەو رووداوە ناچاربووم برۆمە دەرەوەی وڵات و تائێستاش لەدەرەوە دەژیم.



کورد قوربانی زۆر گەورەی داوە. ئەو قوربانییەی کە کورد داویەتی، هیچ نەتەوەیەک لەمێژووی جیهاندا نەیداوە. هیوادارم ئاشتی دروست بێت و باڵ بەسەر هەر چوار پارچەی کوردستاندا بکێشێت.

وارڤین: رەوشی سیاسی کورد چۆن دەبینیت؟

هۆزان جانێ: ئەوەی کە زۆر لەلای من گرنگەو پێمخۆشە ئەوەیە کە سەرۆک و رێبەرانی کورد یەکیان گرتووە. ئاڵای کوردستان و هەزر و بۆچوونەکانی کورد لەبواری نەتەوەییدا بووەتە یەک.

وارڤین: لەئاهەنگی پێشوازی هەر دوو گرووپی ئاشتی کە لەقەندیل و مەخموورەوە هاتبوونەوە، بەشداریت کرد، هەستت بەچی کرد؟

هۆزان جانێ: من ئەو رۆژە مێژووییەم بەچاوی خۆم بینی. لەدەرەوەی وڵاتەوە بەتایبەتی بۆ پێشوازیکردنیان گەڕامەوە. بەدڵێکی بەجۆش و کوڵەوە پێشوازیم لێکردن. من یەکێک بووم لەنێو ئەو هەزاران کەسەدا کە پێشوازییان لێکردن.

وارڤین: ئامەدت چۆن بینی حەزت پێکرد؟

هۆزان جانێ: ئامەد زۆر خۆشە. ئامەد لەلای من لەهەموو شارەکانی ئەورووپا جوانتر و شیرینترە.

من هەمیشە هیوادار بووم کە رۆژێک لەرۆژان سەردانی گەلی ئامەد بکەم. بەڵام خودا کاتی هاتنەوەی گرووپەکانی ئاشتی کردە قسمەت. لەگەڵ گەلەک لەهونەرمەنداندا چووم سەر شانۆ و بۆ ئەو هەزاران کەسە گۆرانیمان گوت. ئەو رۆژە مێژوویییەم قەت لەبیر ناچێتەوە.

وارڤین: پێموایە هۆگرێکی زۆرت لەئامەد هەبێت؟

هۆزان جانێ: گەلی کورد هونەرمەندانی خۆیان دەناسن و دەزانن چۆن خۆشیان بوێن. پێشتر هونەرمەندانی کورد رێزیان لێ نەدەگیرا. وەک موتریب حیسابیان بۆ دەکرا، بەڵام ئێستا وا نییە. ئێستا هونەر ناسنامەیە، ئیرادەی زمان و فەرهەنگی کوردە. مرۆڤێک کە رێز لەهونەر و کەلتووری خۆی نەگرێت، ناتوانێت رێز لەهەبوونی خۆی بگرێت.



دیلان سەولەدار

## پرۆفایل



لە ساڵی ١٩٦٩ لەناوچەی قەرەیازیای شاری ئەرزروم لەدایکبووە.

قوتابخانەی سەرەتایی لەو ناوچەیە خوێندووەو ناوەندیشی لە ئەدەنە تەواو کردووە.

کۆلێژی هونەری عاریف ساغی تەواو کردووە.

لە فارقین لەلای هونەرمەندان شیار و کازم بۆرا، بۆ ماوەی ٣ ساڵ دەرسی دەنگ و گۆرانی گوتنی خوێندووە.

تائێستا بەرهەمگەلی وەک"رێ وایە، لێ لێ لێ دایە"، "هەزانا کورد"، "عەشقێ وەڵات" و "وەزیرێ من ێ" بەرهەمهێناوە. کلیپێکی بۆ کچە گەریلای پەکەکە (دەلیلا) کە بەدەستی سوپای تورکیا گیانی لەدەستدا، دروست کردووە.

www.netewe.com

# پاولۆ کۆیلۆ



ئێوە ناویتان بیستووە؟ نووسەری بەرازیلی ناودار، کە ئێستا بەملیۆنان دانە لەکتێبەکانی دێنە فرۆشتن. من دەمێکە چاودێری بەرهەمەکانیم. لەهەردوو مانگی رابـــردوودا، دوو کتێبی ئەو نووسەرەم خوێندەوە، دوو کتێب کە لەمێژە بەدوویاندا دەگەڕێم. یەکێک لەکتێبەکان وتارگەلی ئەون و بۆ رۆژنامە بەنێوبانگەکانی نووسیوە. ناوی کتێبەکە"وەکو رووبـاری نەوەستاو"ە، بێگومان مەبەستی نووسەر ژیانە. ژیانی ئێمە هەموومان کە وەکو رووبارێک دەڕوات. دووەمین کتێبی"کیمیاگەر" لەنێو کتێبەکانیدا بەنێوبانگترینیانە.

کتێبەکە ساڵی ١٩٨٨ چاپ بووە. هەتا ئێستا لە ٧٤ وڵات بڵاوکراوەتەوەو زۆرتر لە ٤٠ ملیۆنی لێ فرۆشراوە. کتێبەکە بەزمانی پورتوگالی نووسراوە. بەڵام بۆ زیاتر لە ٦٠ زمان وەرگێڕدراوە. ئەو کتێبەیە کە زۆرترین وەرگێڕانی بۆ کراوە. دەمەویست بەزمانێک بیخوێنمەوە نزیکی زمانی پورتوگالی بێت. بۆیە لەوەرگێڕدراوە ئیسپانییەکەی دەگەڕام.

ئیمساڵ لەپێشانگای نێونەتەوەیی کتێب لەفرانکفۆرت کتێبەکەم لەبەشی ئیسپانی بینی. چاوم روون بووەوەو بەهێواشی دەستێکم پێدا هێنا. وەکو کتێبێکی پیرۆز دەستم دایەو بردمە کن ئەو خانمەی لەو بەشەدا کاری دەکرد، پرسیم نرخەکەی چەندە. خانمەکە تەماشای کردم و گوتی لەم پێشانگایەدا ئێمە کتێب نافرۆشین. دوا رۆژی پێشانگاکە وەکو دیاری دەیدەین بەمیوانەکان. ئەگەر ئەو رۆژە بێیەوە پێشکەشت دەکەم.

پێمگوت ماڵم دووسەد کیلۆمەتر لێرەوە دوورەو ناتوانم بێمەوە. دڵی پێم سووتاو بەزەردەخەنەوە بەمنی گوت:"با پێشکەشی تۆ بێت".

کتێبەکەی خۆمم خستە جانتاکەمەوەو بۆی دەرچووم. بەڵام کەی و چۆن بیخوێنمەوە؟ لەماڵ سەختە، لەبەرئەوەی کوڕەکەم بوار نادات. لەناو شەمەندەفەڕدا لەسەر رێگەی کار خوێندمەوە. دۆشدامام کاتێک زۆر لایەنی خۆمم لەناوەڕۆکی کتێبەکەدا بینی. کتێبەکە لەسەر یەک بیرۆکە بنیاتنراوە، ئەویش"کاتێک تۆ شتێک دەخوازی، پێویستە بەتەواوی و لەتەواوی هێزی خۆتەوە بیخوازیت". دەبێ تۆ لەسەر رێگای ئامانجی خۆت هیچ ئاستەنگێک راتنەگرێت.

ئەو دەمە هەموو دنیا پشتگیری تۆ دەکەن بۆ ئەوەی بگەیت بەئامانجەکەت.

دەمێکە من ئەمەم بۆ خۆم کردووە بەفەلسەفەی ژیان. کاتێک من شتێکم دەوێ و بڕیاری بۆ دەدەم، ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێ پێشم لێ بگرێت.

تاقی بکەنەوە، ئێوەیش سوودێکی گەورە لەم شێوەیەی نزیکبوونەوە لەژیان وەربگرن. بەڵام دەبێ ئامانجی مرۆڤ زۆر روون بێت و بەڕاستی مرۆڤ بخوازێت ئەو ئامانجانە بپێکێت.

با بێینە سەر پاولۆ کۆیلۆ. ئەو مرۆڤەی کتێبەکانی وەکو نان و ئاو دێنە فرۆشتن. ساڵی ١٩٤٧ لە بەرازیل، لەشاری ریۆ دو جانێرۆ هاتۆتە دنیاوە. ژیانێکی تێکەڵوپێکەڵی هەبووە. پاشان بووە بەدەرهێنەری شانۆ. هاوکات ئەکتەر بووەو هەڵبەستی گۆرانی بۆ سترانبێژانی ناوداری وەکو"ئەلیس رەگینا و ریتا لێ"یش بووە بەکاری.

پاشان هێدی هێدی رووی لەئەدەبیات کردوو و دەستی داوەتە نووسینی رۆمان. ئەو رۆمانەی ئێمە باسی لێدەکەین رۆمانی سێیەمێتی. لەفرۆشتنی رۆمانی سێیەمینی دا مرۆڤ لیستەی فرۆشتن بەراورد بکات بۆی ئاشکرا دەبێت کە ئەوە شتێکی کەم نییەو داهاتی هەموو نووسەرێکیش نییە.

"کیمیاگەر" لە سی وڵاتدا لەفێرگەکاندا دەخوێندرێت. نووسەری کتێبەکە لەدیدارێکدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئیتر حیسابی داهات و دەسکەوتی کتێبەکە نازانێت. بەڵام وای بۆدەچێت کە بتوانێ ٥٠٠ ساڵ پێی بژی.

ئەو هاوکات ئەندامی گەلێ رێکخراوی نێونەتەوەیی ئەدەبیاتەو نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ کاری ئاشتی.

"کیمیاگەر" پەیدا بکەن و بیخوێننەوە، ژیانتان دەگۆڕێت.

هێڤیدار زانا

# له یادی دەنگێکی دڵکێش دا

سیروان ڕەحیم

ئیمشەو درەنگ، لەشاشەی یەکێک لەتەلەفزیۆنە کوردییەکانەوە تەماشای دیمەنی وڵاتم دەکرد کە دەنگی تۆی لە ژێردا دانرابوو. کۆمەڵێ یادی ڕەنگاوڕەنگ هەژاندمیان و جارێکی تریش دەستەوەستانیی مرۆڤم بەقوڵی بەناخدا تێپەڕی، مرۆڤ ئەم بوونەوەرەی مەرگ نەبێت بەهیچ شتێک زەوت ناکرێ. مەرگ، دەبێ کەی لەنهێنی گەورەی مەرگ تێبگەین؟ مەرگ ئەو کردەیە نەک ئێمەی مرۆڤ بەڵکو هەموو گیانلەبەرانی دی لەبەردەمیدا دەستەوەستان و کەی ئەو گەرەکی بێت دەبێ خۆ بەدەستەوە بدەن.

خانمی هێژا، هەموو بوونم گوێیان بۆ دەنگی دڵبزوێنی تۆ ڕادێرابوو، دەمویست تا بەری بەیان لەگەڵ بۆنوبەرامەی دەنگتدا سەما بکەم و تا کازیوە لەناو خورەی ئاوازەکانتدا مەلەی شادمانی بەگیانم بکەم. ئەی دەنگە نەمرەکە بۆ وا زوو ماڵئاواییت لێمان کرد. ئەی گوڵەباغی هەمیشە گەشی ناو باغگەلی ستران و ئاوازی کوردی، ئێستا من هەر گوهداری دەنگت ناکەم، بەڵکو وەکو شتێک بڵێی تارماییەکی فریشتە ئاسای تۆیە بەدیار سەرمەوە لەفڕینی بەردەوامدایەو دانابەزێ و زەوت ناکرێ تا بیکەمە ئامێزی میهر و وەفا. باوەشم بە پەڕیی ستران و لاوکەکانتدا کردووە، باوەشێک کە حەز و ویستێک بوو، تۆ دەتویست ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو حەز و ویستە بژێت، بەڵام مەخابن وەکو زۆر حەز و ویستی ترت، ئەم ئارەزووەیشت بردە بن گڵەوە.

عایشە شانی خاتوونی گۆرانی و سترانی ئێمە، لەخەباتی پیرۆزی خۆیدا لەچەندین داو و لەچەندین ڕێبەند یاخی ببوو. بۆ ئەوی ژن، بۆ ئەوی شاجوان گۆرانی گوتن هەڵگەڕانەوە بوو لە کۆمەڵێ یاساو لەکۆمەڵێ ڕێسا کە دەستلێدانیان یاری کردن بوو بەئاگر. سەرباری ئەمەیش بۆ ئەو گۆرانی گوتن بە کوردی دژوار بوو، لەدەوڵەتێکدا کە قەدەغەکردن و تواندنەوەی زمانی کوردی کردووە بەیەکێک لەبنەماکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و بەئاوایەکی سیستەماتیک هەوڵی تواندنەوەی ئەو زمانە دەدات، فرە دژوارە. جگە لەمانەیش سەرهەڵگرتن و دابڕان لەکەسوکار و ڕووکردنە شارێکی جەنجاڵی وەکو ئیستەنبوڵ، تاکو بۆ حەز و ئامانجێک کار بکات و گۆرانی بڵێ.

ئایا دەبێ گۆرانی گوتن ئەو تاوانە بێت کە ژنێک هەموو ئەم باجە قورس و زۆرانەی بۆ بدات؟

گەڵۆ دەبێ ڕۆژێک لە ڕۆژان هونەرمەندانی تورک و سەندیکای هونەرمەندانی تورک زۆر لەدەوڵەتەکەیان بکەن داوا لە گیانی خاتوو شان و دەیانی وەکو ئەو بکەن بیانبەخشن و لێیانببوورن و گەردەنیان ئازا بکەن؟

بەبڕوای خۆم ئەمە خەیاڵێکی شاعیرانەیە، یان ئەگەر بشبێت ئەوا سەدان ساڵی تر دەخوازێت تاکو هزراندنی سیاسەتمەدارانی تورک بگۆڕێت، تاکو نەک هەر گەلی کورد، بەڵکو بەشێوازێکی شایان ڕێز لەگەلانی دەوروبەری خۆیان بگرن.

خاتوو شان، دەیتوانی خۆ لەئاقاری هەموو ئەم مەترسییانە نەدات و هەر بەگۆرانی وەکو "شابانوویەک" لە ترکیا بژی. ئەو دەیتوانی و هەڵێکی "زێڕین"ی بۆ هەڵکەوتبوو، بەڵام نەیکرد. ئەو خانمە دەنگخۆش و نەشمیلە تەنها زمانی ترکی بکردایە بەزمانی هونەر و سترانچڕینی خۆی، ئێتر مینا شازادە دەژیا. بەڵام ئەو نەیکرد، بەم کارەی بەرووی ئەو هەوڵانەدا وەستایەوە کە ساڵانێک بوو بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی چالاکانە لەکاردا بوون. ئەو دەنگ و سەدای خەبات و یاخیبوون بوو لەدژی ئەو نەژادپەرستانەی زمان و چاندی کوردیان لەناو دەبرد. بەڵام ئەفسووس تاکو ئێستا گەلەکەی ئاوڕی ڕێز و وەفایان لێنەداوەتەوە.

وەڵا تە ناگرم، باقۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەڵا ئەز ناکشینم
ژنێن وی دودویە
چاڤێ وی برچییە
وەڵا تە ناگرم، باقۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەڵا ئەز ناکشینم
ژنێن وی چارن
ب دۆست و یارن
وەڵا تە ناگرم، باقۆ تە ناگرم
دەردێ هەوییێ وەڵا ئەز ناکشینم

ڕیپۆرتاژێک کە تانوپۆی هێشتا لە یادەوەریمدا ماوەتەوە.

لەگەڵ شاندا بەدووروردرێژی قسەمان لەبارەی گەلێ شتەوە کرد و ڕیپۆرتاژێکی فراوانم لەگەڵدا ساز کرد، گەلێ وێنەی جوانمان گرت. ئەوە دروست نەورۆزی ساڵی ١٩٩٤ بوو، لەشاری ئزمیر (ترکیا). بەڵام بەداخەوە وێنەکان لەپۆستدا کە لەترکیاوە بەرەو کەرکووک ناردمنەوە ونبوون و ڕیپۆرتاژەکەیش هەر پێمبوو لەهێرشی پۆلیسی بەلژیک دا بۆ سەر ناوەندی مەد تێڤێ لە ١٨/٩/١٩٩٦ دا سەری تیا چوو و هەرگیز نەمبینییەوە.

لەو ڕیپۆرتاژەدا باسی زۆر لایەنی جۆراوجۆری ژیان و بەسەرهاتی هونەری شان کرابوو، من لەزمانی خۆیەوە گوهداریم کردبوو و نوسیبوومنەوە. بەڵام مەخابن فەوتاو دەستکەوتنەوەی مەحاڵە. هەرچەندم کرد و کۆششم هەرچەندێ بەخانەنووستوەکانی یادەوەریمدا گەڕام زۆر شتی ئەو ڕیپۆرتاژەی تێدا نەمابوو، دیارە زۆر نابەجێیشە ئەگەر لەخۆمەوە چیرۆکێک دروست بکەم و بەناوی ڕیپۆرتاژەوە بڵاوی بکەمەوە. بۆیە ئەم چەند پەیڤ و هەڤۆکانە کە لەحەزکردن و ڕێزێکی بێ ئەندازەوە بۆ شان سەرچاوە دەگرن کردمن بەتانوپۆی یادی لەنزیکەوە ناسینی ئەو دەنگ و ڕەنگە ئاسمانییەی ستران و هونەری کوردستان. ئەو دایکەی زۆر جاران بە لاوک و بە سترانەکانی هەست و گیانی زۆرێک لە

www.netewe.com




ئێمەی لاواندۆتەوە.

لەو دیدارەدا چەند شتێک مایەی نووسین بێت و هێڵەگشتیەکانیم بە بیردا بێت ئەمانەن:

تەماشای دەکەم، بەوردی گوێم بۆ هەڵخستووە، ئاخ هەڵدەکێشێت و دەڵێ:

"سیروان تۆ بڕوانە ترک لەتەلەفزیۆنەکانیانەوە هەموو گۆرانیەک، بەهەموو زمانێک بڵاودەکەنەوە، بەڵام بەزمانەکەی ئێمە نەک گۆرانی گوتن، بەڵکو هەموو شتێک قەدەغەیە".

خانمی شان هەروەها دەیگوت:

"کتێبێکم بەم ناونیشانە (بەستە و ئاوازەکانی عایشە شان) بۆ چاپ ئامادە کردووە"، کتێبەکە دەبێ ئێستا لە کن کچەکەی بێت، بەڵام نازانم بۆ تاکو ئێستا چاپ نەکراوە.

دوا پەیوەندیم لەگەڵ خاتوو عایشە شاندا، پاییزی ساڵی ١٩٩٥ بوو، پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بوو، کاتێک بە دڵی خۆشەوە تەلەفۆنم بۆ ماڵی وی کرد لەشاری ئزمیر و بەنیازی گوهداری ئەو دەنگە بووم، بەڵام یاسەمینی کچی ئەو هەواڵە ناخۆشەی دامێ دایکی لە نەخۆشخانە کەوتووە. یاسەمین گوتی:

"دایکم گوتویە ژمارەی تەلەفۆنی نەخۆشخانەم بەهەموو کەس مەدە، بەڵام ئەو خۆی پێی گوتوم ئەگەر تۆ تەلەفۆنت کرد ژمارەکەتی بدەمێ". تەلەفۆنم بۆکرد بۆ نەخۆشخانە، بەمەبەستی ئەوەی بێتە برۆکسل و لەتەلەفزیۆنی مەد چەند بەرهەمێکی بۆ تۆمار بکرێت، بەڵام بەداخەوە نەهات، نەخۆشی ئەو و خەمساردی بەڕێوەبەرانی مەد تێڤی هۆکاری نەهاتنی وێ بوون. منیش خۆم ئەو دەمە هیچم بۆ نەدەکرا، هێشتا خۆم لەهەندەران مۆڵەتی مانەوەی هەمیشەییم وەرنەگرتبوو. ئەوە دوا هەوڵ و دوا پەیوەندیم بوو، پەیوەندی و هەوڵێکە ئاوێتە بەخەم و حەسرەتی جێبەجێ نەکردنی کارێکی پێویست. کە هەموو جار لەگەڵ خوڕەی ئەو دەنگەی بەسۆزەی شاندا بوون و دەروونم دەهەژێنن.

**وەڵا تە ناگرم، باڤۆ**
**تە ناگرم**
**دەردێ هەوییێ وەڵا**
**ئەز ناکشینم**
**ژنێن وی دودویە**
**چاڤێ وی برچییە**
**وەڵا تە ناگرم، باڤۆ**
**تە ناگرم**
**دەردێ هەوییێ وەڵا**
**ئەز ناکشینم**
**ژنێن وی چارن**
**ب دۆست و یارن**
**وەڵا تە ناگرم، باڤۆ**
**تە ناگرم**
**دەردێ هەوییێ وەڵا**
**ئەز ناکشینم**

www.netewe.com




نووسینی فیلم:
هــارالــد کـلـۆسـەر و
ڕۆڵاند ئیمیریچ

دەرهێنانی فیلم : ڕۆڵاند ئیمیریچ.

نواندن: جون کۆزاک ، ئاماندا بیت، دانی گلوفر ،
پاندی نیوتن ، اولیفر بـلات و وودی هارلسون.

وێنەگرتن : کۆمپانیای سینەمای کۆلۆمبیا بیکتشرز.

پیشاندنی ئەو فیلمە لە هۆلیود، بینەرێکی زۆری جیهانی بەدوای خۆی هێنان کە تێیدا ڕووداوەکـانـی بە جیاوازتر لەفیلمەکان، بە ئەگەری ڕوودانی کارەساتێک پیشاندەدا کە لە زستانی ساڵی ٢٠١٢، ژیانی هاووڵاتیان لەسەر گـۆی زەوی کۆتای پێدێت. . لـەو فیلمەدا مەترسیەکانی سەرژیانی هاووڵاتیان پیشاندەدرێت کە بەهۆی هەسارەو گڕکان و کارەساتی لافاو، خەڵک ڕووبـەڕووی گیان لەدەستدان دەبنەوە. کارەساتە سروشتیەکان، دیوێکی تری ئەو فیلمەیە کە هاووڵاتیان بەوهۆیەوە ژیانیان لەمەترسیدەبێت. لەگەڵ مەترسی فیلمەکە بۆسەر گـۆی زەوی، هەوڵدانی هاووڵاتیان پیشاندەدات کە چۆن هەوڵی خۆ ڕزگارکردن لەو کارەساتە دەدەن. ئەمەیش مانای ئەوەدەگەیەنێت ئەگەر مرۆڤ پێشوەختە پلانی بۆ خۆرزگارکردن لە ڕووداوەکان هەبێت ئەوا دەتوانێت لەژیاندا بەردەوامی هەبێت. فیلمەکە، لە نووسینی هەریەک لە هارالد کلۆسەر و (ڕۆڵاند ئیمیریچ)ـەو تێیدا (جون کۆزاک ، ئاماندا بیت، دانی گلوفر)



# کۆتایی ژیان

ئەکتەری به ناوبانگی بواری سینەمایی هۆلیوود رۆلی یەرەکیان لەو فیلمەدا بینییەوە.سەرچاوەی فیلمەکە، لەهەردوو پێشبینی گەلاّنی (مایا ی کۆن ) و ڕۆژ ژمێری ئەمریکای ناوەڕاست کە یەکەمیان پێشبینی کۆتایهاتنی ژیان لەسەر زەوی دەکات کە لە زستانی ساڵی ٢٠١٢ ئەو رووداوە دەستپێدەکات و دووهەمیشیان بەپێی رۆژ ژمیرەکەیان ٢٠١٢ کۆتایی چەرخی مێژوو دەبێت.

لەهەفتەی یەکەمدا داهاتی ئەم فیلمە لە سینەماکانی ویلاّیەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٦٥ ملیۆن دۆلاّر و لە ولاّتانی تری جیهانیشدا ٢٢٥ ملیۆن دۆلاّر بوو. ئەم فیلمە بەهۆی زۆری داهاتەوە لە هۆلیۆد، ریزبەندی یەکەمی بەدەستهێنا و لەسەر ئاستی (USBOX OFFICE) بۆ چەند هەفتەیەکی لەسەر یەک لە ریزبەندی فیلمەکانی ساڵی ٢٠٠٩ ی هۆلیوود بوو. بە گشتی ئەم فیلمە تا ئێستا، بڕی ١٤٠ ملیۆن دۆلاّر لە ئەمریکاو ٤٥١ ملیۆن دۆلاّر لەسەرانسەری جیهانی کۆکردووەتەوە کە داهاتەکەی نزیکەی ٥٩١ ملیۆن دۆلاّر دەبێت. بەمەش پێش فیلمی (the day after tomorrow) دەکەویت کەبڕی ٥٤٤ ملیۆن دۆلاّری کۆکردووەتەوە. فیلمی ٢٠١٢، لەساڵی ٢٠٠٩ ریزبەندی چوارەمی هەیەو لەسەر ئاستی هەموو فیلمەکانی حیهانیش ریزبەندی٤٧ ـی هەیە.

# ژن، ئافرەت، خانم



**بەهرە حەمەڕەش**

سالآنیکە خەڵکێک نان بەمەسەلەکانی ژنانەوە دەخۆن و لەسەر حیسابی کارکردن بۆ پرسەکانی ژنان دەوڵەمەند بوون، بێ ئەوەی تۆزقاڵێک کاریگەرییان لەسەر ژیانی ژنانی کوردستان هەبێت. پرسەکانی ئافرەتانیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و سالآنە دەیان کۆنفرانسی گەورەی نان خواردن و پارە خەرجکردنیان کردووە. زیادەڕۆیی نییە، ئەگەر بلێین مانەوەی ئەو باردودۆخە ناجێگیرە تاڕادەیەک لەبەرژەوەندیی ئەواندا بووە، هەر بۆیەش ئەو هەولآنەی لەمەڕ مەسەلەکانی ژنان دەدرێن وێڕای پلآنەکانی حکوومەتیش، هەمیشە هەوڵی لاواز و بێ ئەنجامی کاریگەرو دڵخۆشکەر نەبوون. بەپێی ئامارێک هەزارو پێنج سەد ڕێکخراو لەکوردستاندا هەن کە بودجەی مانگانەیان لە یەک ملیۆن تا بیست ملیۆن دینارە. هەوڵ و کارەکانانی هەموانیش دیارەو پێویست بە ئاماژەکردن ناکات. هاوکات لەگەڵ بوونی هەموو ئەو ڕێکخراوانەش ڕێژەی بەشداربوونی ژن لەکابینەی شەشی حکوومەتدا تەنیا یەک وەزیری ژنە! بەپێی قسەکانی سەرۆکی حکوومەت لە پۆستەکانی تردا ”قەرەبووی دەکاتەوە“ بەڵام تا ئێستاو تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر پێکهاتنی کابینەی شەشدا، شێوازی قەرەبووکردنەوەکە دیارنییە! ڕێکخراوەکان و هەندێ لە بەناو چالاکوانانی بواری ژنانیش تەنیا لەخەمی پێگەو پۆست پەیاکردن بۆ خۆیانن، بۆیە نایانەوێت قسەیەک بکەن کە دڵی بەرپرسان و کاربەدەستانییان لێ بڕەنجێت، نەبا کار لە پۆستەکانیان بکات. لە کابینەی پێنجدا وەزیرێکی هەرێم، بێ بودجەو دەسەڵاتی ماددی و مرۆیی و بارەگا، بۆ کاروباری ژنان هەبوو، لە کابینەی شەشەمدا ئەویش نەما، گوایە ئەو ”کەلێنە“ بە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی باڵای خانمان، پڕدەکرێتەوە. کە وەک دیارە و تا ئێستاش بۆ ڕاوەرگرتن و دانانی کارنامەی ئەو ڕێکخراوە، گرنگی سەرەکی بەڕای هەردوو ڕێکخراوی باڵادەستی یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی ژنانی کوردستان دراوە، کە تا ئێستا بڕیاری حیزب لەسەر هەردوو ڕێکخراو زاڵەو نەیاتوانیووە سەربەخۆیانەو دوور لەبەرژەوەندی تاکڕەوی حیزبی بڕیار لەمەڕ مەسەلەکانی ژنان بدەن. بەداخەوە هەردوو ڕێکخراو تا ئێستا لەسەر زاراوەی ” ژن و ئافرەت“ ناکۆکن و بەپێی زانیارییەکانیش هەر بۆ پێکهاتنی ئەو دوو ڕێکخراوە ناوەکە بووەتە ”ئەنجوومەنی خانمان“ سەرچاوەی ناکۆکییەکەش بۆجیاکردنەوەو دابەشکردنی زاراوەکان لەسەر دەزگاو دامەزراوەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار دەگەڕێتەوە. بۆیە پێموانییە، ژنانی کوردستان دڵیان بەئەنجوومەن و ڕێکخراوێک خۆش بێت کە تائێستا ناکۆکییان لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی ” ژن و ئافرەت“ هەیە. ئەگەر مەبەستی سەرۆکی حکوومەتیش لە دامەزراندنی ئەو ئەنجوومەنە تەنیا ”کەلێن پڕکردنەوە“ نییەو لەخەمی بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ژنان و چارەسەرکردنی پرسەکانیانە، پێویستە چاوێک بە هەموو ئەو کارو پڕۆژانەدا بخشێنێتەوە کە لەرابردوو و کابینەی پێشتردا بۆ پرسەکانی ژن کراون و هەموو ئەو کەسانەش کە لەسەر حیسابی مەسەلەکانی ژنان، خۆیان دەوڵەمەندکرد و بەرژەوەندییەکانی ژنانیان کردووەتە قوربانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانییان. بخرێنە دەرەوەی بازنەی کاری ئەو ئەنجوومەنەو دوور لەکاری تەسکی حیزبایەتی و خێڵایەتی کار بۆ پرسەکانی ژنان بکرێت و ئیتر مەسەلەکانی ژن نەکرێتە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسی و کەسییەکان. بۆ کارکردنێکی جیاوازو باشکردنی ڕەوشی ژنان پێویستە سەرۆکی حکوومەت، لە دەزگاکانی پۆلیس و قەزاوە دەست پێبکات و کەسانێک دوور بخاتەوە، یاخوود خولی تایبەت بۆ پیاوانی ئەو دوو بوارە گرنگە بکاتەوە کە باوەڕیان بەمەسەلەکانی ژنان نییە و کاریگەری ڕاستەوخۆشیان لەسەر پرسەکانی ژنان و خواردنی مافەکانییان هەیە. وێڕای هەموو ئەوانەش دەبێت ئەو ڕێکخراو و کەسایەتییانەی کە بۆ ”گەڵاڵەکردنی بیرۆکەو کارنامەیەکی گونجاو“ چەندین کۆبوونەوەو ۆرکشۆپیان بۆ دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای خانمان ئەنجامدا، بزانن کە وشەی ” خانم“ ئاوەڵناوەو ناو نییە!!؟

www.netewe.com